# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥١
چوارشەممە
٢٠١٠/٩/٢٩
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


## کەس بەدۆی خۆی نالێت ترشە

5

# پۆلیس کۆنترۆڵی دەستدرێژی خێزانێکی کوردی پێناکرێت

## لەبەرانبەر تەڵاقدانیدا داوای ٤٠ هەزار دۆلار دەکەن

تایبەت بەدەستوور

خێزانێکی کورد پاش ئەوەی کچی خێزانێکی عەرەبی ئاوارە بۆ کوڕەکەیان دەخوازن، کێشە دەکەوێتە نێوان کوڕو کچەکەوەو براکانی کوڕەکەش منداڵی بووکەکەیان لەباردەبەن، چەندجارێکیش لەبووکەکەو دایکو خوشکێکی دەدەن، داوای چل هەزار دۆلاریش دەکەن لەبەرانبەر تەڵاقدانی کچەکەدا.

دوای ئەوەی خێزانی نەبا عەبدولحەمید چوار ساڵ لەمەوبەر بەهۆی توندوتیژییەکانی بەغدادەوە بەرەو هەرێم هەڵدێنو لەسلێمانی دەگیرسێنەوە، لەگەڵ خێزانێکی کورد ئاشنادەبنو پاش ماوەیەک نەبا شوو بەکوڕی خێزانە کوردەکە دەکات.

نەبا دەڵێت لەدوای سێ هەفتە لەشووکردنیدا تا ئەو رۆژەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ دەستووردا ئەنجامدا تاکەجاربوو کەسێ رۆژ لەسەر یەک دووربێت لەئازارو توندوتیژی مێردەکەی.

نەبا بەدەستووری وت "مێردەکەم بێ ئیش بووەو هیچ ئیشی نەکردووە، بەردەوام داوای پارەی لێمدەکرد، منیش ناچاربووم پارەی بدەمێ لەترسی لێدانو ئازاردانم، بۆیە دوای سێ هەفتە لەشووکردنم گەڕامەوە ماڵەوە، چونکە نەمدەتوانی بژیم لەگەڵیدا".

نەبا وتی "مێردەکەمو دوو برای لێیاندەدام، ئازارێکی زۆریان داموو منداڵەکەمیان لەباربرد".

کەریمە دایکی نەبا وتی "لەوکاتەوەی کچەکەم داوای جیابوونەوەی کردووە، هەموو رۆژێ دێتەسەرمانو پەنجەرەکانمان دەشکێنێتو لەسێ کچەکەمو خۆم دەدات".

کەریمە وتی "پێماندەڵێت بوختانی شەرەفتان بۆ دروستدەکەم، ئەگەر ژنەکەم نەدەنەوە، کەدەشیدەینەوە ئازاری دەدەنو لێی دەدەن".

بەپێی وتەی کەریمە تەقی دایکی نەبا، کچەکەی چەندانجار داوای تەڵاقی کردووە، بەڵام داوای ٤٠ هەزار دۆلار دەکەن لەبەرانبەر تەڵاقدانیدا.

کەریمە دەڵێت سەردانی ئاسایشو پۆلیسیان کردووە، بەڵام بەدەنگیانەوە نەهاتوون. وتی "شکاتدەکەین دەچین بۆلای پۆلیس زیندانی دەکەن، دەگیرێت بۆ نیو سەعات، ئێمە دێینە دەرەوە، ئەویش یەکسەر بەردەبێت".

کەریمەی دایکی نەبا وتی "چووین بۆ فولکەی خاڵە حاجی بۆ ماڵی باوکی (ف) بۆئەوەی لەگەڵ باوکی کوڕەکەدا قسەبکەم، بەڵام باوکەکە پێنج پیاوی بەردایە گیانمانو لێیاندایین، هەموو ئەو گەڕەکە شاهیدە".


لەوکاتەی لەفولکەی خاڵە حاجی خەڵکی ئەو ناوچەیە تەلەفونیانکردووە بۆ ١٠٤، بەڵام بنەماڵەی (ف) لەپۆلیسی ١٠٤یان داوە بەبۆکسو شەقو ئەوانیش نەیانتوانیوە هیچیان لەگەڵدا بکەن. هەرچەندە دواتر (ف) دەستگیرکراوە، بەڵام جارێکی تر ئازادکراوەتەوە.

رائید چیا مەحمود بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی بەختیاری لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە فەرمانی دادگامان جێبەجێکردووە، وتوویەتی دەستگیری بکەن، دەستگیرمانکردووە، ئازادی بکەن، ئازادمان کردووە، وەک پۆلیس ئەوەی لەسەر شانمانە کردوومانە".

موقەدەم سەرکەوت عومەر بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت "ئەرکی ئێمە تەنیا بەدواداچوونە بۆ ئەو کێشانەی رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، کێشەی ئەو خێزانەشمان رەوانەی دادگا کردووە".

.وردەکاری زیاتر لەراپۆرتێکدا لەلاپەڕە (١٢)دا بخوێنەرەوە





## بۆ ئەوەی بڵێین بەرهەم ساڵح پێی کرا، کردار شەرتە

16

# سکرتێری پارتی پارێزگاران سلێمانی بەجێهێشت

شۆڕش خالید

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەپارتی پارێزگارانی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ئاماژەی بەوەدا کە لەچەند رۆژی رابردوودا زەیدی عومەر ئاغای سورچی سکرتێری پارتی پارێزگارانی کوردستان سلێمانی بەجێهێشتووەو چووەتە سوریا، بەڵام نەجات عومەر ئاغای سورچی دەڵێت تەنیا بۆ سەفەر چووەو حیزبەکەش بەردەوامدەبێت.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەدەستووری وت "تەواوی ئەندامانی حیزب چوونەتەوە ماڵەوە بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە موچەیان وەرنەگرتووە، زۆرێک لەبارەگاکانیش داخراوەو زەیدیش ماوەیەکە سلێمانی بەجێهێشتووەو بەڕوونی نازانرێت دێتەوە یان نا، بەشێک لەمومتەلەکاتی حیزبەکەشی بردووە بۆ کێڵگەکەی خۆی لەنزیک فەرماندەیی".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کەبەرهەم ساڵح رازیبووە بەوەی مانگانە ٥٠ ملیۆن دینار وەکو بودجەی حیزبەکە بگێڕێتەوە، دوای ئەوەی ئەو بارەگایانەیان لەسلێمانی چۆڵکرد کەپارتی داوای کردبوو.

نەجات عومەر ئاغای سورچی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "حیزب وەکو خۆی ماوەو بەردەوامدەبین، کادرانیش دەوامی خۆیان دەکەن، تەنیا یەک بارەگاش ماوە لەو بارەگایانەی کەپارتی داوای کردووەو ئەویش بەزووترین کات چۆڵی دەکەین".

لەبارەی بودجەی حیزبەکەوە وتی "بەرهەم ساڵح بەڵێنی داوە بودجەکەمان بۆ بگەڕێنێتەوە، درێژە بەچالاکییەکانی حیزبەکە دەدەینەوە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کەزەید پێدەچێت نەگەڕێتەوە، بەڵام نەجات وتی "هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە سەفەر بکاتو ئەویش تەنیا بۆ سەفەر چووەو هیچی ترو دەگەڕێتەوە".

# "ئۆپۆزیسیۆن لەستراتیژیدا جیاوازی نییە لەگەڵ دەسەڵاتدا"

### ناسک ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ دەستوور

زانیار محەمەد

ناسک ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەستوور دەڵێت گۆڕان ناتوانێت بزووتنەوەی ناڕازیی خەڵکی کوردستان ئاراستەبکات، بەهۆی ئەوەی لەبنەڕەتدا بۆ هاوسەنگکردنەوەی تەرازووی هێز لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دروستبووە.

ناسک ئەحمەد وتی "گۆڕان لەتێکچوونی هاوسەنگی هێزی نێوان یەکێتیو پارتیو وردەوردە قودرەتمەندبوونی پارتی لەبەرانبەر یەکێتیدا نارەحەتو موخالیفە. دەیەوێت ئەم تەوازنە بگۆڕێت".


ناسک ئەحمەد بڕوایوایە بزووتنەوەی گۆڕان لەئەنجامی قەیرانو بێتوانایی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هاتووەتە ئاراوە، گەرەکیەتی بۆرژوازی کوردی لەقەیرانی ئێستای رزگاربکاتو هیچ پەیوەندییەکی بەباشکردنی هەلومەرجی ژیانو گوزەرانی خەڵکەوە نییە. وتی "بۆیە ئۆپۆزیسیۆن لەبەرنامەو دروشمەکانیو ستراتیژیدا جیاوازی نییە لەگەڵ خودی دەسەڵاتدا".

لەبارەی گۆڕینی سیستمی سیاسی هەرێمەوە، ناسک دەڵێت ناتوانرێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە سیستمی سیاسی لەکوردستاندا بگۆڕدرێت، بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردن لەژێر کۆنترۆڵی هێزی یەکێتیو پارتیدایە، بەو هۆیەشەوە هەمیشە ئەوان براوە دەبن. وتی "دەسەڵات لەکوردستاندا دەسەڵاتێکی میلشیاییە، وەک هەر مەیدانێکی تر، هێزی چەک ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دەبڕێنێتەوە".

دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە (٨)دا دەخوێنیتەوە



## ڕۆژنامەی دەستوور دۆسیەی کوردو ستەمکاری دەکاتەوە



ڕۆژنامەی دەستوور لەژمارەی داهاتووەوە دۆسیەیەکی تایبەت بەکوردو ستەمکاری دەکاتەوە.

"ژیان ئەوە نییە کە تێیداین، بەڵکو ئەوەیە کە بیرماندێتەوەو چۆنیشی دەگێڕینەوە" ئەمە وتەیەکی گابریل گارسیا مارکیزی نووسەری ناوداری جیهانە، لەبارەی حیکایەتکردنی ژیانەوە، ئەو ژیانەی مرۆڤ لەپێناوی مانەوەی خۆیدا، مرۆڤەکانی دیکە دەچەوسێنێتەوە، ئەو ژیانەی ستەمکاری بەشێکی سەرەکیو گرنگی مێژووکەیەتی، هەڵبەت کوردیش بەشێکە لەمێژووی ستەمکاری، جا ستەمی لێکرابێت، یان خۆی بەناڕاستەوخۆ ڕۆڵی ستەمکارێکی بینیبێت.

لەبەرئەوە ڕۆژنامەی دەستوور بەپێویستی زانی لەدۆسیەیەکی چەند ژمارەییدا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتو دیدارو ڕووماڵکردنێکی بابەتیانەوە قسە لەسەر کوردو ستەمکاری بکات، بۆ ئەوەی ئەمجارە لەگەڵ کوردە ژیرەکاندا کە کوردایەتیی بەمرۆڤبوونەوە دەبەستنەوە، عەرەبو تورکمانو ئاشووریو کلدانو هەموو ئەوانی دیکەش قسەبکەن، قسەبکەن لەپێناو دانانی کۆتاییەک بۆ ئەو ترسەی کە بەعس لەپنتێکی ئاواوە دەستپێیکردو بەئەنفال کۆتاییهات.

ڕۆژنامەی دەستوور داوا لەڕۆژنامەنووسانو ئەکادیمیو نووسەران دەکات هاوکاری ئەو دۆسیەیە بکەن، چونکە قسەکردن لەسەر ئەو چەمکو دیاردەیە ڕاستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنەی نیشتیمانپەروەرییە، کە لەسەر بنەڕەتی بێدەنگکردنی ئەوی دی بنیاتنراوە، یان خەریکە بنیاددەنرێت.

دۆسیەکە لەلایەن ئاریان محەمەدەوە سەرپەرشتی دەکرێتو نووسەرانو ڕەخنەگران دەتوانن پەیوەندیی بەم ئیمەیڵەوە بکەن:

Arianma2001@yahoo.com یاخود info@destur.net


REKLAM

## هەلی کار لە کۆمپانیای نالیاوە

**کۆمپانیای نالیا پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

- بەڕێوەبەری کارگێڕی
- ئەندازیاری شارستانیی
- ئەندازیاری تەلارساز
- ژمێریار
- پارێزەر
- کارمەندێک بۆ بەشی کارگێڕی
- کارمەندێک بۆ بەشی فرۆشتن.

**تێبینی بۆ سەرجەم پۆستەکان:** مەرجە ئەو کەسانەی CV پێشکەش دەکەن هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بن و ئەزموونی کارکردنیان لە بوارەکەی خۆیاندا لە پێنج ساڵ زیاتر بێت، جگە لە بەڕێوەبەری کارگێڕی کە دەبێت ئەزموونی کارکردنی لە ١٠ ساڵ زیاتر بێت.

**دوابەروار بۆ پێشکەشکردنی CV ٢٠١٠/١٠/١٠ یە.**

**ناونیشان: سلێمانی . ناو گوندی ئەڵمانی . ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای نالیا.**

www.naliagroup.com

# "پەرلەمانتارێکی تورکمان دووبەرەکی دەنێتەوە"

دەستوور

دوای ئەوەی پاسەوانەکانی پەرلەمانتارێکی تورکمان بەناوی محەمەد مەهدی بەیاتی بەفەرمانی ناوبراو لەمانگی رابردوودا تەقەیان لەپۆلیسێکی کورد کرد، ئێستا بەرپرسانی قەزای دوزخورماتوو دەڵێن ناوبراو بەو کێشەیەوە نەوەستاوەو خەریکی دووبەرەکی نانەوەو کێشە دروستکردنە لەنێوان نەتەوەکاندا.

شەلال عەبدوڵڵا قایمقامی قەزای دوزخورماتوو، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "بەپێی دەستووری عێراقی هیچ یەک لەبەرپرسان بۆیان نییە دەست لەکاروباری قەزایی وەربدەن، چونکە دەسەڵاتی قەزایی بێ لایەنە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانتار محەمەد مەهدی بەیاتی کەسەر بەکوتلەی تورکمانییە، راستەخۆ دەست لەکاروباری سیاسیو سەربازی قەزاکەمان وەردەدات، بەدەر لەویش چەند پەرلەمانتارێکی دیکەی هەمان کوتلە پشتگیریدەکات".

شەلال عەبدوڵڵا وتی "سەرەتای کێشەکە لەوەوە دەستیپێکرد کەپۆلیسێکی کورد لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دوزخورماتوو لەکاری خۆیدابووە لەو کاتەدا پەرلەمانتاری تورکمانی سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کردووە، بەڵام بەپێی یاسا پاسەوانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کەکوردە بووە، ناوی رێبوار فازل رێگەی بەپاسەوانەکانی ئەو پەرلەمانتارە نەداوە بەچەکەوە بچنەژوورەوە، لەئەنجامدا ئەوانیش تەقەیان لەو کارمەندەی پۆلیس کردووەو بریندارایانکردووە".

قایمقامی دوزخورماتوو ئاماژەی بەوەشدا کەئەو پەرلەمانتارە ئێستاش وازناهێنێتو دەست لەکاروبارەکانی قەزاکە وەردەدات، وتی "ئەوەش ئێمەی نیگەرانکردووە".

ئیدارەی دوزخورماتوو سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆمارکردووەو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەشی لەسەر پێکهێنراوە.

شەلال وتی "ئێمە وەک بەرپرسانی ئیداری ئەو شارۆچکەیە زۆر نیگەرانین لەم هەڵوێستەی لایەنی تورکمانی، چونکە دەرئەنجامەکەی دووبەرەکیو ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە".

# خانەقین داوای داهاتی مەرزی مونزریە دەکات

فەرمان خێڵانی

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین رایدەگەیەنێت کەئەوان بەهیچ شێوەیەک ئاگایان لەداهاتی مەرزی مونزرییە نییە، داهاتەکەی بۆ قەزاکە سەرفنەکراوە، بۆیە داوادەکەن بەشێک لەداهاتی ئەو مەرزە بۆ خزمەتگوزارییەکانی خانەقین سەرفبکرێت.

سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت مەرزەکە سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەو خۆیان سەرپەرشتی دەکەن، ئەو مەرزە لەسنووری شارەکەی ئێمەدایەو یەک فلسی بۆ خانەقین سەرفناکرێت، رێگەش بەئێمە نادەن سەرپەرشتی بکەین، بۆیە زانیاریشمان نییە لەسەر داهاتو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی مەرزەکە".

سەمیر محەمەد وتی "پێویستە بەشێک لەداهاتی ئەو مەرزە بۆ ئێمە بێن".

# ٤٥٠ ئەفسەری سەحوە لەکەرکوک پلەکانیان لێدەسەنرێتەوە

زانیار داقوقی

مەلا مەجید سەرکردەیەکی هێزەکانی سەحوە لەکەرکوک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند لەنوێترین هەوڵدا بۆ بنبڕکردنی کێشەی هێزەکانی سەحوە، حکومەتی عێراقی بڕیاریداوە ٤٥٠ ئەفسەری سەحوە لەکەرکوکو دەوروبەری پلەکانیان لێبسەندرێتەوە.

مەلا مەجید سەرۆکی فەوجێکی سەحوە لەکەرکوک لەلێدوانێکیدا بەدەستوری وت "بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە بەهەڵوەشاندنەوەی پلەی ئەو ئەفسەرانەی کە لەهێزەکانی سەحوەن لەکەرکوک، ئێمەش داوا لەحکومەتی عێراقی دەکەین، وەکو هێزەکانی ئاسایشو هێزەکانی بەدرو سوپای مەهدی بکرێینە ئەفسەرو لەرێزەکانی سوپای عێراقیو پۆلیسدا کاربکەین".

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی عێراقی لە٢٠٪ ئەندامانی ئەنجومەنەکانی سەحوە لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق دەخرێنە سەر میلاکی وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری، بەڵام ئەو بڕیارە پلەی بۆ هیچ ئەندامێکی سەحوە دانەناوەو ئەوەی پلەی ئەفسەری هەبێت لەرێزەکانی سەحوە وەک پۆلیسک، یان سەربازێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بۆ ئەو مەبەستە ناڕەزاییەکی گەورە لەلایەن هێزەکانی سەحوە دروستبووە.



# دەستوور وردەکاری گۆڕانکارییەکان لەبەڕێوەبەری فەرمانگەکانی سلێمانیو پشدەرو بتوێندا بڵاودەکاتەوە

زانیار محەمەد

جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند کەوەزارەتی ناوخۆ چەند گۆڕانکارییەک لەفەرمانگەکانی سلێمانیو پشدەرو بتوێندا ئەنجامدەدات.

لەبارەی چۆنیەتی گۆڕانکارییەکانەوە، جەلال کەریم، ئامادەنەبوو چۆنیەتی گۆڕانکارییەکان ئاشکرابکات، بەبیانووی ئەوەی هێشتا بڕیارەکە لەوەزارەتی ناوخۆوە دەرنەچووە.

بەپێی چەند زانیارییەک کەدەست دەستوور کەوتوون، لەسنووری پشدەرو بیتوێن گۆڕانکاری لەپۆستی بەڕێوەبەری ناحییەکاندا دەکرێت، لەگەڵ دانانی کەسێک بۆ سەرۆکی شارەوانی چورقورنەو چەند فەرمانگەیەکی تر، لەسلێمانیش لەپۆستەکانی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانیو بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی سلێمانی گۆڕانکاری دەکرێت.

# لە٦٣٪ مەسیحییەکان هەرێم هەڵدەبژێرن

## راپرسییەک: سێ یەکی مەسیحییەکان داوای سەربەخۆیی بۆ کەرکوک دەکەن

ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک

بەپێی راپرسییەک مەسیحییەکان زۆرینەیان داوادەکەن کەرکوک بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستانو سێ یەکی بەشداربووانی راپرسییەکەش داوای سەربەخۆی کەرکوک دەکەن بۆ هەرێمێکی سەربەخۆ.

سەنتەری کۆمەڵایەتی مەسیحی لەکەرکوک هەڵساوە بەئەنجامدانی راپرسییەک لەنێوان مەسیحییەکانی شارەکەدا، کەزۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدان کەرکوک بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

لەپرسیارێکدا دەربارەی خواستی مەسیحییەکان لەسەر ئایندەی کەرکوک، کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، زۆربەی هەرەزۆری مەسیحییەکانی کەرکوک کە لە٦٣,٨٪ی کۆی ئەوانەی بەشداریان کردووە، داوادەکەن بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە٣٢,٦٪ داوادەکەن پارێزگای کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆو دژی گەڕانەوەن بۆ سەر هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی.

بەپێی راپرسییەکە تەنیا لە٣,٦٪ داوادەکەن کەرکوک بگەڕێنرێتەوە سەر حکومەتی ناوەندی.




بەپێی وتەی بەڕێوەبەری سەنتەری کۆمەڵایەتی مەسیحی لەکەرکوک، ئەو راپرسییە لەلایەن مەسیحییەکانەوە ئەنجامدراوەو دووربووە لەدەستی حیزبیو حکومی.

دەڵاقە

ئاریان محەمەد

# یەکێتیو دۆستەکانی

ئێستا رۆژگاری باڵادەستبوونی پارتیو پاشەکشەی سیاسییانەی یەکێتییە، باڵادەستی هەم لەسەر ئاستی جەماوەری بەو پێیەی یەکێتی رووبەڕووی هەڵگەڕانەوەی ناوخۆییو لێ دابڕانی سەرکردەکانی بووەتەوەو هەمیشە لەسەر ئاستی ئازایی سیاسی، چونکە پتر لەچەند ساڵێکە یەکێتی بەکردەوە شوێن ئەجێندا ناوخۆییەکانی پارتی دەکەوێت. بەو واتایەی ئێستا پارتی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆییو دەرەکی بەرۆڵی برا گەورەی سیاسی هەڵدەستێت، لەئاستی دەرەوەدا بەو پێیەی هەڕەمی دەسەڵاتی لەدەستە ئەو رۆڵە وەک ئەوەی دەیەوێت بەڕێوەدەباتو لەئاستی ناوخۆشدا تا ئەو ئاستەی یەکێتی لەئەجێنداکەی بێدەنگە، چی بەوێت وەک ئاغا نەک هاوبەش ئەنجامی دەداتو یەکێتیش بێدەنگی لێدەکات.

لەراستیدا یەکێتی ئێستا لاوازە، ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانو سەرکەوتنە رێژەییەکەی باڵانسی پاشەکشە جەماوەرییەکەی ٧/٢٥ی لەڕووی جەماوەرییەوە راست کردبێتەوە، ئەوە دیوەکەی تری هەستانەوەو سەرپێکەوتنەوەی یەکێتی بەندە بەئیرادەو ئازایی سیاسییەوە، ئەمەش تەنیا بەخۆدەربازکردن لەکاریگەرییەکانی باڵادەستی ئەجێندای پارتی بەدی دێت، چونکە بەبێ بەدەستهێنانەوەی ئەو ئازاییە، دیوەکەی تری یەکێتی هێزی بۆ ناگەڕێتەوە. راستییەکەی هەستانەوەی یەکێتیو بەهێزبوونەوەی بەتەنیا بۆ یەکێتی گرنگ نییە، بەڵکو بۆ پرۆسەی سیاسیو دابەشبوونی هێزو سەقامگیریی سیستمو چارەنووسی دیموکراسیش گرنگە، چونکە تێکچوونی هاوسەنگی هێزو گۆڕانی هاوکێشەکانی هێز لەهەرێم ئەگەری پاشەکشەی دیموکراسی لاوازتر دەکات.

ئەگەر تێگەیشتنەکەی ماکس ڤیبەر وەربگرین بۆ پارتی سیاسی کاتێک دەڵێت "پارتی سیاسی چوارچێوەیەکە خێرو چاکەو سەرکەوتن بۆ ئەندامانی دەستەبەر دەکات"، ئەوە پارتی کارێکی هەڵە ناکات، چونکە ئیدی ئەو لەپەنای باڵادەستبوونی سیاسییەوە، دەیەوێت خێرو بێری سیاسیو سەرکەوتنی پرۆژە سیاسییەکەی لەبەرانبەر نەیارە دێرینەکەی بۆ ئەندامانی دەستەبەر بکات، هەربۆیەش ئەو مافی خۆیەتی لەسەر کۆی جومگەکان بیەوێت مانەوەو بەهێزبوونی خۆی ئەگەر لەسەر حسابی یەکێتیش بێت مسۆگەربکات، بەڵام یەکێتی هەڵەدەکات کە بەهۆی مەستبوونی بەرێککەوتنی ستراتیژییەوە ئاسوودە لەبەرانبەر قەڵەمڕەوو خێراگەشەی پارتی لێیخەوتووەو باکیشی نییە، بەو مانایەی کەپارتی لەو پرۆسەدا هیچ ناکات جگە لەئەنجامدانی رەفتارێکی سیاسی کەپێویستە پارتی سیاسی بۆ مانەوەی لەدەسەڵاتو بەهێزبوونی ریشاڵە زۆرو زەوەندەکانی لەکۆمەڵگەی کوردیدا دەیکاتو یەکێتیش بەو بێدەنگیو لاموبالاتییەی ئەوەندەی وەک خانەوادەیەکی دەستشۆر لەداهاتووی خۆی مامەڵە دەکات، وەک هێزێکی سیاسی کەقووڵاییەکی مێژووی هەیە رەفتار ناکات.

پارتیو ئەجێندا سیاسییەکەی ئەگەر بەشێوەیەکی رواڵەتیش لەسەر کاریگەرییە توندەکانی قۆناغی شەڕی ناوخۆو تۆڵەی سیاسی بەردەوام نەبێت، ئەوە لەجەوهەردا رەفتارەکانی هەڵگری هەمان دڵڕەقییەکانی ئەو قۆناغەو دابەشبوونی بەرە سیاسییەکانە، بەو پێیەی ئێستاش ئەگەر بەدیوێکدا لەبەرانبەر باوکی بەرەکەی تری شەڕ کەیەکێتییە نەرمییەکی سیاسی بنوێنێ، ئەوە لەبەرانبەر رۆڵەکانی ئەو بەرەیە بەگیانی تۆڵەسەندنەوەو رەقییەوە مامەڵەدەکات، هەڵبەتە ئەو لەو ئەجێندایەشدا یەکێتی بەپرۆسەکە هەڵدەستێو پارتی ئەگەر تەماشاکەرێکی ئاساییش نەبێت، ئەوە لەجومگەیەکی دیاریکراودا، کەهاوتای بەشداری یەکێتییە بەشداریدەکات، هەر ئەمەشە وادەکات بەرەی یەکێتی، تادێت بەرەو لاوازی بچێتو بەپێچەوانەشەوە پارتی بەباوەش بۆ کردنەوەیان خۆی بەهێزتر بکات. لەوەشدا ئەو پرۆسەیەی پارتی پێی هەڵدەستێت، رەفتارێکی سیاسی گرنگەو دەشێت ئەو وردبینیو سەرڕاستییەی لەگەڵ دۆستەکانیو دڵڕەقیشی لەگەڵ نەیارە دێرینەکانی دەرفەتی مانەوەو بەهێزبوونی زیاتری بداتێ.

لەساتەوەختەکانی شەڕی ناوخۆ بەکردەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان کەوتنە دووبەرەوە، بەرەی یەکێتی تەواوی ئەو هێزانەی لەخۆگرت کە قووڵایی مێژوویو رابردووی خەباتی چەکدارییان هەبووە (زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، پارێزگاران، دیموکراسیخوازان) لەشەڕو ئاشتیدا وەک دۆست بەسەرکردایەتیو برا گەورەیی یەکێتی رازیبوونو لەقۆناغێکدا شەرعیەتیان بەدەسەڵاتی یەکێتی داوەو لەزۆر قەیرانیشدا پشتیوانی بوون، بەپێچەوانەوە بەرەی پارتی جگە لە (حیزبی شیوعی)، هیچیان هەڵگری ئەو مێژووە درێژە لەتێکۆشانی چەکداری نەبوون.

بۆ ئەوساکە ئەگەر رووخۆشی سیاسیی تاڵەبانیو توانای لێبوردەییو زوو بیرچوونەوەی دڵڕەقی لەقۆناغێکدا شانسی بەهێزبوونی دابێتە یەکێتیو ئەو بەرەیەی بەهێزکردبێت کەخۆی سەرکردایەتی دەکات، ئەوە دوورکەوتنەوەی تاڵەبانیو قەیرانی خۆخۆری ناوخۆی یەکێتیو سیاسەتی گرگردیو دابەشبوونی ئەو هێزە بەسەر تێڕامانی جوداداو تەسلیمبوونی رێژەیی بەئەجێندای پارتییەوە، تادێت دۆستەکانی لەدەستدەداتو بەرەکەشی بەکردەوە دەپوکێتەوە. ئاخر گیانی تۆڵەسەندنەوەی پارتی لەنەیارەکانیو موجامەلەی بێسنووری بۆ دۆستەکانیو رازیکردنی یەکێتیش بەو دۆخە شانسێکی گەورەی بەهێزبوونی داوەتە پارتی کەئێستا ببێتە هێزی ژمارە یەک.

تێکچوونی پەیوەندی یەکێتیو دۆستەکانی دوو سەرەیە، بەڵام لەهەردوو سەرییەوە یەکێتی لەهەڵوەشاندنەوەی بەرپرسە. لەسەرێکەوە یەکێتی لەگەڵ دۆستەکانی پشوو درێژ نییەو لەسەرێکی تریشەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەجێندای پارتییەوە، رەنگە یەکەمین ئەزموونی ئەو سیاسەتەش هەردوو ئینشیقاقەکەی زەحمەتکێشان بێت کە لەیەکەمیاندا پشوو کورتی یەکێتی لەرێگەی جیاکردنەوەی (رەوتی نشتمانی)ەوە لەدوای ٢٠٠٣ ئەنجامیداو لەدووەمیشدا لەساڵی رابردوو بەهاوبەشی لەگەڵ پارتی بۆ خستنی (قادر عەزیز) هاوەڵی شۆڕشیان لەسەری رێککەوتن، لەبەرانبەر دیموکراسیخوازانیش لەیەکەمیاندا لەبەرانبەر بەیاننامەیەک بوو کە لەدژی بەناهەق تیرۆرکردنی پێنج ئەندامەکەی حیزبی کۆمۆنیستو بەیاننامەکەی دیموکراسیخوازان، یەکێتی نانی دۆستەکەی بڕیو لەدووەمیشدا لەرێگەی ئەو ئینشیقاقەوە بوو کەپارتیو یەکێتی پێکەوە لەناو حیزبەدا دروستیان کرد. خۆ لەبەرانبەر پارێزگارانیش ئەوەی ئێستا رووەدەدات، لەنانبڕینو هەڕەشەی ناردنی پۆلیس بۆ سەریانەوە تا فەرامۆشکردنە سیاسییەکەی وایکردووە پارتی بەیەکێتی لەنەیارەکانی خۆی بدات. لەبەرانبەر ئەو جۆرە ئاکارەی یەکێتی دەرهەق بەدۆستەکانی، پارتی بەپێچەوانەوەو بەشێوەیەکی سەر راست دۆستەکانی خۆی لەدەوری خۆیو بە بەهێزی دەهێڵێتەوە، ئەوەتا حیزبی شیوعیو زەحمەتکێشانی باڵی مەکتەبی سیاسی بەخۆیانو پێنج حیزبی ترەوە لەهەڵبژاردن بوونە خاوەنی یەک کورسی پەرلەمان، کەچی لەئاستی بەشداری سیاسیو بەشدارییپێکردنیان لەحکومەت بەپشتیوانی پارتیو بێدەنگی یەکێتی دوو وەزیرو چەند پۆستێکی تریان پێدراوەو بەبودجە کراوەکەشیانەوە بەخێودەکرێن، بەمەش ئەوانەی سەنگەری یەکێتیان هەر لەسەرەتاوە هەڵبژارد، سزادرانو برسیکرانو بچوککرانەوە، ئەوانەشی کەدۆستی پارتی بوون، نە هەڵبژاردنو ئەنجامەکانیو نە ئینشیقاقو نە توڕەیی ئەندامەکانیشی بچوکیان ناکاتەوە.

یەکێتی نایەوێت باری لاسەنگی سیاسی خۆی هەستێنێتەوە، چونکە دیوێکی گرنگی هەستانەوەی ئەو هێزە بەندە بەدووبارە رێکخستنەوەو یەکخستنەوەی دۆستەکانی، بەڵام بێدەنگییەکەی ئێستای هەر ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە.

# "پارتی بەوەفابوو بەرانبەر بزووتنەوەی ئیسلامی"

## ئەنوەر عەنەبی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە بۆ دەستوور

سازدانی: مەعاز فەرحان

ئەنوەر عەنەبی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوەی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوەدەدات بەم نزیکانە کۆنفرانس دەبەستن، دەڵێت لەناو بزووتنەوەدا باڵباڵێن نییە، بەڵکو رای جیاواز هەیە.

**دەستوور:** کۆنفرانسی بزووتنەوەی ئیسلامی لەم ماوەیەدا دەبەسترێت، باڵباڵێنو کوتلایەتی بۆ ئەو کۆنفرانسە لەزاری ئەندامانی حیزبەکەو راگەیاندنەکانەوە بەڕوونی ئاماژەی پێدەدرێت، پێتوانییە لەکۆنفرانسدا کێشەکان زیاتر زەقببنەوە؟

**ئەنوەر عەنەبی:** مەسەلەی باڵباڵێنە کەخەڵک واتەسەوردەکات، ئەگینا ئەوە بۆچوونی جیاوازە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەیە، هەندێکجار لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی بۆچوونی جیاواز دروستدەبێت، بەڵام بەو تەعبیرەی ئێستا دەوترێت هەرکەس بۆچوونی جیاوازی هەبێت ئەوە بەباڵ حساب دەکرێت، ئەو باڵە لەهەموو شوێنێک هەیە، ئەوە بۆچوونی جیاوازە نەک خوانەخواستە بزووتنەوە بەئاقارێکی خراپدا بەرێت، لەسەر پێشهاتە سیاسییەکانی عێراقو کوردستان هەتا ئیسلامییەکانی کوردستان بۆچوونی جیاوازمان هەیە، گرنگ ئەوەیە هەر بڕیارێکی شورا هەبوو هیچ کەسێک ناتوانێت نەوەکو باڵو نەوەکو کەس لێی لابدات، زۆرینە لەکوێ بوو پابەندین پێیەوە، ئێمە شەرعەن بەوجۆرە لەوبابەتانە گەیشتووین.

**دەستوور:** هیوایەک هەیە بۆ ئەوەی لەو باڵباڵێنە یان ئەوەی تۆ ناوی لێدەنێیت رای جیاواز، رزگارتان بێتو ئەو کێشانەی هەن چارەسەر ببن؟

**ئەنوەر عەنەبی:** ئینشاڵڵا، هەموو پارتێک کاتێک کۆنگرە یان کۆنفرانس دەبەستێت بۆئەوەیە هەندێک گێرمەو کێشە هەیە، کەمبکرێنەوە. بۆئەوە بەخۆداچوونەوە بکرێت لەو حیزبەدا، ئەگەر هەندێک کێشەو گرفت لەهەندێک مەڵبەندا هەبووبێت، چارەسەربکرێت. ئەمەلمان هەیە ئەگەر کۆنفرانس هەموو کێشەکانمان چارەسەر نەکات لە٨٠٪ چارەسەرببێت.

**دەستوور:** لەکۆنفرانسدا جێگۆڕکێ بەکام لەپۆستە باڵاکانی بزووتنەوەدا دەکرێت؟ ئایا لەبەرنامەدا هەیە ژمارەی بەرپرسەکان کەم یان زیاد بکرێت؟

**ئەنوەر عەنەبی:** لەبەرئەوەی کۆنگرە گەورەترە لەکۆنفرانس پەیڕەویشمان کۆنگرە پەسەندی کردووە، لەپەیڕەوی ئێمەدا هاتووە ئیشوکارەکانی کۆنفرانس کەدوو ساڵ جارێک دەبەسترێت، ئێمە ناتوانین لەوە لابدەین پەسەندکردنی پەیڕەوی بزووتنەوەی ئیسلامی گەورەترە لەکۆنفرانس، بۆیە لەوپەیڕەوەدا هاتووە کەگۆڕانکاری بەرپرسی مەڵبەندو مەکتەبەکان بکەینو سەرلەنوێ تەشکیلات بکەین.

**دەستوور:** کێشەکانی ناو بزووتنەوە کێشەی سەرکردەکانی خۆیەتی کەناکۆکنو گەشەی نەکردووە، یان مەسەلەی دەستتێوەردانە؟

**ئەنوەر عەنەبی:** دڵنیاتدەکەمەوە بزووتنەوە ئەگەر واسەیربکرێت کەگەشەناکات تەنیا مەسەلەی ئابوورییە، نەک دەستتێوەردان یان کێشەی ناوخۆ، بزووتنەوە دارایی نییە وەکو لایەنەکانی تر، چونکە بۆ ماوەی شەش ساڵی تەواو لەکاتی هاتنی ئەمریکا ئێمە گەمارۆی ئابووری سەختمان لەسەربوو، کە بەتەنیا بزووتنەوە بەرگەی گرتووە، هیچ پارتێک ناتوانێت لەبێ ئابووریدا بینای خۆی بکات، بەڵام ئێمە بەرگەمان گرت، چونکە کارەکەی ئێمە ئیسلامی بوون، بزووتنەوەی ئیسلامی بەتەواوەتی تەرک کرابوو لەلایەن پارتە سیاسییە کوردستانییەکانەوە، وایان لێکردبووین کەجەماوەرەکەی خۆشمان لەگەڵماندا نەبێت، بەڵام سوپاس بۆخوا توانیمان بەسەر ئەو رۆژگارانەدا زاڵ ببینو بزووتنەوەی ئیسلامی وردەوەردە بخەینەوە گۆڕەپانەکە، ئێستا لەپەرلەمانو حکومەتدا بەشدارین ئەوەش نمونەی زیندوویو هەستانەوەی بزووتنەوە دەگەیەنێت.

**دەستوور:** لەیەک تا دوو ساڵی رابردوودا راتانگەیاندبوو کەیەکێتی رێگریتان لێدەکات ئێستا ئەو رێگرییە ماوە لەم ناوچەیە؟

**ئەنوەر عەنەبی:** لەچ روویەکەوە.

**دەستوور:** لەڕووی رێکخستنەوە، بۆ نمونە رێگەنەدان بەکردنەوەی بارەگاکانی بزووتنەوە لەهەورامانو خورماڵدا؟

**ئەنوەر عەنەبی:** پێشئەوەی بزووتنەوە مەسەلەی کردنەوەی بارەگا لەگەڵ یەکێتیدا باسبکات، کاتی خۆی یەکێتی تموحی هەبووە بەناوچەی هەورامان. ئەگەر یەکێتی خۆی بەشەڕ هەورامان ئازادبکات، پارتە ئیسلامییەکان بۆیان نییە بارەگا بەرنەوە هەورامان، یەکێتی هەمووکات دەیوت کەئەگەر بەشەڕ هەورامان ئازادبکەین، ئێوە بۆتان نییە بارەگا ببنەوە ئەوێ، لەبەرئەوەی شوێنەوارو رێکخستنەکانی ئەنساروئسلام لەوناوچەیە بۆ کاتێکی زۆرتر دروستنەبێتەوە، ئێمەش رامانگەیاندبوو وەکو بزووتنەوەی ئیسلامی خۆمان بەخاوەنی هەورامان دەزانین پێشئەوەی ئەنساروئیسلام ببێت، لەبەرئەوەی بارودۆخی سیاسیی لەکوردستاندا بەحاڵەتێکدا دەڕوات بەتایبەتی لەڕوانگەی ئیسلامییە جیهادییەکانەوە حەساسە، قەت پێمان لەهەورامان نەبڕیوە، بەڵام ریعایەتی حکومەتیش دەکەین، کەئێمە بارەگامان نەبێت لەوناوچەیە، ئێستا باروددۆخێکی تایبەتی هەیە، ڕەنگە ئێمە ئەگەر بارەگاشمان هەبێت لەوێ ڕەنگە لەبەرژەوەندیمان نەبێت، چونکە بەڕاستی خەڵکانێک هەیە لەسنوورەکەدا دەستگیردەکرێن بەناوی ئیسلامییەوە، لەوانەیە شتی خراپ بدەنە پاڵ بارەگاکانمان، بەڵام لەئایندەدا لەگەڵ حکومەتدا قسەلەسەر ئەو بابەتانە دەکرێت، چونکە ئێمە لەحکومەتدا بەشدارینو بەشێکین لەحکومەت.

**دەستوور:** لەبارەی پارتییەوە دەوترێت بەهۆی ئەوەی لەکاتی شەڕی ناوخۆی یەکێتیو پارتیدا ئێوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی پارتیتات پاراستبوو، ئێستا پاداشتەکەی وەردەگرنەوە؟

**ئەنوەر عەنەبی:** راستە ئێمە لەم ناوچەیە دەسەڵاتی یەکەم بووین، داروئەمنێکمان دروستکردبوو غەیری پارتی هەرکەسێکی تربوایە کێشەیەکی هەبوایە، ڕازی بوایە بەسیاسەتیی بزووتنەوە دەهاتە ئێرە بۆخۆی دەمان پاراست، بەڵام لەکاتی شەڕی ناوخۆی یەکێتیو پارتی، ئێمە زیاتر لەحەوت سەد خەڵکی پارتیمان پاراست، ئێمە نەماندەویست لەسنووری دەسەڵاتی بزووتنەوەدا یەکێتیو پارتی خەڵکی یەکتری بکوژن، چونکە ئەوکاتە بۆ ناشیرینکردنی ئێمە خراپبوو، لەبەرئەوە لەگەرمیانو پێنجوێنو ناوچەی پشدەر بینیمان یەکێتیو پارتی چەندشتێکی قیزەونیان کرد بەرانبەر بەیەکتری، بۆیە وەکو سەرکردایەتی بڕیارماندا بەپاراستنی هەموو کادرێکی پارتی بەمەرجێک بێتە بارەگاکانمانەوە، زیاتر لەحەوت سەد کەسی پارتیمان پاراستووە یەکێتیش نەیوێراوە دەستیان بۆبەرێت تائەوکاتەی کەخۆیان ئارەزوویان بووە بۆ ئەو شوێنەی مەبەستمان بووە گەیاندومانن.

**دەستوور:** ئایا پارتی وەفای هەبووە بۆ ئەو کارانەی ئێوە؟

**ئەنوەر عەنەبی:** وەڵڵا ئێم ناڵێین پارتی بێ وەفایە دیارە ئەگەر ئێمە ئەوەمان لەگەڵ پارتی کردبێت لەیەکێتیش کردوومانەوە، لەساڵی ١٩٩٦دا ئەو وەزعەی بەسەر یەکێتیدا هات لەهەولێر ئێمە دەیان قیادەی یەکێتیمان گواستووەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، پارتیش زانیویەتی کەهێناومانن.

لەبەرئەوەی کەئێمە هێزی چەکدارمان هەبوو، بۆیە یەکێتیو پارتی نەیاندەتوانی رێگریمان لێبکەن، بەڵێ راستە پارتی بەوەفا بووە، تەعامولی سیاسی لەگەڵ ئێمەدا باشە.

**دەستوور:** بۆچی پەیوەندی بزووتنەوە لەگەڵ پارتیدا باشترە بەبەراورد لەگەڵ لایەنەکانی تر، بەتایبەت یەکێتی؟

**ئەنوەر عەنەبی:** پێشینەیەک هەیە لەسیاسەتی ئێمەو پارتیدا، لەرۆژگاری شەڕی ناوخۆدا دوو سێ جەولە شەڕمان لەگەڵ یەکێتی بووە، بەڵام لەگەڵ پارتی شەڕمان نەبووە. لەسەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەو یەک سیاسەتمان هەبوو بەرانبەر بەیەکێتیو پارتی، بەڵام کەیەکێتی سنوورەکانی بەزاند، ناچاربووین بەرگری لەوجودی خۆمان بکەین، ئەو شەڕە ناوخۆیانە ئەوەیان کردووە پارتی زیاتر ریعایەتی ئێمەی کردووە.

**پرۆفایل:**

**ئەنوەرئەحمەد محەمەد ناسراو بەئەنوەرعەنەبی.**

**لەساڵی ١٩٦٧ لەگوندی عەنەبی سەریەهەڵەبجە لەدایکبووە.**

**خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەعەنەب خوێندووە، پەیمانگای ئیسلامی لەهەڵەبجە تەواوکردوو لەکۆلێژی شەریعە لەبەغداد وەرگیراوەو بەهۆی پێشمەرگایەتیەوە دەرکراوە.**

**ساڵی ١٩٨٧ بووە بەبزووتنەوە.**

**ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی کۆمەلایەتیو پێشمەرگە دێرینەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیە. ماوەیەک بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بووە.**



> لەکۆنفرانسی بزووتنەوەدا، بەرپرسی مەکتەبەکانو مەڵبەندەکان دەگۆڕین

## پێشنیازێک بۆ پەراوێزخستنی کورد لەپێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا ئاشکرادەبێت

دەستوور

یاداشتێکی نهێنیی نێوان عێراقییەو دەوڵەتی یاسا بۆ پێکهێنانی حکومەتو پەراوێزخستنی کورد ئاشکرابوو.

بەپێی ئەو یاداشتە نهێنییە دوێنێ سێشەممە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاویکردەوە سەرۆکایەتیی کۆمارو ١٨ وەزارەت بۆ لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییە دەستنیشانکراوە.

بەپێی ئەو یاداشتە کورد تەنیا پۆستەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانو جێگری سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئابووریو چەند باڵیۆزخانەیەکی پێدەدرێت.

یاداشتە نهێنییەکە لەلایەن موستەفا هیتی یەکێک لەڕابەرانی لیستی عێراقییەوە بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا نێراوەو لەیاداشتەکەدا داواکراوە دوو لایەن لەسەر بنەمای ئەو پێشنیازە گەورەترین هاوپەیمانی پێکبێننو دواتر حکومەت دامەزرێنن.

لەدوای ئاشکرابوونی یاداشتەکە، موستەفا هیتی رایگەیاندووە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەو یاداشتەوە نییەو هاوکات دەوڵەتی یاساش باس لەوەدەکات کە ئەو یاداشتە پێشووتر بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا نێراوە، بەڵام ئەوان پێی رازینەبوون.

## لەوارماوا بەڕێوەبەرێک دەدرێتە دادگاو لەهەڵەبجە خۆپیشاندان دەکرێت

کامەران کەریم لەشارەزوور

لەشارۆچکەی وارماوا سکاڵایەکی یاسایی دژی بەڕێوەبەری کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستیی شەهید چیا تۆماردەکرێتو لەهەڵەبجەش هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەمەڵبەندی تەندروستیی شەهید چیاوە بەدەستووری راگەیاند چەند کارمەندێکی مەڵبەندەکە سکاڵای یاساییان دژی بەڕێوبەرەکەیان تۆمارکردووە، بەتۆمەتی بەکارهێنانی پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندیی شەخسیو کەلوپەلی فەرمانگەکەی بردووەتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو سەرچاوەیە وتی "ئەو بەڕێوەبەرە بەشێوازێکی ناشیرین مامەڵە لەگەڵ کارمەندەکاندا دەکات"

لای خۆیەوە کەمال محەمەد بەڕێوەبەری کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی شەهید چیا ئامادەنەبوو لێدوان بدات، وتی کێشەکە براوەتە داداگاو لەوێ یەکلادەکرێتەوە.

هاوکات ئازاد مەحمود بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەزوور بەدەستووری وت "نوێنەری یاسایی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارەزوور پێیان راگەیاندووین خۆیان ئەو کەلوپەلانەیان داوەتێ بیباتەوە ماڵەوە، نەک خۆی بردبێتی".

عادل کەریم بەڕێوەبەری تەندروستیی شارەزوور ئاماژەی بەوەدا ئەو کێشەیە لەدادگایەو ئەو خۆی هەڵناقورتێنێت لەکاروبارەکانی دادگا.

لەلایەکی ترەوە گروپی ٨٨ لەهەڵەبجە هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپیشاندان دەکەن، دژی کەمتەرخەمیی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی شارەزوور.

ناسیح عبدرەحیم لێپرسراوی ئەو گروپە وتی لەمانگی حوزەیراندا داوایەکیان تۆمارکرد دژی کەمتەرخەمییەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، بەڵام تائێستا وەڵامی داواکەیان نەدراوەتەوە. ئەوەشی وت ئەگەر وەڵامیان نەدەنەوە، ئەوا خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن.

بەڵام بەڕێوەبەری تەندروستیی شارەزوور وتی "بەدواداچوونی ورد بۆ ئەو داوایە دەکەم".

## بۆ بەڕێز رۆژنامەی دەستوور

### بابەت روونکردنەوە

لە ژمارە ٥٠ی رۆژنامەکەتان، رۆژی چوارشەممە ٢٢-٩-٢٠١٠، لەلاپەرە ٢ هەواڵێک لەژێر ناوی (سزای بەکۆمەڵ بۆ مامۆستایانی قوتابخانەیەک دەرکراوە) بڵاوکراوەتەوە، ناوی منیش لەهەواڵەکەدا هاتووە، راستە من نکوڵی لەوەرگرتنی سزاکە ناکەم، بەڵام بەپێویستی دەزانم بۆ ستافی رۆژنامەکەتانو خوێنەرانی رۆژنامەی دەستوور، ئەوە روونبکەمەوە کەئەو سزایانەی کەوەرمگرتوون بریتین لەدواخستنی سەرەموچەکەمو گواستنەوەم بۆ قوتابخانەیەکیتر، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو سزایانە بەشێوەی نادادی دراون بەمن، چونکە لەکاتی ئاشکرابوونی پرسیارەکانی پۆلی ١١ی ئامادەیی لەقوتابخانەی هەنگاوی ئێواران، من سەرپەرشتیاری ئیداریو بەرێوەبەری پەروەردەم ئاگادارکردنەوە، کەچی لە بڕی ئەوەی لانیکەم پاداشتبکرێم بە هۆی ئاشکراکردنی کەموکوڕیو گەندەڵی، کەچی سزادراوم، ئەوەش منی بێ هیواکردو وادەکات کەجارێکیتر من بێدەنگبم لەئاشکراکردنی گەندەڵی، بۆیە هەر لەڕێگای رۆژنامەی دەستوورەو داواکارم لەوەزیری پەروەردە کەمافەکەم بۆ بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی هەبوونی هەر گەندەڵییەکدا بتوانم سەرووی خۆم ئاگاداربکەمەوە.

**م. ئەحمەد ئیبراهیم محەمەد**

# باڵباڵێن لەکۆنفرانسی پارتیدا شەڕی دروستکرد

## باڵی مەسرور بارزانی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی پارتی پێکدەهێنێت



پەیامنێرانی دەستوور

کورتهێنانی ژمارەی ئەندامانی پارتی، ڕێژەی ئەندامانی کۆنگرەی کەمترکردووە، چونکە بەپێی ئەو ئامادەکارییەی ئەو حیزبە کردوویەتی، دەبێت بۆ هەر هەزار ئەندامێک نوێنەرێکی کۆنگرە هەبێت. بەڵام دەرکەوت ئەو ژمارەیەی لقەکان داویانە بەمەکتەبی سیاسی لەبارەی ژمارەی ئەندامانەوە ڕاست نەبوون.

لەسنووری گەرمیان زۆرترین ململانێ لەنێوان باڵەکانی پارتیدا لەکاتی دەنگداندا دروستبووەو تەنانەت شەڕە تەقەی تێکەوتووە، بەڵام لەدهۆک لەچاو ناوچەکانی تردا کەمتر کێشەی بۆ دروستبووە. هەروەها لەهەولێرو سلێمانی ئەندامان گلەیی تەزویرکردنو باڵباڵێنو نەهاتنەوەی ناویان هەیەو هێزێکی زۆری پێشمەرگەی ئەو حیزبەش لەلقەکاندا کۆکراونەتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، ژمارەی ئەندامانی پارتی کەدەنگیانداوە بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بۆ کۆنگرە، لەئاست ئەو ژمارەدا نییە کەپێشتر لەرێکخستنەکانەوە دراوە بەمەکتەبی سیاسیو سەرپەرشتیارانی کۆنگرەی ١٣ی پارتی، بەو پێیەش ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە کەمدەکات. بۆیە بەشێک لەئەندامانی حیزبەکە لەوە دەترسن بەشێوەیەکی نایاسایی ئەندام بۆ کۆنگرە دابنرێت.

بۆ هەر ١٠٠٠ کەس لەئەندامانی پارتی یەک کەس دەبێتە ئەندامی کۆنگرە، بەو پێیەش حیزبەکە ڕایگەیاندووە نزیکەی ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ کەس دەبنە ئەندامی کۆنگرە، بەڵام دەرکەوت ژمارەی ئەندامانی پارتی کەمترە لەو ژمارەیە. پێدەچێت بۆ پڕکردنەوەی ژمارەکە بەشێکی تایبەت خەڵک بکرێت بەئەندامی کۆنگرە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەستوور بەشێوەیەکی نافەرمی وەریگرتووە لەبارەی ڕێژەی بەشداریو ژمارەی ئەندامانی پارتییەوە، دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردنی ئەندامانی پارتی لە٢٧٪ بووە لەناوچەو ریکخراوەکانداو کەمترین ڕێژەش لە٢٥٪ بووە. ئەوەش ئەوە دەردەخات ڕێکخستنەکانی خوارەوە ژمارەی ئەندامەکانیان بەزیادەوە ژماردووە، سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەکی بەرچاو بەشداری دەنگدانیان نەکردووە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەسنووری لقی دووی هەولێر هەندێک ناوچە کەپێشتر ڕایانگەیاندبوو ٨ هەزار ئەندامیان هەیە، تەنیا ٣ هەزار بۆ ٣٥٠٠ دەنگیانداوە، بەو پێیەش بێت بۆ ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە کەمدەکات؟، چونکە بۆ هەر ئەندامێک کەبگاتە کۆنگرە پێویستی بە ١٠٠٠ هەزار دەنگ هەیە. لەبەرئەوەی بۆ ئەو ناوچەیە هەشت ئەندامی کۆنگرە دانراوە، بەڵام تەنیا چوار کەسیان دەگەنە کۆنگرە، ترسی ئەوەش هەیە لەجێگەی چوارکەسەی تر بەشێوەیەکی نایاسایی کەسی تر دابنرێت.

فایەق تۆفیق سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشتر ڕایگەیاندبوو کەئەو ڕێژەیەی ئەوان چاوەڕوانیاندەکرد بەشداری لەکۆبوونەوەکاندا بکەن، بەشدارنەبوون.

فایەق بەرۆژنامەی هەولێری وتووە "بەشداریکردنی ئەندامانمان لەئاست داخوازی ئێمەدا نەبووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەوان دەڵێن هەر پارتی دەردەچێت بۆیە".

لەبەشێک لەناوچەو ڕێکخراوەکانی پارتیدا هیچ کام لەو کەسانە دەرنەچوون کەبەرپرسانی ناوچەکەن، یاخود لەو سنوورەدا ئیشی ڕێکخستن دەکەن، بەڵکو پاڵێوراوی ڕێکخستنی تایبەت دەرچووە.

لەناوچەی گوڵانی سەر بەلقی دووی هەولێر، لەکۆی خۆپاڵاوتنی بەرپرسی ناوچەکەو چوار کارگێڕو نۆ ئەندام ناوچە، هیچیان نەگەیشتوونەتە کۆنگرە، کەسێک دەرچووە ڕێکخستنی تایبەت ئیشی بۆ کردووە. ئەوانەی لەلایەن ڕێکخستنی تایبەتەوە ئیشیان بۆ دەکرێت، زۆرینەیان لەلایەن مەسرور بارزانییەوە پشتگیری دەکرێن.

دەستوور زانیویەتی لەناوچەی ڕاپەڕینی هەولێر لەکۆی هەشت هەزار دەنگدەر سێ کاندید دەرچووە، لەناوچەی برایەتیش لەکۆی هەشت هەزار دەنگدەر، واتە هەشت هەزار ئەندام، چوار کەس دەرچوون.

لەناوچەی قەڵاتیش کێشەو ململانێ لەنێوان تورکمانەکان کە بەهەولێرییەکان ناودەبرێن لەگەڵ بەرانبەرەکەیان کە بەکرمانجەکان ناو دەبرێن، ڕوویداوە.

هەر بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون لەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی پارتی، ناوچەکان خەڵکیان پێ کۆنەکراوەتەوە، هەستاون ئۆتۆمبێلی فەرمانگەکانو حیزبیشیان ناردووە تا فەرمانبەران بچن بۆ دەنگدان، بەڵام ئەو ژمارەیەی کەئەوان دایاننابوو نیوە کەمتریش ئامادەبوون، ئەوەش بووەتە یەکێک لەکێشەکان بۆ سەرکردایەتیو سەرپەرشتیارانی ئامادەکاری کۆنگرە.

سەرچاوەیەک لەلقی ١٦ی پارتی بەدەستووری ڕاگەیاند لەو سنوورە لەکاتی هەڵبژاردندا هەندێک ئەندام ناوچە لەسنووری ناحیەی بەستۆرە، فشاریان کردووەتە سەر کاندیدێک بۆ ئەوەی خۆی لەپاڵاوتن بۆ ئەندامی کۆنگرە بکێشتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ترسیان هەبووە لەوەی کەدەنگێکی زۆر بهێنێت.

ئەوەی زیاتر کادرانی پارتی نیگەرانکردووە کەرێگری لەهەندێک ئەندام کراوە دەنگبدات.

لە ٩/٢٥ لەناوچەی خانزادی لقی ١٦ی پارتی لەبەستۆرەی سەر بەقەزای شەقڵاوە، کێشە لەنێوان پۆلیسو کادرانی پارتی دروستبووە، بەهۆی ئەوەی کەپۆلیسەکان ڕێگەیان بەهەندێ کەسداوە کەدووبارە بچن دەنگبدەنەوە، واتە ساختەکاری بکەن، بەڵام ڕێگەیان بەهەندێک کەسیتر نەداوە.

لەسنووری لقی ٢١ پارتیدا لەسلێمانی، جیاوازی کراوە لەنێوان کاندیدەکاندا، بەپێی وتەی چەند ئەندامێکی پارتی لەو سنوورە بەرپرسی لقی لەهەر ناوچەیەک پشتگیری بۆ چەند کاندیدێک دەربڕیوەو کاری بۆ کردوون.

لەو سنوورەدا بەهۆی ئەوەی ناڕەزایی لەدژی بەرپرسی لق هەیە، بەشێکی زۆری ئەندامان بەشداریان نەکردووە، تەنانەت کێشەی ئەوە بۆ لقەکە دروستبووە، کەئەو ڕێژە ئەندامەی پێشتر ڕایانگەیاندبوو، ئەوەندە نەهاتوون بۆ دەنگدان.

لەسنووری گەرمیان زۆرترین کێبڕکێی بەخۆوە بینوە، بەهۆی ڕەخنەگرتن لەیەکتر بەبیانووی ساختەکردن ناکۆکیو شەڕ کەوتووەتە نێوانیانەوەو تەقەیان لەیەکترکردووە.

لەگەرمیان ئەندامانی پارتی بەسەر هەردوو باڵی ئەکرەم ساڵح بەرپرسی لقی ٢٢و عەبدولڕەحمان دەلۆ بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی ئەو لقەدا دابەشبوون، لەکفریش شەڕە تەقە لەنێو ئەندامانی پارتیدا دروستبووە.

بەپێی بەدواداچوونەکانی دەستوور باڵەکەی عەبدولڕەحمان دەلۆ تەنیا لەقەرەتەپەو ناوچەی گوڵان دەرچوون. ئەوانیش باڵەکەی تریان بەساختەکردن تۆمەتبارکردووە.

لەکفری دوای ئەوەی مستەفا وادی بە ٢٢ دەنگ لەپێشەوە دەبێتو بەو هۆیەوە دەردەچێت، تەقەی خۆشی دەکات، بەڵام لەلایەن باڵەکەی ترەوە بەبیانووی ئەوەی لەناحیەی ڕزگارییەوە خەڵکی هێناوە بۆ دەنگدان، وەڵامدەدرێتەوەو شەڕە تەقە دروستدەبێت.

سەرچاوەیەک لەرێکخستنەکانی پارتی لەکفری بەدەستووری وت "بەهۆی ئەوەی دەرچووە بەرپرسی ناوچە تەقەی خۆشی کردووە، بەڵام لەلایەن ئەوانەی دژایەتی دەکران، وەڵامدراونەتەوەو دواتر کۆنترۆڵ کراوە".

لەناحیەی باوەنوریش بەهەمان شێوە ئەندامانیان تەقەیان لەیەکتر کردووە.

ئەندامانی ئەو حیزبە ترسی ئەوەیان هەیە بەهۆی کەمی بەشداریکردنو کەمی دەرچوونی ئەندامانی کۆنگرەوە، ئەندامانی کۆنگرە بەشێوەیەکی نایاسایی زیادبکات.

لەدهۆک ئەگەرچی ڕێژەی بەشداریکردن بەهەمان شێوە زۆرنەبووە، بەڵام لەچاو ناوچەکانی تردا کێشەی کەمتر هەبووە.

لقی چواری سلێمانی لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانسەوە هێزێکی زۆری لەدەوروبەری لقەکە کۆکردووەتەوە.

# کەس بەدۆی خۆی نالێت ترشە

## دوای شکستهێنانی گفتوگۆی شیعەکان، سەدر پشتگیری لەمالیکی دەکات، حەکیمیش لەعەلاوی



ئەیاد عەلاوی



موقتەدا سەدر



نوری مالیکی

هێمن عەلی

هەردوو ئیئتیلافە شیعییەکە لەسەر دیاریکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت ڕێکنەکەوتن، ڕەوتی سەدریش بۆ یەکەمجار ڕایانگەیاند کەپشتگیری لەمالیکی دەکەن، حەکیمیش لەعێراقییەو عەلاوی نزیکدەبێتەوە. کوردیش دەست لەسەرۆک کۆمار بەرنادات.

### هاوپەیمانی حەکیم ــ مالیکی هەڵدەوەشێتەوە

دوای پێنج ڕۆژ گفتوگۆی چڕ، هەر دوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسا نەیانتوانی نوری مالیکی یان عادل عەبدولمەهدی بپاڵێون بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران. پێدەچێت بەیەکجاری ئەو هاوپەیمانێتیە هەڵبوەشێتەوە کە لەدوای هەڵبژاردن لەسەری ڕێککەوتبوون.

ڕۆژی ٢١ی ئەیلول لایەنە شیعییەکان لەسەر میکانیزمێک بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوی خۆیان ڕێککەوتن، ماوەی ٥ ڕۆژیان بۆ بڕیاردان لەو بارەیەوە دەستنیشانکرد، ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ئەو مۆڵەتە تەواوبوو، لەکاتێکدا لایەنە شیعییەکان لەسەر کاندیدێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی وڵات یەکلانەبوونەوە.

بەگوێرەی میکانیزمەکان بەتەوافق هەموو لایەنەکان لەسەر کاندیدێک ڕێکدەکەون، لەکۆی ١٤ دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی دادگەران، کەسی پاڵێوراو پێویستە نۆ دەنگ بەدەستبهێنێتو ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە پرۆسەکەیان یەکلانەکردەوە، ئەوا پرسی کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆکایەتی حکومەت دەخرێتە بەردەم دەستەی گشتی ئیئتیلافەکە کە لە ١٥٩ نوێنەر پێکهاتووەو هەر کەسێک توانی ٦٠ تا ٦٥ لەسەدای دەنگی ئەو نوێنەرانە بەدەستبهێنێت، ئەوا دەبێتە پاڵێواوی ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق (حەکیم ـ مالیکی) بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی وڵات.

### ڕەوتی سەدر دەنگ بەمالیکی دەدەن

لەپێشهاتێکی نوێدا ڕەوتی سەدر کەخاوەنی ٤٠ کورسییە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ئامادەیە بەمەرج پشتیوانی لەهەڵبژاردنەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی داهاتوو بکات.

قوسەی عەبدولوەهاب ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران سەر بەڕەوتی سەدر ڕایگەیاند، هەرچەندە زۆربەی لایەنەکان دژی دووبارە کاندیدکردنەوەی سەرۆکی لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا نوری مالیکین بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران، بەڵام ڕەوتی سەدر ئامادەیە بەمەرج پشتیوانی لەنوری مالیکی بکات.

چاودێرانی ڕەوشی سیاسیی عێراق هەڵوێستی ڕەوتی سەدر بەگۆڕانکارییەکی گەورە لەنەخشەی سیاسیی عێراق وەسفدەکەن، بەڵام پێدەچێت ئەو گۆڕانکارییە دۆخەکە ئاڵۆزتر بکات بەهۆی دابەشبوونی ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ دووبەرە.

پێکهێنانی کابینەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێویستی بەرەزامەندی دەنگی زیاتر لە ١٦٠ نوێنەر هەیە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. بەو هەڵوێستەی سەدر مالیکی ١٢٩ دەنگی مسۆگەرکردووە، بەڵام پێدەچێت بەهۆی هەڵوێستەکەی سەدرەوە باقی ئیئتیلافی نیشتمانی دەنگ بەعەلاوی بدەن.

### سەدر لەژێر فشاری ئێراندایە

سەرچاوەیەکی نزیک لەدانوستاندنەکانی سەر بەکوتلەی ئەحرار کەنوێنەرایەتی ڕەوتی سەدر دەکەن، ڕایگەیاند، هەڵوێستی سەدرییەکان بەرانبەر بەعادل عەبدولمەهدی کاندیدی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی خەجاڵەتبارانەیە، چونکە پێشتر بەڵێنییان پێدابوو پشتیوانی بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی عەبدولمەهدی نەیتوانی هەموو لایەنە شیعییەکان ڕازی بکات دەنگی پێبدەن، سەدرییەکانیش لەبەڵێنی خۆیان پاشگەزبوونەتەوە.

ئەو سەرچاوەیە بەرۆژنامەی حەیاتی لەندەنی ڕاگەیاندووە، سەدرییەکان مۆڵەتییان دابووە عەبدولمەهدی بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو لایەنەکان ڕازی بکات، بەڵام ئەو نەیتوانی ئەو کارە بکات و ناچار سەدرییەکان لەبەڵێنی خۆیان پاشگەزبوونەوە.

هەروەها وتوویەتی "سەدرییەکان لەلایەن ئێرانو مەرجەعەکەیان، واتە ئایەتوڵڵا کازم ئەلحائرییەوە زۆر فشارییان خراوەتەسەر بۆ ئەوەی پشتیوانی لەمالیکی بکەن".

ئەو هەواڵە لەکاتێکدایە کەمحەمەد عەلاوی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلیستی عێراقییە ڕایگەیاند، سەرەڕای ئەو فشارانەی لەسەر ڕەوتی سەدر دروستکراون بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە پشتیوانی لەنوری مالیکی بکات، بەڵام وتوێژی تەلەفۆنی سەدرو عەلاوی ئیجابی بووەو هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کەپێویستە هەموو لایەنەکان بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی وڵاتدا بکەن".

### کورد سەرۆکایەتی کۆماری دەوێت

جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند، کورد سوورە لەسەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، بەتایبەتی بۆ ئەم خولەی ئێستا کەبەڕێوەیە.

سەبارەت بەوەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی حەیاتی چاپی لەندەن سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند، ئەو پەیوەستە بەوەرگرتنەوەی ئەو پۆستە، چونکە کۆدەنگیی لەسەر هەیەو هەمووان ئەوەیان خستووەتەڕوو کەپێویستە ئەو پۆستە بدرێتەوە پێی.

تاڵەبانی وتی " ئەمجارە کورد دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار نابێت، من خۆم لەوبڕوایەدام هەموو پۆستەکان شیاوی گفتوگۆ لەسەر کردنن، بەڵام هاوپەیمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەپێویستە ئەو پۆستە بۆ کورد بێتو هیچ نا بۆ ئەم خولە بۆ کورد بێت".

# کوردەکان، دوزخورماتوو دەفرۆشن بەعەرەبو تورکمانەکان

## فەرامۆشکردنی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم لەلایەن دەسەڵاتی کوردستانەوە، سیاسەتی تەعریبی بەعس درێژە پێدەدات

ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک

قایمقامی ناوەندی دوزخورماتوو رایدەگەیەنێت کەهەڵمەتێکی تەعریب لەقەزاکەیان لەلایەن خودی کوردەکانەوە بەڕێوەیە، دەڵێت بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریو پێداویستیەکانیانەوە ٤٠٠ خێزانی کورد ناوی خۆیان بۆ کۆچکردن بۆ هەولێرو سلێمانی تۆمارکردووەو کۆچیان کـردووەو زەویو موڵکەکانیان بەچەندان سەرمایەداری تورکمانو عەرەب فرۆشتووە.

سەرمایەدارێکی زۆری عەرەبو تورکمان روویـان لەقەزای دوزخورماتوو کـردووە بۆ کڕینی زەویو موڵکی ئەو خێزانە کوردانەی کەدەیانەوێت ناوچەکە جێبهێڵنو بێزاربوون لەنەبوونی خزمەتگوزاری، بەپێی زانیارییەکانی دەستووریش ئەو سەرمایەدارانە ئەو هەلەیان قۆستووەتەوەو بەپشتگیری لایەنی تر چەندان پارچە زەویو موڵکی تاپۆکراوی کوردەکانیان لەچەند مانگی رابردوودا کڕیوە.

شەلال عەبدوڵڵا دەڵێت وەکو قایمقامیەت ناتوانن بەهیچ شێوەیەک رێگری لەهیچ خێزانێک بکەن، چونکە خەڵکی بەدوای ژیاندا دەگەڕێتو ژیانیش لەدوزخورماتوو نەماوە.

شـەلال دەڵێت دوزخـورمـاتـوو لەساڵی ١٩٣٠وە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەوڵی تەعریبکردنی دراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، وتی بەڵام هاوکارینەکردنی حکومەتی هەرێم لەچەند بوارێکدا وایکردووە کوردەکان ئەو قەزایە بەجێبهێڵنو بەرەو شارەکانی دیکەی کوردستان کۆچبکەن.

شـەلال عـەبـدوڵـڵا قایمقامی نـاوەنـدی دوزخورماتوو بۆ یەکەمجار لەو سنوورە ئەو بێدەنگییە دەشکێنێت لەبارەی پشتگوێخستنو گوێنەدان بەداواو داخوازییەکانی کوردەکان، دەڵێت کۆبوونەوەو داواکردنی خزمەتگوزاری لەبەرپرسانی کورد لەوانە سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تەنیا بەڵێنە، وتی "هیچیان نەکردووە بۆ خورماتوو".

شـاڵاوی کۆچی خـانـەوادەکوردەکـانـی سنووری قەزای دوزخورماتوو لەچەند هەفتەی رابردوودا دەستیپێکردووەتەوە، بەچەند رۆژێک بەر لەکردنەوەی قوتابخانەکان ئەو شاڵاوە چڕتربووەتەوە، بەپێی ئەو تۆمارانەی لای قەزای ناوەندی دووزخورماتوو هەیە، تائێستا زیاتر لە ٤٠٠ خێزانی کورد ناوی خۆیانیان تۆمارکردووەو ناوچەکەیان بەجێهێشتووە.



لەچەند مانگی رابردوودا ٤٠٠ خێزانی کورد دوزخووماتوویان بەجێهێشتووە

شەلال وتی "ئەو ٤٠٠ خێزانە بەمەبەستی وەرگرتنی پشتگیری بۆ بازگەکان ناویان لای ئێمە تۆمارکردووەو کۆچیانکردووە بۆ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لەوانەش هەولێرو سلێمانیو کەلارو کفری، ئێمە دڵنیاین رێژەکە زیاترە لە ٤٠٠خێزان، چونکە بەدەیان خێزانی دیکەی کورد هەن بەبێ پرسی ئێمەو لەڕێگای خۆیانەوە کۆچیانکردووە".

شـەلال دەڵێت ئـەو نەهامەتییە تەنیا هاووڵاتیانی ئاسایی نەگرتووەتەوە، بەڵکو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشو پێشمەرگەشی گـرتـووەتـەوە، ئـەو کـادرو کـارمـەندانـەی دەوامەکانیان لەهەولێرو سلێمانیەو پێشتر لەوێوە گەڕابوونەوە بۆ دوزخورماتوو، ئێستا جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکوک.

شەلال وتی "ناتوانین بەهیچ شێوەیەک رێـگـریـان لـێ بـکـەیـن، چـونـکـە خـەڵکی بـەدوای ژیاندا دەگەڕێت، ئێمەش ناتوانین خزمەتگوزاری پێویست بۆ ئەوان دابینبکەینو مافی رێگەگرتنیشمان نابێت".

قایمقامی ناوەندی قەزای دوزخورماتوو هۆکارەکانی کۆچی خێزانە کـوردەکـانو فرۆشتنی موڵکەکانیان بەعەرەبو تورکمانەکان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کەحکومەتی ناوەندی بەهیچ جۆرێکو لەهیچ بوارێکدا هاوکاری پێویستی ئەو قەزایە ناکاتو پەنابردنیان بۆ حکومەتی هەرێمیش سوودی نەبووە.

شەلال وتی "دووجار سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵـحـمـان کــردووە، بــەڵام بـەداخـەوە هـەمـوو پـرۆژەکـانـی تەنیا بەڵێن بـووەو هیچی نەچووەتە بـواری جێبەجێکردنەوە، لەکاتێکدا ئێمە وەک ئـیـدارەی خورماتوو تـەواوی گرفتەکانی خۆمانمان بۆ بەڕێزیان زۆر بەڕوونی باسکردووە، بـەڵام ئەوانیش هاوشانی بەغداد تائێستا هیچ هاوکارییەکی ئەوتۆیان پێشکەشنەکردووین، ئەمەش جێگای نیگەرانییەو دەرئەنجامەکەشی کۆچکردنی خانەوادە کورردەکانی لێدەکەوێتەوە".

قایمقامی دوزخورماتوو ئاماژەی بەوەشدا کـەئـەوانـەی کـۆچـدەکـەن بەشێوەیەکی کاتی دوزخـورمـاتـوو بەجێناهێڵن، بەڵکو لەکردارەکانیاندا وادیارە کە بەیەکجارەکی بیر لەبەجێهێشتنی زێدی باوباپیرانیان دەکەنەوە.

ئەو وتی "چونکە هاووڵاتیان بەگشتی خانووەکانیان هەروەها زەوییە کشتوکاڵیو زەوییەکانی تریشیان دەفرۆشنە سەرمایەدارە عەرەبو تورکمانەکان".

بەرپرسانی قەزای دوزخورماتوو دەڵێن هەرچەندە لـەڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە ئەوەیان بەخێزانە کوردەکان راگەیاندووە کەپێویستە هەرتاکێکی کـوردی هەست بەهەستی نەتەوەیی خۆی بکات، دەستبەرداری خانوو و زەوییە تاپۆکانیان نەبن، چونکە دەرئەنجام کاردانەوەی سیاسی لێدەکەوێتەوە، بـەڵام هاووڵاتیان لـەوەڵامـدا دەڵێن ئەگەر حکومەتی هەرێم لەخەمی ئێمەدا نەبێتو پرۆژەی پێویستمان بۆ ئەنجامنەدات، پێویست ناکات ئێمەش بایەخ بەلایەنی نەتەوەیی بدەین.

شەلال وتی "ئەو خێزانە کوردانە ئەگەر زەویو موڵکە تاپۆکراوەکانیان نەفرۆشن، ناتوانن لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی درێژە بەژیانیان بدەنو زەویو خانوو بکڕن".

تەنیا لەگەڕەکی رزگـاری ئـەو قەزایە کەگەڕەکێکی کوردنیشنە زیاتر لە ١٠٠ خانوو لێی نووسراوە ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە.

بەپێی وتەی شەلال عەبدوڵڵا کڕیارێکی زۆری تورکمانو عەرەبەکان روویان لەو قەزایە کردووەو سەرمایەدارێکی زۆر پارەکانیان بۆ کڕینی موڵکو زەوی تاپۆکراوی کوردەکان سەرفدەکەن.

قایمقامی ناوەندی دوزخورماتوو ئاماژە بـەوە دەدات کە لـەبـواری پــەروەردەو خوێندندا قەزاکەیان زۆر فەرامۆشکراوەو رێگری زۆر لەمامۆستا کوردەکانی خوێندنی کـوردی دەکرێت. ئەوەشی بەهۆکارێکی تری کۆچکردنی خێزانە کوردەکان زانی.

شـەلال وتـی "لەئەمساڵدا لەکۆی پەنجاو شەش قوتابی ئامادەیی تەنیا ٥ پێنج قوتابیمان پلەی دەرچـوون یان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەموو قوتابیانی دیکە لەوانەکانیان ماونەتەوە هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی مامۆستاو نەبوونی کتێبو پێداویستیەکانی خوێندنو نەبوونی ئیدارەیەکی کـوردیو نەبوونی دەسەڵاتی پێویستی کوردی لەو سنوورە دەگێڕینەوە".

بەرپرسانی قەزاکە سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی پەرلەمانیان لەو کێشانەی شارەکە ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام بێدەنگبوونو هیچ وەڵامێکیان نەبووە.

شەلال ئەوەشی وت "لایەنی کوردی بەدەستی خۆی هەنگاو دەنێت بەرەو پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەعریب لەم سنوورەدا، کەحکومەتی پێشووی عێراق بەهەموو هێزو قورساییەکی خۆی لەهەوڵی تەعریبکردنی ئەم ناوچەیەدا بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، ئێستا هاوکارینەکردنی حکومەتی هەرێمو ئاوڕنەدانەوەیان لەئێمە، دەبێتە هۆکارێک بۆئـەوەی خـانـەوادە کوردەکان خۆیان بەئارەزووی خۆیان بیر لەبەجێهێشتنی ئەم سنوورە بکەنەوە".

# لەسۆران دانانی بەرپرسی کۆمیتەکانی یەکێتی کێشەی دروستکردووە

## بەرپرسی مەڵبەندی سۆران: بەهیچ شێوەیەک کوتلەکاری لەبەرچاو نەگیراوە لەدانانی کارگێڕی مەڵبەندو بەرپرسی کۆمیتەکاندا

دەستوور

لەمەڵبەندی سـۆرانـی یەکێتی دانـانـی بەرپرسی کۆمیتەو کارگێڕ مەڵبەندەکان نارەزایی دروستکردووە، گلەیی ئەوە دەکرێت ئەو شێوازی گۆڕانکارییەی لەمەڵبەندەکانی هەولێردا کراوە، لەسۆران رەچاونەکراوە.

بەپێی بـڕیـارەکـانـی کۆنگرەی سێی یەکێتی نیشتمانی کـوردسـتـان کـاری کەمکردنەوەی مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی لەپارێزگاو قەزاکاندا لەقۆناغی کۆتاییدایە، بەڵام لەسۆران دانانی بەرپرسی کۆمیتەکانو کارگێڕ مەڵبەندەکان کێشەی دروستکردووە.

کـادرە نارازییەکانی یەکێتی دەڵێن لەبەرچاونەگرتنی کارایيو لێهاتووی کادر لەدانانی بەرپرسی کۆمیتەکاندا، وەک ساڵی ٢٠٠٦ کە بەهۆی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانەوە کۆمەڵێک کـادری چـالاک دوورخـرانـەوەو کەسانی تر خرانە جێگەکانیان، تەنیا لەبەری ئەوەی کارگێڕ مەڵبەند نەبوون پێشتر.

بەپێی بڕیارێکی مەڵبەندی سۆران هیچ بەرپرسێکی کۆمیتە لەپۆستەکەیدا نامێنێت، بەڵکو کارگێڕەکان جێگەیان دەگرنەوە، بەڵام بەشێک لەبەرپرسانی یەکێتی لەو ناوچەیە دەڵێن دەبوو رەچـاوی توانای بەرپرسی کۆمیتەکان بکرایە، چونکە پێیانوایە هەندێک بەرپرسی کۆمیتە دڵسۆزانە ئیشیکردووەو دەبوو لەپۆستەکەیدا بمایەتەوە.

کارگێڕ مەڵبەندێکی مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدەستووری راگەیاند "لەمەڵبەندی هەولێر چەندان بەرپرسی کۆمیتە وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەلێهاتوو و کارابوون لەرابردوودا، بەڵام لەمەڵبەندی سۆران هەموو کارگێڕ مەڵبەندێک راستەوخۆ دەکرێتە بەرپرسی کۆمیتە بەبێ ئـەوەی بیر لەوە بکەنەوە کەبەرپرسی کۆمیتەکانی پێشوو لـەرابـردوودا چۆن کاریانکردووە، ئەگەر باشبووبن بیانهێڵنەوە".

مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کـوردسـتـان ٢١ کـارگـێـڕ مـەڵـبـەنـدو ٢١ کۆمیتەشی هەیە، بەڵام هەر دوو کۆمیتە تێکەڵاودەکرێنو دەکرێنە یـەک کۆمیتە بـەمـەش ١١ کارگێڕ مەڵبەند دەکرێنە لێپرسراوی کۆمیتەکانو لێپرسراوەکانیش راستەوخۆ لادەبرێنو دەکرێنە جێگریان.

بەوتەی ئەو بەرپرسەی یەکێتی ئەوە بووەتە کێشەیەک لەناو مەڵبەندی سۆراندا، چونکە ئەو کارگێڕ مەڵبەندانەی کەنابنە لێپرسراوی کۆمیتە، پێیانوایە ئەوانەی دادەنرێن بەکوتلە دادەنرێن، بەڵام ئارێز عەبدوڵڵا بەرپرسی مەڵبەندی سۆران ئەوە رەتدەکاتەوە.

ئـەو کـارگـێـڕ مـەڵـبـەنـدەی سـۆران کـەنـەیـویـسـت نـاوی بـڵاوبـکـرێـتـەوە وتـی"لـەبـەرانـبـەر نـاڕەزایـی کـارگـێـڕ مەڵبەندەکاندا، بەرپرسی کۆمیتەکانیش نارازین لەو بڕیارە لەبەرئەوەی ئەوانیش دەڵێن ئەو بەرپرسی کۆمیتانەی لەرابردوودا کـارا نـەبـوون، بگۆڕدرێن، نـەک ئەوانەی دڵسۆزی یەکێتینو کارابوون، بگۆڕدرێن".

ئارێز عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو لێپرسراوی مەڵبەندی سۆرانی ئەو حیزبە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت ئەو بڕیارانەی مەڵبەند داویەتی جێبەجێکردنی بـڕیـارو راسـپـاردەکـانـی کـۆنـگـرەن، وتی "ئـەوەش بەهیچ شێوەیەک کەمکردنەوەی پلە یـان کەسایەتی هیچ کەسێک نییە، بەڵام مەڵبەندەکە رێکخراوەتەوە بەشێوەیەک کەپێمانباشە، ئەو باشییەش بۆ هەموو لایەک وەکو یەکە، لەبەرئەوە من نەمزانیوە کـەس گلەیی هەبێت، چونکە بڕیارێکی گشتییە هەر کەسێک ئەندامبێت یان کادری هەر حیزبێک بێت، پێویستە پابەندبێت بەبڕیارو راسپاردەکانی حیزبەکەی".

کارگێڕ مەڵبەندەکەی یەکێتی دەڵێت ئەو گۆڕانگارییانە بۆ دوورخستنەوەی باڵی کۆسرەتە، وتی "ئێستاش لەو مەڵبەندە تەواو هەست بەپشتگوێخستنی باڵی کاک کۆسرەت دەکرێت".

ئـەو کارگێڕ مەڵبەندە ئاشکرایکرد رۆژی ٩/١٩ لەمەڵبەندی پێشووی شەقڵاوە ئەوانەی کە لەناو مەڵبەند بەباڵی کۆسرەت ناسراون، بەنهێنی کۆبوونەوەیەکیان کردووەو گفتوگۆیان لەسەر ئەو پشتگوێخستنانەو گۆڕانکاری لەبەرپرسی کۆمیتەکاندا کردووە.

بەوتەی ئەو کارگێڕ مەڵبەندە یەکێتی بەرنامەکانی کۆنگرەی جێبەجێنەکردووە، بەتایبەت لەبارەی پاداشتو سزاوە، ئەو وتـی "لەکۆنگرەدا باسی سـزاو پاداشتی ئەندامان کرا، بەڵام ئەمە تەنیا قسە بووەو جێبەجێنەکرا. بەرپرسی کۆمیتە هەبووە لەچەند ساڵی رابــردوودا نـاوی بندیواری نووسیوەو موچەکانی بۆخۆی بـردووە، بەرپرسی کۆمیتە هەیە گومانی پاراستنی لەسەرە، کەچی ئەوانە هەموویان دەبنەوە جێگر، لەبەرانبەریشدا لێپرسراوی کۆمیتە هەیە زۆر چـالاکو کـاراو دڵسۆز بـووە، ئەوانیش دەکرێنەوە جێگر".

ئارێز وتـی "شێوازی رێکخستنەوە لـەشـارێـکـەوە بـۆ شارێکی تـر رەنگە جیاوازی هەبێت، لەوانەیە لەهەولێرو سلێمانی بەشێوەیەک بێت، چونکە هەر ناوچەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لەسنووری مەڵبەندی سۆران بەو شێوەیە رێکخراوەتەوە، کۆمیتەکان بەهێزکراون، لەزۆر شوێن دوو کۆمیتە کراوە بەیەک کۆمیتە، لەبەرئەوە پێویستی کردووە لێپرسراوێکی نوێی بۆ دابنرێت".

بـەڕای ئارێز مەسەلەکە ئەوەنییە گلەیی لەلێپرسراوێکی کۆمیتەیەک هـەبـێـت، بەڵکو مەسەلەکە ئـەوەیـە پێویستییەکە دەبێت ئەو گۆڕانکارییانە بـکـرێـن، "بـۆ بـاش بـەڕێـوەچـوونـی کاروبارەکان ئەو بڕیارانە دراوە، دڵنیاشم هیچ کەسێک گلەیی نییە، چونکە ئەوەی کراوە جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی".

لەبارەی گۆڕانکاریکردن لەبەرپرسی کۆمیتەکانو کارگێڕ مەڵبەندەکان، ئارێز دەڵـێـت "کارگێڕەکانمان کــردووە بە بەرپرسی کۆمیتەکان بۆ بەهێزکردنەوەو یەکخستنەوەی کۆمیتەکان".

رەتیشکردەوە کوتلەکاری کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت، وتی "بەهیچ شێوەیەک کوتلەکاری لەبەرچاو نەگیراوە لەدانانی ئەو کارگێڕانەدا".



داوادەکرێت لێهاتوویی و دڵسۆزی پەیڕەوبکرێت لەدانانی بەرپرسەکاندا

# گوماندەکرێت لێکۆڵینەوە لەگەندەڵی بۆ مەرامی سیاسی بەکاربرێت

## دەیان ڕاپۆرتو بەڵگە لەسەر گەندەڵی بەرپرسان بڵاوکرانەوە، بەڵام یەکێتیو حکومەت تەنیا لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕاپۆرتەکانی گۆڤاری هەفتانەو ئاسۆ دەکەن

کاروخ نامیق

گوماندەکرێت سووربوونی یەکێتیو حکومەت لەسەر بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەکردن لەراپۆرتێکی گۆڤاری هەفتانەو ڕاپۆرتێکی رۆژنامەی ئاسۆ لەبارەی گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات مەبەستی سیاسی لەپشتەوەبێت.

**جیاوازی دەکرێت لەنێوان دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا**

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک بەناونیشانی (موڵکدارێتی بەموڵکی گشتییەوە) لەژمارە ١٠٨ رۆژی ١٥-٢١ ئاب ٢٠١٠ گۆڤاری هەفتانە، کەگۆڤارێکی سیاسیی گشتییە خەندان بۆ پەخشو وەشاندن دەریدەکات، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی داوای لێکۆڵینەوە لەناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە دەکات، هەروەها حکومەتیش لیژنەیەکی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنا، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئاسۆش لەبارەی دیارنەمانی بەشە چیمەنتۆی هەولێرو سلێمانییەوە حکومەتو پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکەن، لەکاتێکدایە چەندان هەواڵی گەندەڵیو کەموکورتی لەرۆژنامە ئەهلییەکانو رۆژنامەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی بڵاودەکرێنەوە، بەڵام پشتگوێدەخرێن.

لەراپۆرتەکەی گۆڤاری هەفتانەدا کەپشت بەزانیارییەکانی سەنتەری تەکنەلۆژیایی زانیاری سەر بە بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی بەستراوە، تیایدا گەندەڵییەکانی دابەشکردنی زەوی لەهەرێمی کوردستاندا دەخاتەڕوو بەو پێیەی شەست سەرۆکو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کەزیاد لەجارێک موڵکیان لەحکومەت وەرگرتووە لەسنووری سلێمانیدا.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/١٩ ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری هەفتانەی تاوتوێکردووە، بەشێوەیەکی فەرمی داوای لەسەرۆکی حکومەت کردووە، بەدواداچوون بۆ ئەو دۆسیەیە بکاتو لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت، بۆئەوەی بەرێچکەی یاسایی ئەو کەیسە چارەسەربکرێت، تا لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، یەکێتی پێداچوونەوە بەمتمانەی خۆی بەو کەسانە بکات کەناویان هاتووە.

مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕۆژێ دوای ئەوە ڕایگەیاند مەکتەبی سیاسیی سوورە لەسەر لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە، هەروەها دەڵێت متمانە لەهەریەکێک لەو کەسانە دەسەنرێتەوە گەر ئەو تۆمەتەیان بەسەردا ساغبێتەوە.

هەفتانەو ڕۆژانە چەندان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لەسەر گەندەڵیو خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتو بەفیڕۆدانی سەروەتو سامان لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەبێتەوە، بەبێئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەوبارەیەوە بکرێت.

لەکاتێکدا چەندان بەڵگە لەسەر گەندەڵیو بەهەدەردانی سامانی گشتی لەسەر شارەوانی کەلارو کفری بڵاوکرانەوە، بەرپرسەکانیشیان دران بەدادگا، بەڵام یەکێتی نەک پشتگیری لەو دۆسێیانە نەکرد، بەڵکو پۆستی یەکێک لەتۆمەتبارەکانی بەرزکردەوە.

لەبارەی ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر دیارنەمانی بەشە چیمەنتۆی هەولێرو دهۆک بڵاوکرایەوە، سۆزانی خاڵە شیهاب سەرۆکی لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کەبەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت داوای لێکردووە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات.

سۆزان پێشتر وتی «منیش داوام لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی هەولێرو دهۆک کرد، بەدواداچوون بکەن».

ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری هەفتانە پشتی بەزانیارییەکانی سەنتەری تەکنەلۆژیایی زانیاری بەستووە، زۆربەی ئەو گەندەڵیانەی لەرۆژنامەکانی تریش بڵاودەبێتەوە پشتی بەراپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بەستووە. بەڵام بەرپرسانی یەکێتی بیانوو دەهێننەوە بەوەی زۆرێک لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی تر متمانەیان لەدەستداوە.

ئازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت «ڕۆژنامەکانی تر تاڕادەیەکی زۆر متمانەی خۆیان لەدەستداوە، دەست ناپارێزن لەبەکارهێنانی دەستەواژەی وەک وشەی گەندەڵ، دادگا دەبێت ئەوە یەکلاییبکاتەوە ئەو کەسە گەندەڵە یاخود نا، ئەوان لایەنی دادوەری نیین تاکو بڵێن فلانەکەس گەندەڵە دەتوانن بڵێن تەجاوزی کردووە، دادگا دەبێت تەجاوزەکە بەگەندەڵی حیساب بکات، نەک ڕۆژنامە حکوم بدات ئەو کەسە گەندەڵە».

ئازاد جوندیانی دەڵێت گۆڤاری هەفتانەی دەزگای خەندان تائێستا متمانەی لای ئەوان لەدەستنەداوە، «لەبەرئەوەی پرۆفیشناڵانەتر کاردەکەنو هیچ مەبەستێکی سیاسیان نییەو ئەجندایەکی سیاسیان لەپشتەوە نییە».

هەروەها وتی «متمانەمان بەهەندێک هەواڵی ڕۆژنامەو گۆڤار نییە بەو شێوەیەی کەپێویستە لەسەری بوەستیت، بەڵام ئەگەر بە بەڵگەوە شتێک بڵاوبێتەوە لەهەر شوێنێک بێت لەسەری دەوەستین، بەتایبەتی لەدوای کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی کەیەکێک لەراسپاردەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە».

زانا ڕەئوف ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان پێیوایە کارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی لەرۆژنامە حیزبییەکان بڵاودەکرێنەوە لەلایەن حکومەتەوە زۆرجار بۆ

> **ئازاد جوندیانی: متمانەمان بەهەندێک هەواڵی ڕۆژنامەو گۆڤار نییە بەو شێوەیەی کەپێویستە لەسەری بوەستیت**
>
> **زانا ڕەئوف: کارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی لەرۆژنامە حیزبییەکاندا بڵاودەکرێنەوە لەلایەن حکومەتەوە زۆرجار بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردێت**

مەبەستی سیاسی بەکاردێت، وتی «بەشێک لەرۆژنامە حیزبییەکان بۆئەوەی میزداقیەتی خۆیان بسەلمێنن، داوا لەحکومەت دەکەن کار لەسەر بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەوان بکرێت».

زانا بەگرنگی دەزانێت ئەو بابەتە لەقاڵبی سیاسی بهێنرێتە دەرەوە بۆ قازانجی ئەو ڕۆژنامە حیزبیە بەکارنەهێنرێت، بەڵکو بابەتەکە وەک خۆی سەیربکرێت.

ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە پێیوایە ئەگەر ئەو ڕاپۆرتەی گۆڤاری هەفتانە لەو ڕوانگەیەوە سەیربکربێت کەگەندەڵی هەیەو حکومەت بەدواداچوونی بۆ دەکات ئەوە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام وتی «ئەگەر بیکاتە ئەوەی مادام سەربەخۆمە بۆیە پشتگیری لێدەکەم، ئەوە کارێکی باش نییە، بەڵام ئەم جۆرە دۆسییانە زۆرجار وەکو کەرەستەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، پێویستە لەچوارچێوەی گەندەڵی سەیری چارەسەرکان بکەین بەتایبەتی ئەگەر نیەتێک هەبێت بۆچارەسەرکردنی ئەو گرفتانە».

خالید سلێمان سەرنووسەری هەفتانە وتی «کۆمەڵێک ڕۆژنامە لەکوردستاندا متمانەیان نەماوە، بۆ نمونە مانشێتێک دادەنێن، بەڵام لەناوەڕۆکی هەواڵەکەدا ئەو مانشێتە نییە، ئەمە جۆرێک لەمتمانەی لەکاری ڕۆژنامەگەری کەمکردووەتەوە، حکومەتیش زۆر گوێیان پێنادات».

هێرش ڕەسوڵ مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، بەدەستووری وت «هەڵەیەکی گەورەو کوشندەیە ئەگەر حکومەت بەدواداچوون تەنیا بۆ ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانە بکات کە لەکەناڵە حیزبییەکاندا بڵاودەبێتەوە، چونکە حکومەت دەبێت وا سەیری کاری ڕۆژنامەنووسی بکات یارمەتیدەرو تەواوکاری کارەکانی ئەوە».

هێرش وتی ئەرکی چاودێری کەمیدیا پێی هەڵدەستێت خۆی لەخۆیدا خزمەتە بەکاروبارەکانی حکومەت.

**حکومەت بەدوادچوون بۆ دوو ڕاپۆرتی دەزگای خەندان دەکات**

د. نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «لیژنەیەک لەئەنجومەنی وەزیران دروستکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرۆک شارەوانییەکانو ئەندامی شارەوانییەکان کەچەند جارێک موڵکیان لەحکومەت وەرگرتووە».

هەروەها وتی «ماوەیەکی کەمە لیژنەکە دروستکراوەو هیچ ئەنجامێک دەرنەکەوتووە».

نوری عوسمان ڕەتیکردەوە هیچ قسەیەک لەبارەی ئەوەوە بکات بۆچی لێکۆڵینەوە لەو زانیارییانە ناکەن کە لەرۆژنامەکانی تردا بڵاودەکرێنەوە.

ئازاد جوندیانی ڕایگەیاند «هەر کارمەندێکی حکومەت کەیەکێتی بێت، زانیارییەکی لەو جۆرەی لەسەر بڵاوبێتەوە، ڕاستەوخۆ تۆمەتباری ناکەین، بەڵکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەین، ئەگەر ئەنجامەکان وادەرچوو، بەپێی پەیڕەوەی ناوخۆ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەین».

ئازاد جوندیانی وتی داوامان لەحکومەت کردووە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەراپۆرتەکەی گۆڤاری هەفتانە پێکبهێنێت، چونکە ئەوان دەتوانن بیسەلمێنن ئەو زانیاریانەی بڵاوکراونەتەوە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان ڕاستە یان نا.

هەروەها وتی «ئێمە وەک حیزب مافی ئەوەمان نییە لێکۆڵینەوە لەفەرمانبەری حکومەت بکەین، ئەو کەسانەشی لەو گۆڤارە ناویان هاتووە، فەرمانبەری حکومەتن، هەرچەندە لیژنەیەک پێکهاتووە بۆئەوەی بانگیان بکەینو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام ئەنجامی کۆتایی لەسەر لێکۆڵینەوەی حکومەت دەوەستێت ئەگەر ڕاست دەرچوو، بێگومان ئێمە ئیجرائاتی حیزبی خۆمان دەکەین».

**چەند سەرۆک شارەوانییەک زانیارییەکانیان ڕەتکردووەتەوە**

ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لەراپۆرتەکەی گۆڤاری هەفتانەدا ناویان هاتبوو، نکوڵی لەوە دەکەن کەزیاد لەجارێک زەویان وەرگرتبێت، هەربۆیە داوای یاساییان لەسەر گۆڤاری هەفتانە تۆمارکردووە.

نامیق ئیسماعیل ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانیو کارگێڕی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی، بەدوو نووسراوی فەرمی کە لەبەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمو دووەمی سلێمانییەوە دەرچووە، ئاماژە بەوە دەدات کەئەو هاووڵاتییە تەنیا یەکجار زەوی وەرگرتووە، بەوەش ئەستۆپاکی خۆی لەو دۆسیە دەسەلمێنێت.

هەروەها تائێستا هەریەکە لەسەرۆکی شارەوانی هەڵشۆ، محەمەد حەسەن ئیبراهیمو سەرۆکی شارەوانی سێگردکان، فەرمان حەمەد ئەمین ئەحمەد سکاڵای یاسایان لەدژی سەرنووسەری هەفتانە تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی بەبیانووی ئەوەی ناویان زڕێنراوەو لەیەک پارچە زەوی زیاتریان وەرنەگرتووە.

فەرمان حەمەد ئەمین سەرۆکی شارەوانی سێگردکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «گۆڤاری هەفتانە تۆمەتێکی بێبنەمای بۆ هەڵبەستووم، گوایە من دوو پارچە زەویم لەحکومەت وەرگرتووە، بەڵام من بەهەموو شێوەیەک ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەمەوە».

فەرمان وتی «بەپێی قسەی هەفتانە بێت من دوو پارچە زەویم لەسلێمانیو کەلار وەرگرتووە، بەڵام من تەنیا یەک پارچە زەویم وەرگرتووە ئەویش لەکۆیەیەو ڕووبەرەکەی ١٥٠ مەترە».

محەمەد حەسەن ئیبراهیم سەرۆکی شارەوانی هەڵشۆ وتی «تەنیا یەک پارچە زەویم لەسنووری شارەوانی ڕانییە وەرگرتووەو فرۆشتوومە، تاپۆو موستەمسەکی یاسایم بەدەستەوەیە، لەو زەیەوییە زیاتر هیچ شتێکی ترم وەرنەگرتووە».

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانیش لیژنەیەک دروستکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرۆکو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، هەموو سەرۆکو ئەندامی شارەوانییەکان دەبێت سەردانی ئەو لیژنەیە بکەنو بەڵگەنامەی پێویست پێشکەشی ئەو لیژنەیە بکەن بۆ زانینی ئەوەی چەندجار سودمەنبوون لەوەرگرتنی زەوی.

ئازاد جوندیانی وتی «هەموو کەسێک هەوڵدەدات بەڵگەی ئەوە بێنێتەوە ئەو کەموکورتییەی لەسەری حیسابکراوە وانییە، ئەوەی ئەو بەڵگانە قبوڵدەکات، لیژنەی لێکۆڵینەوەیە کەلێکۆڵینەوە لەو دۆسییە دەکات».

لەسەر ئەو بابەتە سێ داوای یاسایی لەسەر گۆڤاری هەفتانە تۆمارکراوە، خالید سلێمان وتی «لەو ڕاپۆرتەدا ڕای یەک لایەنمان وەرنەگرتووە، بەڵکو پەیوەندیمان بەزۆربەی ئەو سەرۆک شارەوانیانەوە کردووە».

سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانە ئاشکرایکرد «ئەو کەسانەی لەراپۆرتەکەدا ناویان هاتووە کەموڵکو ماڵی دەوڵەتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، بەشێکی زۆری ئەندامی یەکێتین، لەبەرئەوە یەکێتی ناچاربوو بێنەدەنگ، چونکە سومعەی ئەو حیزبە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە لەبەرئەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆبوونەوەی لەسەر ئەو دۆسێیەکرد».

**حکومەتو حیزب هەڵەدەکەن**

زانا ڕەوف ئەندامی لیژنەی نەزاهە پێیوایە ئەگەر لەهەر شوێنێک گەندەڵی هەبێتو حکومەت بەدواداچوونی بۆ بکات جێگەی دەستخۆشیە، بەڵام وتی «گرنگ ئەوەیە بتوانرێت سەرچاوەی ئەو گەندەڵییە نەهێڵرێت، بەڵام دەبێت ئەو پلانەی هەیە کە لەلایەن حکومەتەوە یان لەلایەن داواکاری گشتییەوە پێویستە گشتگیر بێت، چونکە ئەگەر گەندەڵی سەلمێنرا، گەندەڵییە ئەگەر لەرۆژنامەیەکی حیزبی بڵاوبکرێتەوە یان لەرۆژنامەیەکی ئەهلیو ئۆپۆزیسیۆندا پێویستە بەگرنگ وەربگیرێت».

هێرش ڕەسوڵ دەڵێت میدیا ئاوێنەی کۆمەڵگایە، واتا ئەو ئاوێنەیە کەخۆی تێدا دەبینێت بەتەواوی نەک بەشێوێنراوی، بۆیە حکومەتیش کاتێک وەک ئەو ئاوێنەیە سەیری میدیای کرد، پێویستە چەوتو کەموکوڕییەکانی خۆی لەبەر ئەو ئاوێنەیە چاکبکات، نەک لایەک فەرامۆشبکاتو لایەنێکی تر بەپێچەوانەوە گرنگی پێبدات.

بەڕای هێرش گرنگیدان بەو ڕاپۆرتو هەواڵو ریپۆرتاژو بەدواداچوونانەی کە لەرۆژنامە حیزبییەکان یان لەو ڕۆژنامانەی کەنزیک لەحیزبو حکومەتەوە دەردەچن هەڵەی حکومەتە، وتی «پێویستە پەیوەندییەکی تەندروست لەنێو میدیاو دەسەڵاتدا هەبێت».

ئاماژەی بەوەشدا کەحکومەت دەبێت سوپاسی میدیا بکات کاتێک هەواڵی گەندەڵیو کەموکورتی بڵاودەکاتەوە بەبێ جیاوازی ئەگەر لەمیدیایی ئەهلی بڵاوبێتەوە. یان میدیای حیزبی یاخود ئۆپۆزیسیۆن، پێویستە حکومەت بەدواداچوونی بۆ بکات ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاستبوو، پێویستە ئەو هەڵەو کەموکورتییە ڕاستبکاتەوە، ئەگەر ڕاستیش نەبوو، پێویستە ڕوونکردنەوە بدات بەزمانێکی هێمن.








# چیرۆکی گەڕاندنەوەی ژیان بۆ قەڵا

## هێشتا ماستەرپلانی قەڵای هەولێر تەواونەبووە، نۆژەنکردنەوەی دەستپێکردووە

ڕێبوار جەلال لەهەولێر

کارەکانی گەڕاندنەوەی ژیان بۆ قەڵای هەولێر بەسستی دەڕوات، مەترسی رووخانی چەندان خانووی تری نێو قەڵاکەو دروستکردنی کاریگەری لەسەر شوێنەوارەکانی نێو قەڵاکە دەکرێت.
بیرۆکەی بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر (گەڕاندنەوەی ژیان بۆ قەڵا)، لەساڵی ٢٠٠٣دا سەریهەڵداو ئەوکات حکومەتی هەرێم (ئیدارەی هەولێر) لیژنەیەکی پێکهێنا، دوای چوار ساڵ بەهۆی ناشارەزایی‌و سستی لیژنەکەوە، لیژنەکە گۆڕدرا بۆ کۆمیسیۆنێک لەساڵی ٢٠٠٧دا کەبڕیاربوو بەهاوکاری یونسکۆ ماستەرپلانێک دابنرێت، بەڵام تائێستا ماستەرپلانەکە تەواونەبووەو کاری نۆژەنکردنەوەش لەقەڵاکەدا دەستپێکردووە.
نۆژەنەکردنەوەی قەڵای هەولێر بەپێی وتەی شارەزایانی ئەو بوارە پرۆژەکە سەرەتا بەهەڵە دەستپێکردووە، بۆیە لەساڵی ٢٠٠٧دا روویان لەڕێکخراوی یونسکۆ کردووە بۆئەوەی ماستەرپلانێکی نوێ دابنێن.
عەبدولڕەقیب یوسف شارەزا لەبواری شوێنەوارو کەلەپورو راوێژکاری پێشووتری سەرۆکی حکومەت بۆ کاری شوێنەوارو کەلەپوور دەڵێت "پرۆژەکە لەسەرەتادا بەهەڵە دەستپێکردو هەندێک ناوم بیست لەلیژنەکەدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ شوانێکدا نەبوو دەربارەی قەڵای هەولێر".
عەبدولڕەقیب باس لەو هەڵانە دەکات کە لەکاتی دەستپێکردنی نۆژەنەکردنەوەی قەڵای هەولێردا هەبووە، دەڵێت لەساڵی ٢٠٠٣دا لەمنیان پرسی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر چییەو چۆنە؟ منیش وتم ئاگام لەو پرۆژەیە نییەو نەمبیستووە.
هەروەها دەڵێت "پێیانوتم تۆ راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی بۆ کاری شوێنەوارو کەلەپور چۆن ئاگات لێنیە؟ منیش بەدواداچوونم کرد بۆئەوەی بزانم ئەم لیژنەیەی دروستبووە چۆنەو کێن؟ دواتر گەیشتمە دەرئەنجامێک کەهەندێک ناوم بیست، ئەوانە تەنیا قەڵایان بەچاوبینیوە، بەڵام هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ شوانێکدا نییە دەربارەی قەڵای هەولێر، لەبەرئەوە پرۆژەکە بەهەڵە دەستی بەکارەکان کرد".
لەهەوڵی یەکەمی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێردا هیچ هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە مێژوویی‌و شوێنەوارە کۆنەکان نەدراوە، بۆیە هەوڵی یەکەم بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر رەتکرایەوە.
بەبڕوای عەبدولڕەقیب یوسف دەبوایە لەسەرەتادا راوێژ بەشارەزایان‌و مێژوونووسان‌و رۆشنبیران‌و کەسانی شارەزا بکرایەو پلانی بۆ دابنرایە، دواتر لیژنەیەک پێکبهێنرایە بۆ گەڕان بەو سەرچاوانەو کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت دەربارەی قەڵاکە.
ئەو یەکێک لەهەڵەکانی باسکردو وتی "دەبوایە مێژووی ئیبن مستەوفی بکرایەتە بنچینەی پرۆژەکە، چونکە ئەم مێژووە ناوی هەندێک شوێنی گرنگی تیادایە کە لەوانە دەرگای رۆژئاوا کە کەس نازانێت هەبووە".
راوێژکاری پێشووتری سەرۆکی حکومەت دەڵێت چەندان جار داوای لەپسپۆڕان‌و شارەزایانی ئەو بوارە کردووە بۆ ئەوەی پلان بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان دابنێن، بەڵام کەس بەدوای ئەو کارەدا نەچووەو پشتگوێیانخستووە.
لەساڵی ٢٠٠٧دا کۆمیسیۆنێکی فراوانتر پێکهات، بۆ ئەوەی قەڵای هەولێر نۆژەنبکرێتەوە، دوای ئەوەی ئەو هەوڵانەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەدران تاڕادەیەکی زۆر بێسوودبوون.
پێش دامەزراندنی کۆمیسیۆنەکە پارێزگای هەولێر لەگەڵ یونسکۆدا یاداشتنامەیەکیان واژۆکردووە بۆ دانانی ماستەرپلان‌و لێکۆڵینەوە لەخانووەکانی سەرقەڵا.
ئەو کۆمیسیۆنە پرۆژەیەکی بەناونیشانی بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر ئامادەکردو پرۆژەکە چووە ئەنجومەنی وەزیران‌و بڕیاری نۆژەنکردنەوەکەی دەرچوو.
سەرەتا کۆمیسیۆنەکە بەفەرمی دانەمەزرا، تەنیا ئەندازیار دارا یەعقوبی کرا بەسەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر.
لەنێوان پارێزگاری هەولێرو یونسکۆدا یاداشتنامەیەکی نوێ کە ١٣ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرا، واژۆکرا، بەڵام تائێستا ئەو ماستەرپلانە تەواونەکراوە.
دارا یەعقوبی هۆکاری سستی کارەکانیان لەدوای ساڵی ٢٠٠٧ەوە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا ماستەرپلانەکە تەواونەبووەو وتی "زۆریش دواکەوتووە".
بەبڕوای عەبدولڕەقیب یوسف دەبوایە لەپێش چۆڵکردنی قەڵاکە لیژنەیەکی مەیدانیان پێکبهێنرایەو بچوونایەتە ناو قەڵاو هەموو خانووەکانیان ژمارە بکردایەو پرسیاریان لەدانیشتووانی قەڵا بکردایە دەربارەی خانووەکان کەشێوازیان چۆنبووەو چ جۆرە نەخشەسازییەکی لەسەر بووە.
هەروەها وتی "دەبوو زانیاری گرنگیان دەستبخستایە لەلایەنی هونەریی و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی دانیشتووانی بکۆڵدرایەتەوە، پێش چۆڵکردنی".
بەبڕوای ئەو شارەزایە چۆڵکردنی قەڵای هەولێر بەر لەوەی بەرنامەیەکی تۆکمە هەبێت بۆ نۆژەنکردنەوەکەی هەڵەیەکی گەورە بووە.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی یونسکۆو شارەزایانی بواری شوێنەوارناسی، شێوازی تەلارسازی قەڵا دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠ تا ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستاو کۆنترین باڵەخانەش حەمام‌و مزگەوتەو مێژووەکەی ٣٠٠ تا ٣٥٠ ساڵەو تا ساڵانی ٤٠ەکانیش کۆڵانەکانی قەڵا وەکو خۆیان مابوونەوە.
لەناو قەڵادا لەکۆی ٥٨٠ تەنیا نزیکەی ٣٥٠ خانوو ماونەتەوە، ئەوەی تری هەمووی رووخاوەو بەبلۆکی تازە نوێکراونەتەوە، لەو رێژەیەی کەماوەتەوە تەنیا نزیکەی ٨٦ خانوو بەتەواوەتی ماونەتەوەو ئەوانی تر نیوەی ماونەتەوە.
دارا یەعقوبی دەڵێت "ئەوانەی وەک خۆی ماونەتەوە بەتەواوەتی دەیپارێزین وەک خۆی، ئەوانەی کەنیوەیان ماوەتەوە، هەربەو شێوەیە دەیهێڵینەوە یان لەسەر شێوەی بینای کۆن دروستیاندەکەینەوە".
عەبدولڕەقیب یوسف ئاماژە بەوە دەکات کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم دەرگایەک لەرۆژئاوادا هەبووە کەلیژنەی نۆژەنکردنەوەکە هەر ئاگای لەو شتە نییەو لەسەردەمی قوچ پاشادا دروستکراوەو وتی "دەبوایە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ هەر وتارو لێکۆڵینەوەیەک بکرایە کەدەخرێنەروو بۆ ئەوەی سوود لەم زانیارییانە وەربگیردرێت".
شێوازی بیناسازییەکەی قەڵا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی، بەڵام شێوەی کۆنی لەمێژوودا بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
عەبدولڕەقیب وتی "کەم خانوو هەیە بگاتە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، چونکە هەمووی دەستکاری کراوە، کەمێکیان بۆ نزیکەی دووسەدساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە".
دارا یەعقوبی ئاماژەبەوە دەکات کەبەرنامەیەکیان هەیە بۆئەوەی ئەو خانووانە لەرووخان بپارێزن، کەمەترسیی ئەوەیان هەیە کەبڕوخێن وتی "تا ئێستا نزیکەی ٢٥ خانوومان لەرووخان پاراستووەو رامانگرتوون ئێستا لەقۆناغی سێیەمداین‌و ١٥ خانووی تر لەرووخان دەپارێزین".
بەپێی ئەوەی باسدەکرێت لەماستەرپلانەکەدا گۆڕانکاری لەشێوەی قەڵا ناکرێت‌و شوێنەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەو شوێنانەی کەرووخاون، هەوڵدەدرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ شێوەی ئەسڵی خۆی‌و قەڵاش دەکرێتە شوێنێکی گەشتیاری‌و دەبێتە شوێنێکی کلتووری.
دارا وتی "قەڵا دەبێتە شوێنێک بۆ ژیانی ئاسایی‌و بەگوێرەی بەرنامەکە وەک شوێنێکی شوێنەوار نامێنێت، خێزانە کۆنەکان لەناویاندا نیشتەجێنابن، بەڵام خەڵک لەناویدا دەژی".



# شۆفێریی تەکسی... پیشەیەک هەمووان پێی دەوێرن

## زۆرینەی فەرمانبەرانی حکومی‌و ئەوانەی لەسلکی عەسکەریدان بوون بەشۆفێری تەکسی

مەعاز فەرحان

دووبارەکردنەوەی وتەی شۆفێرێکی تەکسی، "مولازم‌و نەقیبیش تەکسیان پێیە" لەلای شۆفێرێکیتر خەریکبوو تووشی کێشەم بکات، چونکە ئەویش ئەفسەری پلەیەک بوو و ئیشی تەکسیش دەکات. ئەو قسەیە بێزاریکرد.
شۆفێرکە بەگرژییەوە وتی: بۆ نابێت؟ هەروەها وتی "مانگانە ٤٥٠ هەزارم هەیە، جاری واش هەیە بەدوو تا سێ مانگ جارێک موچە وەردەگرین، ئەی ئەگەر شۆفێری نەکەین، خۆ سواڵ ناکەین!".
ئەو لەیەکێک لەفەرماندەییەکانی پارتی ئەفسەری پلەیەکە کەزۆرترین خەڵک بەمولازم ناوی دەبەن.
ئەو فەرماندەییە درەنگ درەنگ موچە بەپێشمەرگەکانی دەدات، هەندێکجار دەگاتە سێ مانگ، بۆیە ئەو ئەفسەرە وتی "ئێمەش ناچارین‌و تەنیا دەتوانین ئیشی تەکسی بکەین‌و هیچ ئیشی ترمان پێناکرێت".
بەپێی ئامارێکی سەندیکای گواستنەوە تا ٢٠١٠/١/١، ١٠٣٩٥ تەکسی تەنیا لەناو شاری سلێمانیدا تۆمارکراون، رۆژ دوای رۆژیش رێژەی تەکسی زیاتردەبێت‌و شەقامەکان قەرەباڵغ دەکەن.
شەقام جمەدی دێت لەهاژوهوژو هوڕنی تەکسی، تائێستاش هیچ رێگرییەکو یاساو رێنماییەکی ئەوتۆ نییە بۆ چۆنیەتی هێنانی تەکسی بۆ کوردستان.
جگەلەوانەی ئیشی تەکسی تاکە کاریانە، زۆرینەی ئەوانەی فەرمانبەری حکومین، یان ئەوانەی لەسەربازیدان لەکاتی بەتاڵیاندا ئیشی تەکسی دەکەن، بۆیە تادێت رێژەی تەکسی لەناو شاردا زیاتردەبێت.
عەلی یاسین شۆفێری تەکسی ناو شار، وتی "نیگەرانین لەو حاڵەتەی کارمەندی حکومی هەیە دوای دەوام لەناوشاردا ئیشی تەکسی دەکات".
هەروەها وتی چەندان کارمەندی حکومی دەزانم ئیشی تەکسی دەکەن.
لەکوردستاندا هیچ مەرجێک بۆ ئەو کەسە نییە کەدەیەوێت ئیشی تەکسی بکات، بەهۆی ئەوەش کەمۆڵەتی کارکردن بەتەکسی تائێستا رێکنەخراوە، زۆرینەی خەڵک ئیشی تەکسی دەکات.



تەنیا لەسنووری سلێمانی نزیکەی ١١ هەزار تەکسی تۆمارکراوە

شۆفێرێکی هێڵی هەڵەبجە- سلێمانی کەنەیوست ناوی ئاشکرابکرێت، وتی "مەعقول نییە، هەیە مەعاشێکو دوو مەعاشی هەیە، کەچی لەگەڵ ئێمەشدا کاردەکات، ئێمە بەتەنیا بژێوی ژیانمان لەسەر ئەم تەکسییەیە، بۆیە باشترە ئەو دیاردەیە بنەبڕبکرێت".
ئەو شۆفێرە وتی "هەندێک لەوانەی کەشۆفێری دەکەن، کارمەندی هاتوچۆن‌و دوای دەوام دێن لەگەڵ ئێمەدا کاردەکەن، ئەوەش راستە بەشێک لەشۆفێری هێڵەکانیش دێن لەناوشاردا ئیشی تەکسی دەکەن".
ئالان جەلال فەرمانبەر لەیەکێک لەدەزگا حکومییەکان‌و ئیشی تەکسی دەکات، وتی "باوەڕبکەن ئەو موچەیەی کەوەریدەگرین بەهیچ شێوەیەک بەشمان ناکات، بۆیە ئیشی تەکسی دەکەین، ئەگینا چیمانداوە لەم هاتوهاوارە".
جەلال مەحمود سەرپەرشتیاری تەکسییەکانی هێڵی هەڵەبجە- سلێمانی بەدەستوری وت "راستە هەیە کارمەندی حکومییەو لەهێڵدا کاردەکات، بەڵام ئەو هێڵەکەی کڕیوە".
بەختیار محەمەد بەڕێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی سلێمانی ئاماژەبەوە دەکات کەموچەی کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ لەهەموو کارمەندێکی حکومی کەمترەو ئەوە رەتدەکاتەوە کەزۆرینەی ئەوانەی کەدوای دەوام ئیشی تەکسی دەکەن، پۆلیسی هاتوچۆبن.
مولازم بەختیار محەمەد لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "کارمەندانی هاتوچۆ کەمترین موچەیان هەیە، تەکسیش ئاسانترین رێگەیە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، موچەی کارمەندانی هاتوچۆ زۆرکەمەو بژێوی ژیان دابین ناکات".
بەختیار محەمەد دەڵێت ئەو دیاردەیە بنەبڕناکرێت تا رێکنەخرێت کەکێ تەکسی هەبێت‌و شۆفێریی بکات، ئەوە راست نییە کەزۆرینەی ئەو کەسانەی کارمەندی حکومین‌و ئیشی تەکسی دەکەن، کارمەندانی هاتوچۆبن.
جەلال ئەبوبەکر سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە ئاماژە بەوە دەکات کەساڵی ٢٠٠٩ هەوڵیانداوە ئەو دیاردەیە چارەسەربکەن، بەڵام لەلایەن وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بەمەسەلەکەوە پشتگیری نەکراون.
جەلال بەدووریزانی بتوانن کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکەن، دەڵێت ئەو شۆفێرانەی کەفەرمانبەری حکومین‌و ئیشی تەکسی دەکەن، شتێکی نایاساییەو چەندانجار کۆبوونەوەمان لەسەر ئەوە کردووە، بەڵام نەتوانراوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت.
هەروەها وتی "ئەوەش نایاساییە کەهەندێک لەشۆفێری هێڵەکانی نێوان سلێمانی‌و قەزاو ناحییەکان لەناو شاردا ئیشی تەکسی دەکەن".

# "خەڵک دەنگی بۆ ئەوە نەداوە تا ئۆپۆزیسیۆن ببێتە ڕێگرو دەسەڵاتیش بۆ کپکردنی دەنگی بەرانبەر"

## دڵشاد شەهاب جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان بۆ دەستوور

**سازدانی: بورهان قادر لەهەولێر**

**دڵشاد شەهاب جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان لەپشکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دانبەوەدادەنێت کەململانێی حیزبی کاری کردووەتە سەر کاری پەرلەمانیی، داواشدەکات فراکسیۆنەکان بەکاری پێشوویاندا بچنەوە.**

**بۆچوونی وایە دەبێت لیژنەکان کارابکرێن لەبری فراکسیۆنەکان تا کاری پەرلەمانیی گەشەبکاتو ململانێی ناتەندروستی حیزبیش نەمێنێت.**

**دەستوور:** پشووی پەرلەمان تەواودەبێت، دەست بەکۆبوونەوەکانتان دەکەنەوە، هیچ گۆڕانکارییەک لەفراکسیۆنەکەی ئێوە هەیە لەسەر شێوازی کارکردنتان، یا ئایا شێوازێکی نوێی کارکردن لەناو فراکسیۆنەکاندا چاوەڕواندەکرێت؟

**دڵشاد شەهاب:** پێموایە لەساڵی رابردوودا بەتایبەت لەسەرەتاکانی کارکردنیدا، پەرلەمان لەبارێکی ئاساییدا نەبوو، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمینجار ئەو جۆرە هەڵبژاردنەی لەکوردستاندا بەڕێوەچوو، هەڵمەتو رکابەریی و گەرموگوڕی هەبوو، ئەوەش کاریگەری لەسەر کاری پەرلەمانەوە هەبوو، هۆکارێکی دیکەش ئەو دابەشبوونەی کە لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دروستبوو، کە گۆڕان وەکو بەشێک لەیەکێتی جیابووەوەو سەرکردایەتیی گۆڕانو بەشێک لەئەندامانی پەرلەمان پێشتر لەناو یەکێتیدا بوونو لەیەک سەنگەردا بوون، دواتر جیابوونەوەو لەناو فراکسیۆنی گۆڕاندا رووبەڕووی یەکبوونەوە، ئەو هۆکارانە هەمووی کاریکردە سەر کاری پەرلەمانو تووشی ململانێیەک لەگەڵ فراکسیۆنی کوردستانیدا بوون، کەیەکێتی نیشتمانی پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەو فراکسیۆنەیە، ئەو حاڵەتانە وایکرد کەهەموومان بەشێوازێک بووین بە بەشێک لەو ململانێیە، کەهەندێکجار کاریگەری لەسەر پەرلەمان هەبووە، بۆیە پێویستدەکات هەموو فراکسیۆنەکان پێداچوونەوەیەک بەشێوازی کارکردنماندا بکەینەوەو زیاتر پیشەییانە بیربکەینەوە، ئەگەر بمانەوێ دەرەنجامی باشتر لەکاری پەرلەمانی بێتە کایەوە.

**دەستوور:** هەست بەوە دەکرێت بەرەی ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵات لەشەڕدان بەرانبەر بەیەکتری، بڕواتوایە ئەوە چارەسەربکرێت؟

**دڵشاد شەهاب:** نابێ چیتر ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام خۆی لەبەرەی دژایەتی هەموو شتێکدا ببینێتەوە، جا شتەکە خراپ یان باش بێت، چونکە راست نییە لەماوەی ساڵێکدا حکومەتو پەرلەمان هیچ شتێکی باشی نەکردبێت، لەبەرانبەر ئەوەدا ناشبێت زۆرینە کەئێمەین رەتکردنەوەو دژایەتیکردنی ئۆپۆزیسیۆن بین، بەرپرسیاریەتیکی زۆر گەورە لەئەستۆی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە، خەڵک دەنگی بەئۆپۆزیسیۆن نەداوە بۆ ئەوەی تەنیا ببێتە رێگر یان رەتکردنەوەی هەموو شتێک، لەبەرانبەریشدا دەنگی بەدەسەڵات نەداوە بۆ کپکردنو رێگەگرتنی دەنگی بەرانبەر، هاووڵاتیان دەنگیان بەئێمە داوە تا نوێنەرایەتیان بکەین تا بە ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵاتەوە خزمەتیان بکەین، ئەوە یەکێکە لەخاڵە جەوهەرییەکانو بۆ چارەسەرکردنیشی دەبێ کاری فراکسیۆنیی بەلایەکەوە بنێینو خەریکی کاری پیشەیی بین، ئەویش کارکردنە لەڕێگەی لیژنەکانی پەرلەمانەوە، ئەگەر لیژنەکانی پەرلەمانی کاری خۆیان کرد، بۆ نمونە کێشەیەک یان کەموکورییەک لەهەر دەزگا یان شوێنێک هەبوو، لەجیاتی ئەوەی کەئێمە یان فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بچن بەناوی فراکسیۆنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکەن کەراستەخۆ دەچێتە قاڵبێکی سیاسیەوەو وا دەکات لایەنی بەرانبەریش وەڵامبداتەوە، با لەرێگەی لیژنەکانی تایبەت بەو کێشەیە بەدواداچوون بکرێت، جەوهەری کاری پەرلەمانیی لەلیژنەکاندایە، چونکە فراکسیۆن تەعریفەیەکی کارکردنی لەناو پەرلەماندا نییەو زیاتر پێکهاتەیەکی سیاسییە.

**دەستوور:** بەڵام کاتێک فراکسیۆنێک لەفراکسیۆنێکی تر چالاکترەو زیاتر ئیش بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان دەکات، ئەوە مافی ئەو فراکسیۆنە نییە کە بەخەڵکیش بڵێت من کاراترمو بەرگریی لەمافەکانی ئێوە دەکەم، ئەگەر بەو شێوەیەی تۆ بێت، کەس نازانێ کێ کارایە، لەو حاڵەتەدا هاووڵاتیان چۆن بزانن کام فراکسیۆنە بەرگرییان لێدەکات؟

**دڵشاد شەهاب:** ئەندامانی ئەو فراکسیۆنە دەتوانن لەناو لیژنەکان رۆڵی خۆیان ببیننو خاوەنی پێشنیاز بن، بۆ نمونە بۆ کێشەی قوتابیانی زانکۆ ئەهلییەکان لیژنەی پەروەردە دەچێت، ئێمە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی لەو لیژنەیە زۆرینەینو شەش ئەندامیمان لەو لیژنەیەدا هەیە، کاتێک ئەگەر مەبەستمان بێ چارەسەر بۆ کێشەیەک بدۆزینەوە، ئەوا لەگەڵ بەدواداچوون خەڵک دەزانێ کێ ئەو کارەی کردووە.

**دەستوور:** بەڵام ئەوە بۆ فراکسیۆنی کوردستانی کەزۆرینەیە ئەی بۆ فراکسیۆنێک کەئۆپۆزیسیۆنەو ژمارەی ئەندامانی زۆر کەمترە لەئێوە؟

**دڵشاد شەهاب:** بۆ ئەوانیش بەشداربوونو هاوکاریکردنو خۆ جیانەکردنەوە لەکێشەکان ئەوە بەڵگەی ئیشکردنە، چونکە وەکو نمونەکەی قوتابیان ناکرێ ململانێ لەسەر ئەوە هەبێت، چونکە چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان ئەرکی هەموو ئەندامێکی پەرلەمانە، بۆیە من پێموایە هەڵسەنگاندنی ئەدای فراکسیۆنەکان لەسەر دەرەنجامی کارەکانی دەکرێت، نەوەک لەسەر رەشنووسی پرۆژەی یاسا پێشکەش بکەی، ئەگەر هەموو کارێک بخەینە قاڵبی فراکسیۆنەوە، ئەو کاتە فراکسیۆن وەڵامی فراکسیۆن دەداتەوەو دەبێتە رکابەرییەکی وا کە لەرابردوودا روویدا.

**دەستوور:** ئێوە دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت گۆڕان زۆر جار لەبری حیزب قسەدەکەن، بەڵام ئەوەندەی باس لەوە دەکرێت کەئێوە فشاری حیزبتان لەسەرە، ئەوەندە باس لەفشاری حیزب بۆسەر ئۆپۆزیسیۆن ناکرێت؟

**دڵشاد شەهاب:** راستە منیش زۆر جار گوێم لەوەبووە کەئێمە فشارمان لەسەرە، خۆی دەبێ داتا بۆ لایەنی سێیەم کەهاووڵاتیانو رۆژنامەنووسانە هەبێت بۆ ئەوەی بزانن ئەو قسەیە چەند راستە، ئەگەر سەیری وجودی ئەندامانی پەرلەمان لەفراکسیۆنی کوردستانیو لەفراکسیۆنی گۆڕاندا بکەی لەسەر میدیا، دەبینی کاممان زیاتر وابەستەی بیرکردنەوەی سیاسینو لایەنین لەلێدوانە سیاسییەکاندا، کاممان بووینە واجیهەی ململانێیە سیاسییەکان، ئەو کات روونەدەبێ ئایا ئێمە زیاتر وابەستەی بڕیاری حیزبین یاخود فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، من بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم من جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیمو من نوێنەرایەتی ئەندامانی پارتی دەکەم، تا ئەو چرکەیەی من قسە لەگەڵ تۆ دەکەم، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیەک وشە رۆژێک لەرۆژان تەداخولی ئێمەیان نەکردووە، بۆ زانیاریتان تا ئێستا یەک دانیشتن لەگەڵ ئێمەدا کراوە، ئەویش بەبۆنەی دەرچوونمانو پیرۆزباییکردن، لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسیی پارتیمان نەبینیوە، تەنانەت هەندێکجار ئێمە پرسیارمان کردووەو پێمانوتراوە ئێوە کاری خۆتان باشتر دەزانن، بۆ نمونە بابەتی بودجەی حیزبەکان کەشتێکە پەیوەندی بەحیزبەوە هەیە، تا ئەو چرکەیەش پارتی بەمنی نەوتووە ئێمە لەسەر چی پێدابگرینو داوای چی بکەین، لەحاڵەتێکدا هەندێک مەسەلەی سیاسی هەیە، ئێمە شەرم ناکەین ئەگەر بۆ ئەوان بگەڕێینەوە، چونکە خەڵک دەنگی بەحیزبەکان داوەو حیزبە ئێمەی کاندید کردووەو بووینە ئەندامی پەرلەمان، بە شەرمو کەمیشی نازانین نە لەمێژوو ئیدارەو دەستکەوتو رابردووی تا پرسیار لەحیزبەکەی خۆم، بۆ



> **دەبێ کاری فراکسیۆنیی بەلایەکەوە بنێینو خەریکی کاری پیشەیی بین**

> **برادەرانی گۆڕان نایەنەوێ لەڕێگەی لیژنەکانەوە کاربکەن**

نمونە کاتێک گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای دامەزراندنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی تایبەت بەهەرێمی کوردستان دەکەین، دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی ئەو وڵاتە ئاگاداربێت، چونکە ئێمە رووبەڕووی بەغداد دەبینەوە.

**دەستوور:** دەوترێت زۆربەی ئەو بیرۆکەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن گۆڕانەوە پێشکەش بکرێ، ئێوە رەتیدەکەنەوە، ئەگەر بزاندرێ باشیشە، بەپێچەوانەشەوە؟.

**دڵشاد شەهاب:** رەتکردنەوەکان کاریگەری لەسەر ئێمە نەبووە، چونکە ئێمە زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێنین، پێمانخۆش نییە هەموو شتێکی ئێمە رەتبکرێتەوەو لەبەرانبەریشدا ئێمەش لەو خانەیدا بین هەموو شتێک رەتبکەینەوە.

ئەوەی کە لەلایەن ئێمە رەتکراوەتەوە دوو بابەتە یەکێکیان داراییە، یەکێکی تریان پەیوەندی بەهەیکەلییەتی بەڕێوەبردنی حکومەتەوە هەیە، کارێکی ئاساییە کاتێک کەحیزبێک یان ئیئتیلافێک کەحوکم دەگرێتەدەست، پرۆگرامی خۆی جێبەجێبکات، نەبووە لەدونیادا حیزبێک حوکم بگرێتەدەستو بچێت پرۆگرامی ئۆپۆزیسیۆن جێبەجێبکات، کاتێک ئۆپۆزیسیۆن دێت سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات پێشنیازدەکات، تەئکید من رەتیدەکەمەوە.

**دەستوور:** بەڵام خۆ دەکرێ سوود لەپێشنیازەکانیان ببینن؟

**دڵشاد شەهاب:** بەڵێ بەتەئکید دەکرێت، بەڵام ناکرێت ئێمە بخرێینە خانەیەکی تر، دەمەوێ باس لەرەتکردنەوەکە بکەم کەیەکێکیان بەڕێوەبردن بوو، ئەویتر دارایی بوو، پێش ئەوەی کەپرۆژە یاسایەک پێشکەشبکرێت، راگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن دێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنو دەڵێن ئێمە پرۆژە یاسایەکمان پێشنیازکردووە بۆ ئەوەی موچەی فلانە پێکهاتەی کۆمەڵگە زیادبکرێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆو کاری پەرلەمانیی هیچ زیادەیەکی دارایی لەسەر حکومەت ناکرێت، تاکو رای حکومەت وەرنەگیرێت، ئایا توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە داراییەی هەیە یان نا، بەڵام ئەوان پێش ئەوەی پرۆژەکە پێشکەش بکرێ، دونیایەک پروپاگەندی بۆ دەکەن، پرۆژە پێشکەشکردن لەسەر زیادکردنی موچەی خەڵک ئەوەندە گرنگو دۆزینەوەیەکی تازە نییە، بۆ هەموو کەسێک ئەو کارە ئاسانە، ئێستا تا بەیانی من بیست پرۆژە یاسا بۆ زیادکردنی موچەی هەموو چینو توێژەکانی پزیشک، ئەندازیار، مامۆستای زانکۆ، فەرمانبەر، گەنجان، ئافرەتان، پەککەوتووان، بەساڵاچووانو ئەوانیتر ئامادەدەکەم، بەڵام ئەوە پرۆژە پێشکەشکردن نییە ئەوە موزایەدەیە.

**دەستوور:** باست لەئەدای ئیشکردنی گۆڕان کرد، ئەی ئەدای ئیشکردنی دوو لایەنە ئیسلامییەکە، یەکگرتووو کۆمەڵ چییە؟

دڵشاد شەهاب: ئەوەی کە لەسەر گۆڕانیش بەنمونە هێنامەوە پتر لەسەر رەتکردنەوە بووە، ئەگینا من دووپاتیدەکەمەوە هیچ کاتێک مافی ئەوە بەخۆم نادەم، هەڵسەنگاندن نەک بۆ فراکسیۆن هەتا بۆ ئەندامێکی پەرلەمانیش بکەم، بەڵام ئەو شێوازە توندەی کە لەلایەن گۆڕانەوە هەبووە، یەکجار بەو شێوەیە لەلای ئیسلامییەکانەوە نەبووە، چونکە بارودۆخیان جیاوازە.

**دەستوور:** راتان چییە لەسەر ئەدای لیژنەکانو دابەشبوونی سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکانو بۆچی زۆرینەیان پارتیو یەکێتین؟

**دڵشاد شەهاب:** برادەرانی گۆڕان نایەنەوێ لەرێگەی لیژنەکانەوە کاربکەن، ئێمەو من خۆیشم وەکو تاکەکەس لەسەرەتا زۆر هەوڵماندا تا بەشدارییان پێبکەین لەسەرۆکایەتی لیژنەکان، بەداخەوە نەیانکرد، ئێمە باوەڕمان بەلیژنەکان هەیەو لەکارەکانی خۆیشمان پیادەمانکردووە، بەڵام گۆڕان پتر ئارەزووی کاری فراکسیۆن دەکەن نەوەکو لیژنەکان.

**دەستوور:** باس لەهەموارکردنی یاسای رۆژنامەگەری لەژێر فشاری پارتی دەکرێت، بەرنامەی ئەو هەموارکردنەتان هەیە؟

**دڵشاد شەهاب:** دوو شێوازی هەموارکردن هەن، یان پرۆژەیەک لەحکومەتەوە دێت، یان دە ئەندامی پەرلەمان پرۆژەیەک پێشکەشدەکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەک، تا ئێستا ئەو دوو مەسەلەیە هیچ وجودی نییە، یاسای رۆژنامەگەریش وەکو هەموو یاسایەکی تر قبوڵە بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکرێتو کەموکورییەکانی چارەسەربکرێت، یاسای وا هەیە هێشتا جێبەجێنەکراوە هەست بەچاککردنی دەکرێت.

**دەستوور:** بەڵام ئەوەی باس دەکرێت یاساکە لەسەر داوای پارتی بۆ بەرتەسککردنەوەی کاری رۆژنامەوانی هەمواردەکرێت؟

**دڵشاد شەهاب:** ئەوە قسەو باسکردنەو بڕیاردانی پێشوەختەیە، بۆ ئێمە پێش رووداوەکان بکەوین، تا ئەو چرکەیە ئەو قسەیە بوونی نییە، کەموکورتی باسدەکرێ، ئێستا بۆ نمونە بەرای من ئەو یاسایە هیچ چارەسەرێکی بۆ رۆژنامەگەریی بینراو بیستراوو ئەلکترۆنی تیادا نییە، تەنیا بۆ نووسراوە.

**دەستوور:** تا چەند زانیاریتان لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی سەرۆکی حکومەتو جێگرەی هەیە؟

**دڵشاد شەهاب:** وەکو کاری فەرمی خۆم گوێبیستی نەبووم، بەڵام کاتێک لێدوان لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیەوە درا، دڵنیام کەئەوە بێ بنچینە نییە.

**دەستوور:** پێتوایە لەکاتی ئەو گۆڕانکارییە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەی بگۆڕدرێن؟

دڵشاد شەهاب: ئەگەر گۆڕانکاری لەسەرۆکی حکومەتو جێگرەی بکرێت بەتەئکیدی سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیش دەگۆڕدرێن.

**دەستوور:** سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیو سەرۆکی لیژنەکانی ناو پەرلەمان دەگۆڕدرێن؟

**دڵشاد شەهاب:** من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، فراکسیۆنی ئێمە لەدابەشبوونی کارەکانو سەرۆکی لیژنەکان ئەوەندەی رەچاوی پسپۆڕیو گونجاوی کراوە، ئەوەندە رەچاوی لایەنی حیزبی نەکراوە، دەبێ پارتیو یەکێتی گەورەتر لەو مەسەلەیە بیربکەنەوە، نابێت هەموو شتەکان دەستکاری بکرێن، من پێموایە کاتی گۆڕانکاری لەسەرۆکی حکومەتو پەرلەمان با سەرۆکی فراکسیۆن هەر یەکێتی بێت.

**دڵشاد شەهاب حاجی**

**لەدایکبووی ١٩٧٢ گوندی ئەرگوشی قەزای مێرگەسۆر.**

**دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی.**

**جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانییە لەپەرلەمانی کوردستان.**

# "بەهەڵبژاردن سیستمی سیاسیی کوردستان ناگۆڕدرێت"

## ناسک ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ دەستوور

سازدانی: زانیار محەمەد

**ناسک ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان‌و چالاکوانی بواری داکۆکیکردن لەمافی ژنان‌و کۆمەڵگای مەدەنی، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەستوور دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕان ناتوانێت بزووتنەوەی ناڕازیی خەڵکی کوردستان ئاراستەبکات، بەهۆی ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو بۆ هاوسەنگکردنەوەی تەرازووی هێز لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا دروستبووە.**

**ناسک بڕوایوایە ناتوانرێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە سیستمی سیاسیی لەکوردستاندا بگۆڕدرێت، چونکە ئەو پێیوایە هەڵبژاردن مادام لەژێر کۆنترۆڵی هێزی یەکێتی‌و پارتیدایە، ئەوا هەمیشە ئەوان براوە دەبن.**

**دەستوور:** چاوەڕواندەکرا هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەگشتی لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥وە گەشەبکەن، بەڵام ئەوە روویندەدا، بۆچی؟ لەگەڵ ئەوەشدا وەک تێبینی دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ بەخۆداچوونەوەیەکی جدی‌و ئاوڕلێدانەوەیەک بەڕووی خەڵکدا رووینەدا.

**ناسک ئەحمەد:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەتان دەبێ بپرسم مەبەست لەئۆپۆزیسیۆن چییە؟ خاتەمی‌و میر حوسەین موسەوی لەئێران خۆیان بەئۆپۆزیسیۆنی جمهوری ئیسلامی دەزانن‌و لەتاران دانیشتوون. موجاهیدین‌و سەلتەنەت تەلەبەکانیش هەر خۆیان بەئۆپۆزیسیۆنی راستی جمهوری ئیسلامی دەزانن، بەڵام ئەمانە سەرباری راستبوون‌و بۆرژوابوونیان یەک شت نین. ماوەیەکە میدیاو بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وانیشاندەدەن کەئۆپۆزیسیۆن لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ ەوە شکلی گرتووە، لەکاتێکدا ئەو پێوانگە، ناحەقانییە. کاتێک زیندانەکانی رژێمی بەعس شکێنران لەراپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا، زیاتر لەنیوەی زیندانیانی نێو زیندانەکان کۆمۆنیستەکان بوون. هێشتا هێزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی نەگەیشتبوونە شارەکان، کەفیشەک لەلوولەی کۆمیتەکانی راپەڕینی کۆمۆنیستەکانەوە بەڕووی هێزەکان‌و مۆڵگاکانی رژێم تەقێنرا. دوای پاککردنەوەی شارەکان دەستبەجێ بزووتنەوەی شورایی لەکوردستاندا شکڵی گرت‌و کۆبوونەوەی گشتی‌و شوراکانی گەڕەکو کارگەکان پێکهاتن، خەڵک بەئازادانە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. یەکەمین کارێک کەبەرەی کوردستانی ئەوکات کردی هێرش بوو بۆ سەر ئێمەو شوراکان. هەرچەندە بەهۆی هێرشی رژێمی بەعس بۆ کوردستان‌و رووداني ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستانەوە تەمەنی شوراکان کەمتر لەمانگێک بوو. بەڵام ئەوە یەکەمین ئۆپۆزیسیۆنی جیاواز لەبزووتنەوەی کوردایەتی بوو، کەئێستا حیزبی ئێمە نوێنەرایەتی دەکات.

ئەوەی کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ەوە شکڵی گرتووە، ئۆپۆزیسیۆنێکی راستڕەوە لەنێو دڵی خودی دەسەڵاتداو بەدیاریکراوی لەنێو یەکێتی نیشتمانییەوە هاتووەتە دەرەوە. بزووتنەوەی گۆڕان لەئەنجامی قەیران‌و بێتوانایی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هاتووەتە ئاراوە، گەرەکیەتی بۆرژوازی کوردی لەقەیرانی ئێستای رزگاربکات‌و هیچ پەیوەندییەکی بەباشکردنی هەلومەرجی ژیان‌و گوزەرانی خەڵکەوە نییە. ئەم هێزە هەڵقووڵاوی خواستە بەرهەقەکان‌و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لەدەسەڵاتی مەوجود نییە. بزووتنەوەی گۆڕان پایە سەرەکی‌و ئایدۆلۆژی‌و یاساییەکانی دەسەڵاتی کوردی قبووڵەو رەخنەی لێی نییەو خۆی بەشێکە لێیان. بۆ نمونە مەسەلەی تێکەڵاوکردنی دینی ئیسلام بەیاسا کێشەیەک نییە بۆی، یەکسانی ژن‌و پیاو و ئازادی‌و مافەکانی ژنان مەسەلەی ئەو نییە، سەربەخۆیی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا خواستی ئەوان نییە، چەندان مەسەلەو کێشەی تر کەمەسەلەی سەرەکی خەڵکی کوردستانن، بۆ بزووتنەوەی گۆڕان هەر وەک باقی هێزەکانی تری بزووتنەوەی کوردایەتی نەک مەسەلە نییە، بەڵکو خۆیان لەبەرانبەر ئەو خواستانەدا پێناسە دەکەن‌و ئەوەستنەوە. بزووتنەوەی گۆڕان سەرەتا بۆ ئەوەی پشتگیری‌و هاوپشتی خەڵک بەدەستبێنێ، بەهەندێ خواست‌و داواکارییەوە هاتەپێشەوەو باسیان لەریفۆرم دەکرد، بەڵام هەر زۆری پێنەچوو لەدوای هەڵبژاردنەکان‌و بەدەستهێنانی هەندێ کورسی لەپەرلەماندا ڕووی راستەقینەیان بۆ خەڵک ئاشکرا بوو.

ئەمرۆ کەناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لەدەسەڵاتی کوردایەتی گەرمەو خەڵکی کوردستان بەچەندان شێوە ئەم ناڕەزایەتیانە دەردەبڕن، لەپشت هێزێک کۆنابنەوە کەبزانن جیاوازی نییە لەیەکێتی‌و پارتی، سەبارەت بەهێزە ئیسلامییەکانیش، ئیسلامی سیاسی هیچ کات‌و دەورەیەک ریشەی جەماوەری نەبووە لەکوردستاندا. لەکاتی قەیران‌و تێکچوونی هەلومەرجی سیاسیی‌و ئەمنیی لەکوردستاندا، دەوڵەتانی ناوچەکە وەک جمهوری ئیسلامی‌و سعودیە وەک دەورودوکانی خۆیان دروستیانکردوون‌و پارەو ئیمکاناتیان هەڵڕشتووەتە بەردەمیان، تا لەم رێگەیەوە دەستوەردەنە هەلومەرجی کوردستان‌و ناوچەکە.

**دەستوور:** سەرەڕای بوونی ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی خەڵک، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بباتەوە، دەکرێ وردتر باسی ئەوە بکەیت، بۆچی هەموو خەڵکی ناڕازی دەنگی بەئۆپۆزیسیۆن نەدا؟

**ناسک ئەحمەد:** بوونی ناڕەزایەتی لەنێو خەڵکدا خۆ بەخۆ یەکسان نییە بەدەنگدان بە ئۆ پۆ ز یسیۆ ن . ئۆ پۆ ز یسیۆ نبو و نیش خۆبەخۆ یەکسان نییە بەنوێنەرایەتیکردنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک. هەروەها ئەو هێزەی کە لەهەڵبژاردنێکی پەرلەمانی بۆرژوازیدا زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنێ، نیشانەی حەقانییەتبوونی ئەو هێزەو خۆشەویستبوون‌و پشتگیری زۆرینەی خەڵک نییە بۆی. لەمێژووی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەدەگمەن ئەوە روویداوە کە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا ئەو هێزەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست نەهێنێ، کەدەسەڵات‌و بژێوی خەڵکی لەدەستدایە. دەسەڵات لەکوردستاندا بەتایبەت هەروەها بەپلەیەکی زۆریش لەعێراقدا دەسەڵاتێکی میلیشیاییە، وەک هەر مەیدانێکی تر، هێزی چەک ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دەبڕێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەر وەک لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم لێ کرد، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لەبەرنامەو دروشمەکانی‌و ستراتیجیدا جیاوازی نییە لەگەڵ خودی دەسەڵاتدا. هەر بەم هۆیەوە خەڵکیش دەزانن کەدەنگدان بەگۆڕان بۆیان ناکاتە شتێکی جیاواز لەدەسەڵاتی ئەمڕۆ.

**دەستوور:** چۆن دەڕوانیتە تێگەیشتن‌و مامەڵەی گۆڕان لەئۆپۆزیسیۆنبوون، ئایا ئەوان توانیویانە ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک بن، گوتارو کرداریان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**ناسک ئەحمەد:** گۆڕان ئێستا بەفەرمی لەحکومەتی هەرێم نیو ملیۆن دۆلار وەردەگرێت. وەرگرتنی بودجە لەحکومەتی هەرێم، حکومەتی هەرێمێک کەهەمووان دەزانین دەنگی سەدان نووسەرو رۆژنامەنووس‌و چەندان ئەحزابی بەموچەو پارە کڕیوە. ئۆپۆزیسیۆنبوون‌و بۆچوونی جیاوازی گۆڕان تا ئەو رادەیە بڕیکرد کە لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بەفەرمی بێدەنگی هەڵبژارد، هیچ وەڵامێکیشی نەبوو بەدرۆو دەلەسە ئاشکراکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتی لەسەر مەسەلەکە. لەسەر مەسەلەیەک کەدڵی هەموو خەڵکی کوردستان‌و ئازادیخوازانی دنیای هەژاندووەو زۆرێک لەبێدەنگانی هێنایە دەنگ، گۆڕان لەسەرکوت‌و ئەم تاوانە گەورەیەی پارتی بێدەنگەو پشتی کردووەتە خەڵکی ئازادیخواز. ئیتر تەسەوری رادەی ئۆپۆزیسیۆنبوون‌و راستگۆیی گوتاری گۆڕان بکەن.

**بزووتنەوەی گۆڕان لەئەنجامی قەیران‌و بێتوانایی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هاتووەتە ئاراوە، گەرەکیەتی بۆرژوازی کوردی لەقەیرانی ئێستای رزگار بکات‌و هیچ پەیوەندییەکی بەباشکردنی هەلومەرجی ژیان‌و گوزەرانی خەڵکەوە نییە**

**گۆڕان لەتێکچوونی هاوسەنگی هێزی نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و وردەوردە قودرەتمەندبوونی پارتی لەبەرانبەر یەکێتیدا ناڕەحەت‌و موخالیفە. دەیەوێت ئەم تەوازنە بگۆڕێت**

**دەنگدانی خەڵک بەگۆڕان دەنگدان نەبوو بەخودی گۆڕان، بەڵکو دەنگنەدان بوو بەیەکێتی‌و پارتی، وتنی نا بوو بەئەوان، نەک بەڵێ بەگۆڕان**

**دەستوور:** لەراپۆرت‌و بەدواداچوونێکی دەستووردا بڵاومانکردەوە کە لە ٣٩ حیزبی سیاسی تەنیا حیزبی ئێوە راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتیتان سەبارەت بەمەسەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان رەتکردووەتەوە، بەبڕوای ئێوە هۆی چییە لە ٣٩ حیزبی سیاسی کەس نوزەی لێوە نایەت؟

**ناسک ئەحمەد:** یەکێتی‌و پارتی‌و گۆڕان‌و حیزبی شیوعی کوردستانی لێ دەرچێ، ئەو ٣٩ حیزبەی کەباسیدەکەن کەرەنگە زۆرتریشێکیش هەبن کەناوی حیزبیان لێ نرابێ، نابێت حیسابی حیزبی سیاسیان بۆ بکرێت. ئەحزابی سیاسی کە لەدەورانی جیاجیادا دروستدەبن بۆ وەڵامدانەوەی کێشەیەکی مادی‌و کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەداو نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو لەو کۆمەڵگەیەدا دەکەن. ئەو دەیان حیزبە لەکوردستاندا زۆرتر دوکان‌و بازاڕێکن کەدەسەڵات بۆ نیشاندانی فرە حیزبی لەکوردستاندا دروستیکردوون، لەهیچ گرێ‌و گۆڵێکی مادی‌و مێژوویی کۆمەڵگەوە شکڵیان نەگرتووەو پێیان لەسەر هیچ سوونەتێکی ریشەیی کۆمەڵایەتی قایم نییە، کە شەرتی بوونی حیزبی سیاسییە. ئەوان وەک کارمەندی فەرمانگەکان سەری مانگان موچەکانیان لەپارتی‌و یەکێتی وەردەگرن، بۆیە ناتوانرێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکرێت لەبەرانبەرو دژی پارتی هەڵوێستی سیاسی دەربڕن. ئەوەندەی بەیەکێتی‌و گۆڕانیش دەگەڕێتەوە لەڕووی پرەنسیپی‌و مەبدەئییەوە، ئەم کارەو ئەم سیاسەتەی پارتی شتێکی ناکۆک نییە بەوان، مێژووی ئەمانیش پڕیەتی لەکارو کردەوەی لەم جۆرە. سیاسەتی بیست ساڵی رابردووی حیزبی شیوعیش لەکوردستاندا بریتی بووەلە خۆڕژیانکردنیکی ئاشتیانەو بێوەی لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا، باجی ئەمەش قڕوقەپکردن بووە لەئاست هێرشکردنە سەر مافەکانی خەڵکی کوردستاندا.

**دەستوور:** ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەت گۆڕان هێشتا بەرنامەو پلانی ستراتیژییان بۆ هیچ شتیک نەخستووەتەڕوو. ئایا بەڕاستی ستراتیژیان بۆ گۆڕینی سیستمەکە هەیە، وەک پێشتر



باسیاندەکرد، یان هێواش هێواش دەبن بەشێک لەسیستمەکە. ئایا مەسەلەی بەگژداچوونەوەی نا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌و گەندەڵیی ئیداری‌و سیاسی، تەنیا بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون؟ هەندێکیش دەڵێن گوتاری هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان زیاد لەپێویست تاکتیکییە، وەک ئەوەی ستراتیژی بێت؟

**ناسک ئەحمەد:** لەبەرنامەو پراکتیکی هەر حیزبێکی سیاسیدا ستراتیژو تاکتیک ناتوانن دوو شتی جیاوازو سەر بەیەک نەبن، تاکتیک بریتیە لەو سیاسەتە مەقتەعی‌و مەرحەلەییانەی کەئەو حیزبە بۆ گەیشتن بەستراتیژییەکەی دەستی بۆ دەبات. حیزب‌و بزووتنەوەکان بەبێ ستراتیژ ناتوانن تا سەر بژین‌و لەنێو هاوکێشەو گێژاوە سیاسییەکاندا دەستو پێی خۆیان وندەکەن‌و دەپووکێنەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان باڵێکو بەشێکە لەبزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد. ستراتیژی ئەم بزووتنەوەیەو حیزب‌و هێزەکانی سەر بەئەم بزووتنەوەیەش لەپەنجا ساڵی رابردووەوە رۆشنە، تا ئەم مێژووە چ لەکوردستانی عێراق، چ لەکوردستانی ئێران‌و تورکیا حیزبێک یان هێزێکی ناسیۆنالیستی کوردم نەبینیووە، ستراتیژییەکی جیاوازی نیشاندابێت. ستراتیژی ناسیۆنالیزم لەکوردستان بریتییە لەنوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی‌و قازانجی بۆرژوازی‌و سەرمایەدارانی کورد لەنێو دەسەڵاتی مەرکەزی مەوجووداو پچڕینی بەشێک لەکورسی لەدەسەڵاتی مەرکەزیدا، لەم رێگەیەشەوە بەشداریکردن لەدەسەڵاتی مەرکەزیدا. تاکتیکەکانیشیان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بریتی بووە لەفشارهێنان بۆ دەوڵەتی مەرکەزی لەرێگەی بەندوبەست لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ‌و خۆگرێدانەوە بەسیاسەتی جەنگی‌و پیلانەکانی دەوڵەتانی زلهێزی وەک ئەمریکاو بەریتانیا لەقۆناغی جیاجیاداو سەرکوتکردنی دەنگە ئازادیخوازەکان‌و چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان‌و ناڕەزایەتیەکانیان.

گۆڕان هیچ ستراتیژییەکی تری جیاوازی نییە بێجگە لەمە. ئەوەی گۆڕانی کردووە بەئۆپۆزیسیۆنی یەکێتی‌و پارتی، ئەوەیە کەگۆڕان بەتاکتیکو سیاسەتەکانی یەکێتی‌و لەم چوارچێوەیەشدا بەهاوسەنگی هێزی نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و وردەوردە قودرەتمەندبوونی پارتی لەبەرانبەر یەکێتیدا ناڕەحەت‌و موخالیفە. گۆڕان دەیەوێت ئەم تەوازنە بگۆڕێت. ئەمەش بەئەندازەی سەرە دەرزییەکەوە پەیوەندی نییە بە بەرژەوەندی‌و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

یەکێتی‌و پارتی‌و گۆڕانیش زۆرباش مەودای قین‌و تورەیی‌و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەدەسەڵات‌و سیاسەتەکانیان دەزانن. ئەوان باش دەزانن کەوەڵامی خەڵک بەسیاسەتەکانیان، نا یە. هۆی ئەوەی کەگۆڕان لەسەرەتای هاتنە مەیدانییەوە کۆمەڵێک دروشمی کرچوکاڵ‌و نیوەناچڵی لەمەڕ خواستەکانی خەڵکی کوردستان‌و دژ بەگەندەڵی سیاسی‌و ئیداری بەرزکردەوە، هەوڵدانێک بوو بۆ نیشاندانی رووپەکی جیاواز لەیەکێتی‌و پارتی بەخەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگی خەڵکی لەهەڵبژاردنەکاندا بەدەستبهێنێ. لەراستیشدا دەنگدانی خەڵک بەگۆڕان دەنگدان نەبوو بەخودی گۆڕان، بەڵکو دەنگنەدان بوو بەیەکێتی‌و پارتی ، وتنی نا بوو بەئەوان، نەک بەڵێ بەگۆڕان.

**دەستوور:** بەرای تۆ کام میکانیزمانە گونجاون بگیرێنەبەر بۆ گۆڕینی سیستم لەکوردستاندا؟ گۆڕین بە چ جۆرە هێزێک دەکرێت؟ بەهەڵبژاردن‌و دروستکردنی بزووتنەوەی سیاسی؟ یان بە راپەڕین؟ یان بەچی؟

**ناسک ئەحمەد:** پرسیارێکی دڵخۆشکەرە. مانای وایە قسە هاتووەتە سەر گۆڕانی ریشەیی لەکوردستاندا. گۆڕانی ریشەیی‌و گۆڕینی سیستم لەکوردستاندا لەگرەوی رووخاندنی دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتیدایە. جێبەجێکردنی خواستەکانی خەڵک، بەرقەراربوونی ئازادی سیاسی‌و یەکسانی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەگرەوی لاچوون، جێپێچۆڵکردنی ئەم دەسەڵاتەی ئێستادایە. ئەم دەسەڵاتەی ئێستا قابیلی ریفۆرم چاککردن نییە، ئەوان گەر دەستبەرن بۆ هەر جۆرە ریفۆرمێک لەدەسەڵاتەکەیاندا، ئەوا بەنەمانی خۆیان تەواودەبێت. بۆ نمونە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە ئازادی سیاسی بەتەواوی ماناوە بەفەرمی بناسێت، ئەوا لەماوەیەکی کورتدا شاهیدی راپەڕین‌و هاتنە مەیدانی ملیۆنی خەڵکی کوردستان دەبن لەبەرانبەر دەسەڵاتەکەیاندا.

گۆڕانکاری ریشەیی گۆڕینی سیستم لەکوردستاندا تەنیا لەرێگەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەهێزو بەرچاورۆشنی خەڵکی دەکرێت کەئاسۆی خۆی بەتەواوی مانای وشەکەوە لەئاسۆی بزووتنەوەی کوردایەتی جیاکردبێتەوە. بزووتنەوەیەک کە چەند ئامانجی رۆشنی لەبەردەم بێت لەوانە:

ئازادی بێ مەرجی سیاسی‌و رادەربڕین، دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵکو هەڵبژاردنی نوێنەرانی راستەوخۆی خەڵک لەشوراکانی شوێنی کارو ژیانیانداو جیاکردنەوەی کوردستان لەعێراق‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی‌و مەزهەبی لەکوردستاندا.

بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش کاتێک مەیسەر دەبێت کەدەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتی لەکوردستاندا پوچەڵبووبنەوەو وەلا نرابن. ئەم کارەش بەهەڵبژاردن‌و دەنگدان ناکرێت، ئیمکان نییە لەژێر قودرەتی میلشیایی‌و سەرکوتگەرانەی ئەم دەسەڵاتەدا لەرێگەی هەڵبژاردنێکەوە کەمیلشیای پارتی‌و یەکێتی سەرپەرشتیدەکات، کەسانێک هەڵبژێردرێن کەنوێنەری راستەخۆی خەڵک بن‌و ناکۆک بن بەیەکێتی‌و پارتی. ئەم کارە بەراپەڕین‌و شۆڕشی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش‌و ژنان‌و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان بەئەنجام دەگات.

**دەستوور:** حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هەر لەسەرەتاوە داوای گۆڕینی سیستمی سیاسی دەکەن، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە سستو لاواز بوون، زۆربەیان پەراگەندەی وڵاتان بوون، بەشداری‌و کاریگەرییان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا نەماوە، ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دروستبوونی گۆڕان کاریگەری هەیە لەسەر لاوازبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، کە بەحیزبێکی ئەنتی دەسەڵات ناسراوە؟

**ناسک ئەحمەد:** حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ساڵی ٢٠٠٠ لەپەلامارێکی وەحشیانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەرێبەری نەوشیروان مستەفاو تاڵەبانی‌و لەسەر داوای جمهوری ئیسلامی‌و حیزبی بەعس، لەکوردستان پاشەکشەی پێکرا، چالاکی قەدەغەکراو ئەندامان‌و کادرانمان

بۆ ل١٧

# ئاریان کەریم، تاج دەبەخشێتە هەڵەبجە



دەستوور

ئاریان کەریمی گۆرانیبێژ کەئەستێرەی یەکەمی وەرزی سێیەمی بەرنامەی کوردستاری کەناڵی کوردسات بوو، ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی کارەکانی ئەلبومە نوێکەیەتی بەناوی تاج.

ئاریان کەریم بەدەستووری وت سەرقاڵی تەواوکردنی کارەکانی ئەلبومەکەیەتی‌و هەشت گۆرانی لەخۆگرتووە.

ئاماژەی بەوەشدا گۆرانی تاج یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومەکەی‌و بۆ هەڵەبجەی وتووە.

# ئیسماعیل سابوری ئەلبومێکی نوێ بڵاودەکاتەوە




دەستوور

ئیسماعیل سابوری گۆرانیبێژ سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومێکی نوێدا، کە ٨ گۆرانی‌و دوو مەقامی لەخۆگرتووە.

ئیسماعیل سابوری یەکێکە لەهونەرمەندە بەئەزموونەکان‌و تائێستا خاوەنی ١٣٠ بەرهەمی هونەرییە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی ماوەی سێ ساڵە کار بۆ ئەلبومێکی نوێ دەکات کە ٨ گۆرانی‌و ٢ مەقامی لەخۆگرتووە.

سابوری ناوی ئەلبومەکەی ئاشکرانەکردو وتی بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێم تا ئەرکی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکەم بگرێتە ئەستۆی.

# ئیسلام زاخۆیی سێ گۆرانی بەسۆرانی دەڵێت




دەستوور

هونەرمەند ئیسلام زاخۆیی سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبومێکی نوێیە کە سێ گۆرانی بەزمانی سۆرانی لەخۆگرتووە.

ئەلبومەکەی ئیسلام زاخۆیی ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووەو بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری‌و کۆمپانیای ئارت کەلەرس بەرهەمدەهێنرێت.

جگە لەو ئەلبومە زاخۆیی گۆرانییەکی نوێی تۆمارکردووە بەناوی لانکە ئەڤینی‌و لەئەستەنبوڵ کلیپی بۆ کراوە.

# "ماندوو" لەئیسلەندا نمایشدەکرێت



دەستوور

فیلمی ماندوو لەدەرهێنانی سینەماکاری کورد ئیبراهیم سەعیدی بە نوێنە رایەتیی هەرێمی کوردستان، لەفیستیڤاڵی ریکاویک لەئایسەلندا نمایشکرا.

فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ریکاویک لەڕۆژانی ٢٣ی ئەیلول تا ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ بەنمایشی کۆمەڵێک فیلمی سینەماکارانی سەرتاسەری جیهان لەشاری ریکاویک لەوڵاتی ئیسلەندا کۆتاییدێت.

# گەنجێکی سویسری دەبێتە پەکەکە



ژەنیار

داڤێد میللەر گەنجێکی سویسرییە، وڵاتەکەی بەجێدەهێڵێت‌و روودەکاتە چیاکانی کوردستان‌و دەبێتە چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، ئەمە چیرۆکی فیلمێکی کوردییە کەمانگی داهاتوو لەسێ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا نمایشدەکرێت.

داڤێد تولهیلدان ناوی ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتییە کوردییەیەو لەدەرهێنانی مانۆ خەلیلە، ئەو دەرهێنەرە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی فیلمی داڤێد تولهیلدان لەمانگی داهاتوودا، بەشداری لەسێ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا دەکات.

وتیشی فێستیڤاڵەکان لەمەغریب‌و ئیرلەنداو کۆریای باشوورە.

داڤێد تولهیلدان چیرۆکی گەنجێکی سویسری دەگێڕێتەوە بەناوی داڤێد میللەر، کەکوڕی سەرۆکی دادگای فیدراڵی پێشووی سویسرایە، ماوەی شەش ساڵە ئەو کوڕەی سویسرای بەجێهێشتووەو بەرەو چیا سەختەکانی کوردستان چووە، لەوێ بووەتە چەکداری پەکەکە.

دایکی داڤێد ژنێکی بەتەمەنەو دێتە چیا سەختەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی دواجار کوڕەکەی ببینێت، کەماوەی چەند ساڵێکە نەیبینیوە.

حکومەتی تورکیا بۆ چەندجارێک رێگەیگرتووە لەنمایشکردنی ئەم فیلمە لەفێستیڤاڵە جیهانییەکاندا، بەبیانووی ئەوەی "هانی کاری تیرۆریستی دەدات".

فیلمەکە بەرهەمی مانۆ خەلیل‌و کەناڵی ئاسمانیی سویسرایە، بەهاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیریی سویسری‌و دەزگای هاندانی کاری سینەمایی سویسرا، لەلۆزان بەرهەمهاتووە.

## تەرازوو (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

کەسێک هەوڵدەدات لەبارەی شتێکەوە قایلت بکات، بەڵام تۆ وەک هەمیشە ناچیتە ژێر باری. ئاگادار بە لەهەڵسوکەوتت بەرانبەری، چونکە ئەگەری زویربوونی درێژخایەنی لێدەکرێت. هێزێکی شاراوەت هەیە کە دەتوانی بەکاری بهێنی .

## دوپشک (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەندێک لەدەورو بەرەکەت بۆچوونەکانیان دژی ئەوانەی تۆیە، هەربۆیە هەندێک ڕۆژ دڵت خۆشەو هەست بە دڵنیایی دەکەیت، بەڵام زۆرجار دوودڵ دەردەکەویت. خاڵە لاوازەکانت بشارەوە، چونکە کەسانێک هەن دەیانەوێت بەرە لەژێر پێت دەربێنن.

## کەوان (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

پێویستت بە پشووی زیاترە، کەسە نزیکەکانت وا دەزانن تۆ شتەکان لەخۆت گەورە دەکەیتەوەو زۆر بەخۆتەوە سەرقاڵیت. ئاگات لە خەرجییەکانت بێت‌و زیادەڕەوی لەپارە خەرجکردندا مەکە. باش بیربکەرەوەو دوای هەستەکانت بکەوە .

## گیسک (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

هەفتەیەکی لەبارە بۆ پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو پرۆژانەدا کە دەستت پێکردوون. کێبڕکێکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەبیر خۆت بەرەوە . هەواڵی خۆشت لەکەسێکی خۆشەویستتەوە پێدەگات، ڕۆژی بەختت هەینییە.

## سەتڵ (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

پەیوەندییەکانت لەگەڵ دەوروبەرەکەت وردە وردە ساردی بەخۆیەوە دەبینێ. کاتێک شتەکان دەگەنە لوتکە دەتوانی جارێکی دیکە بیریان لێبکەیتەوەو شێوازەکانیان بگۆڕیت. ئەم هەفتەیە گونجاوە بۆ تاقیکردنەوەی ئەم توانایەت.

## نەهەنگ (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

پێشنیاری پەیوەندییەکی جێگیرو پڕ هەست بۆ هاوکارەکەت دەکەیت. بۆ ئەوەی بۆنە خۆش‌و جوانەکانی ژیان پێکەوە بەسەر بەرن. هەندێک کەسی نوێ دەیانەوێت بێنە نێو ژیانتەوە، بەڵام دەبیتە ڕێگر لەبەردەمیان.

# هەولێر گرێکانی شکسپیر دەکاتەوە



ژەنیار

شانۆکارێکی شاری هەولێر لەڕێگەی نمایشێکی شانۆیی کەحەوت دەقی شانۆیی ولیام شکسپیری لەخۆگرتووە، هەوڵی کردنەوەی گرێی دەقە شانۆییەکانی ئەو شانۆنامەنووسە دەدات.

گرێکانی شکسپیر لەئامادەکردنو دەرهێنانی شانۆکاری گەنج دیار عومەرە، وەک دووەم بەرهەمی شانۆیی لەوەرزی شانۆیی هەولێردا لەماوەی ٢١ تا ٢٣ ئەم مانگە لەهەولێر نمایشکرا.

دیار عومەر دەرهێنەری شانۆگەرییەکە لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئەم شانۆگەرییە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی ئەو گرێیانەی لەدەقە شانۆییەکانی شکسپیردا هەیە، وەک دەزانین ئەو دەقانە گرێی زۆریان تێدایە".

شانۆگەری گرێیەکانی شکسپیر حەوت تێکستی شانۆیی شکسپیری لەخۆگرتووە، لەوانە ماکبێس، یۆلیۆس قەیسەر، هامێلت، ڕۆمیۆو جولێت، شالیرو ریچاردی سێیەم.

دیار عومەر وتی "هەمیشە ئێمە بەدوای جەماوەر کەوتووین، لەبەرئەوە پێویستە جەماوەر دوای ئێمە بکەوێت، هەموو دنیا شکسپیر دەناسن بۆ ئێمە نەیناسین".

ئەم شانۆگەرییە کۆمەڵێک ئەکتەری شانۆیی گەنج تێیدا بەشداربوون، لەمیانەی چالاکییەکانی وەرزی شانۆی هەولێر نمایشکرا، کەبەڕێوبەرایەتیی شانۆی هەولێر سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازیکردبوو.

# سینەمای کوردی لەناوچە جێناکۆکەکاندا



ژەنیار

بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی هەفتەی فیلمی کوردی لەشارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیارواییە لەسەرەتای مانگی داهاتوودا فیلمە کوردییەکان لەخانەقین نمایشبکرێن.

ناسر حەسەن بەڕێوەبەری سینەمای وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێم بەدەستووری راگەیاند "دوای ئەوەی هەفتەی فیلمی کوردیمان لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان سازکرد، بەنیازین لەسەرەتای مانگی داهاتوودا ئەو چالاکییە لەخانەقین سازبکەین".

وتیشی "بەپێویستمانزانی ئەوچالاکییە لەناوچە دابڕاوەکانیش سازبکەینو مەبەست لەم چالاکییە نیشاندانی فیلمە کوردییەکانە بەبینەری کورد بۆ ئەوەی لەبەرهەمەکانی هەرێمی کوردستان ئاگاداربن".

لەم هەفتەیەدا هەریەک لەفیلمی نیوە مانگ لەدەرهێنانی بەهمەن قوبادیو شوێنێک بۆ یاری لەدەرهێنانی شەوکەت ئەمینو سرتە لەگەڵ با لەدەرهێنانی شەهرام عەلیدی، هەروەها دوو فیلمی دەرهێنەری کورد هیشام زەمان بەناوەکانی مەملەکەتی زستانو باوکە نمایشدەکرێن، ئەم فیلمانە تائێستا چەندان خەڵاتی جیهانیان بەدەستهێناوە.

هەفتەی فیلمی کوردی تائێستا لەچەندان شارو شارۆچکەی هەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم سازکراوە، لەوانە هەولێر، کەرکوک، رانیە، رواندز، کۆیەو چەند شارو شارۆچکەیەکی دیکە.

# بورهان محەمەد ساباتێک بۆ مەقامە کوردییەکان سازدەکات



موحسین یاسین

رۆژی ٢٤ی ئەم مانگە گۆرانیبێژ بورهان محەمەد کۆنسێرتێکی بەناونیشانی "ساباتێک بۆ مەقامە کوردییەکان" سازکرد.

بورهان محەمەد بەهاوکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرە رۆشنبیرییەکانو تیپە هونەرییەکانی سلێمانی کاتژمێر ٠٤:٣٠ لەهۆڵی رۆشنبیری کۆنسێرتێکی بەناونیشانی ساباتێک بۆ مەقامە کوردییەکان سازکردو لەلایەن بڵند قەرەداغییەوە سەرپەرشتیی دەکرا.

لەکۆنسێرتەکەدا ژمارەیەک لەمەقامە کوردییەکانی وەک قەتارو خاوکەرو ئەلاوەیسیو سەفەرو راستو حەیرانو خورشید پێشکەشکران.

# شانیا: چۆپی لاساییمدەکاتەوە



رەوەندجەواد

شانیای گۆرانیبێژی بەڕەگەز عەرەب ئاماژەی بەوەدا کەچۆپی لاسایی ئەوی کردووەتەوە، چونکە کاتێک ئەو لەکلیپێکدا ئەسپی بەکارهێناوە، دواتر چۆپیش چووە لەکلیپێکدا ئەسپی بەکارهێناوە.

رۆژی ٢٣ی ئەم مانگە شانیا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی یەکەم ئەلبومم بەزمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە، چونکە کوردم زۆر خۆشدەوێت.

شانیا وتی کلیپێکم کردو ئەسپم تێدا بەکارهێناوە، دواتر بینیم چۆپی لەکلیپێکدا لاسایی منی کردووەتەوە، هەروەها لاسایی جوڵەکانی منیشی کردووەتەوە.

شانیا لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا داوایکرد ئەلبومە نوێیەکەی بەناوی جوانترین چاو کۆپی نەکرێت.




## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا کەسانێک دەناسی کە خۆشت دەوێنو دەبنە هاوڕێی زۆر نزیکت. هاوڕێیەتیتان زۆر دەگمەنو بەنرخ دەبێت، بۆیە پێویستە ئاگاداری بیت. شتەکان بە ئاسانی بەدەستەوە دێنو باری داراییت باش دەبێت.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

هەندێک بابەت دەخەیتە بەردەم کەسێکی نزیک بۆ ئەوەی بیری لێبکاتەوە، بەڵام وەڵامەکانی خۆشحاڵت ناکەن. هەوڵبدە کارەکانت خۆت ئەنجامیان بدەیتو بەکەسی دیکەیان نەسپێریت. دیارییەکی بچکۆلە بۆ هاوڕێیەکت دەکڕیت.



## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

بەردەوام بەدەست نەبوونی کاتەوە دەناڵێنیت، پێویستت بەڕێکخستنەوەی کاتەکانت هەیە. کەسێک دێتە ژیانتەوە کە کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەکانت دەبێت. هەندێک گرفتی بچوک ڕووت تێدەکەن، بەڵام زوو چارەسەر دەبن.



## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم هەفتەیە کاتێکی باش تەرخان دەکەیت بۆ خۆشەویستەکەت، هەربۆیە چەند ڕۆژێکی هەفتەت پێ خۆش دەبێت. پێویستە ئاگاداری هەستی دەوربەرەکەت بیتو تەنیا لەڕێگەی حەزو ئارەزووەکانی خۆتدا بەکاری نەهێنی.



## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

هەفتەیەکی زۆر گونجاوە بۆ هێمن بوونەوەو هاتنەوە سەرخۆ. چەند کێشەیەک چارەسەر دەکەیت کە ماوەیەکی درێژە سەرقاڵیان کردوویت. خووە کۆنەکانت چیتر بێ سوود دەردەکەون لەلات، بۆیە واز لە هەندێکیان دەهێنی.



## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم ماوەیە ئەزموونێکی گەورە ژیانت دەوڵەمەندتر دەکاتو دەبێتە هۆی ئەوەی بزانی لەدەورووبەرت چی دەگوزەرێ. هەست دەکەیت بەرامبەر بە شتەکان زۆر هەستیار بوویت، بەڵام بەوجۆرە نییەو هەندێ بەهرەی نوێ لەخۆتدا دەدۆزیتەوە.

www.arshivakurd.org

# دوای حەوت ساڵ، پلەو زیادەی موچە بۆ مامۆستایان دەگێڕدرێتەوە

## بڕیارە لە ٦/١ەوە زیادەی موچە بۆ مامۆستایان سەرفبکرێتو لەمەودواش پلەکانیان بۆ ئەژماربکرێت

زانیار داقوقی لەکەرکوک

بەبیانووی نەبوونی بودجەی تایبەت ماوەی ٧ساڵە وەزارەتی دارایی عێراق بودجەی زیادەی موچەی بۆ مامۆستایانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە خەرجنەکردووە. هەرچەندە ساڵانە مامۆستایانی عێراق چەندان خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبووە.

چەند رۆژێک لەمەوبەر لەزۆرێک لەشارەکانی عێراقدا جارێکی تر هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپیشاندان کرا ئەگەر زیادەی موچەی مامۆستایان سەرفنەکرێت، مامۆستایانی کەرکوکیش کەنزیکەی ٢٢ هەزار مامۆستا دەبێت، رۆژی یەکشەممە بڕیاریاندا خۆپیشاندان بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەواڵی سەرفکردنی زیادەی موچەو پێدانی پلەکانیان پێگەیشت، بڕیاریاندا جارێ فشارەکانیان رابگرن.

فەوزییە عەبدوڵڵا جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند کەوەزارەتی ناوبراو بڕیاریداوە بەخەرجکردنی زیادەی ساڵانەو بەرزکردنەوەی پلەکانیان.

فەوزییە وتی "ماوەی ٧ ساڵە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٢٠٠٠هەزار مامۆستاو کارمەند لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک چاوەڕوانی زیادەی موچەی ساڵانەو بەرزکردنەوەی پلەن، بەڵام تائێستا بەهۆی نەبوونی بودجەی تایبەت لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە نەتوانرا ئەو پارەیە خەرجبکرێت".

مامۆستایانی کەرکوک رۆژی یەکشەممە بڕیاریاندا فشارەکانیان تا وادەی وەرگرتنی زیادەی موچەکانیانو بەرزکردنەوەی پلەکانیان کەمبکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەو بڕیارە زوو جێبەجێنەکرێت، ئەوا فشارەکانیان بەردەوامبێتو دەستپێدەکەنەوە.

فەوزییە عەبدوڵڵا ئاشکرایکرد کە لەلایەن مامۆستایانی کەرکوکەوە هەڕەشەی خۆپیشاندان کراوە، بەڵام تا ١٠/١ راگیراوە کەبڕیارە لەو رۆژەدا زیادەی موچە سەرفبکرێت.

جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی کەرکوک ئەوەشی وت "وەزارەتی پەروەردە ئەو ٧ساڵە رەنجی مامۆستایانی بەفیڕۆداوە".

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک، بڕیارە لە٢٠١٠/٦/١١ەوە زیادەی موچەی



مامۆستایانی کەرکوک فشارەکانیان راگرت

مامۆستایان سەرفبکرێتو لە ٢٠١٠/١٠/١١ەوە زیادەی موچەی ٤ مانگیان بۆ خەرجبکرێت.

حەسەن بابا عەلی بەڕێوەبەری دواناوەندی حەوتەغار لەداقوق بەدەستووری وت "ئێمە ماوەی ٧ساڵە چاوەڕوانی زیادەی موچەو بەرزکردنی پلەین، بەڵام لەو٧ساڵەدا بێ بەشکراوین".

حەسەن وتی "مامۆستایانی کەرکوک رۆژەی یەکشەممە بەنیازی خۆپیشاندان بوون ئەگەر ئەو پارەیە خەرجنەکرایە".

# حکومەت پارەی فۆرمی خوێندکاران نادات

## نزیکەی ٤٣٠ ملیۆن دینار لەخوێندکارانی پۆلی ١٢ وەردەگیرێت



ئەگەر حکومەت ئەو پارەیە نەدات، ناچارین لەخوێنکارانی وەربگرین

کاروخ نامیق لەسلێمانی

وەزارەتی خوێندنی باڵا داوای پارەی فۆرمی خوێندکاران لەوەزارەتی دارایی دەکات، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا لەبەرانبەر پێدانی فۆرمی وەرگرتن لەزانکۆو پەیمانگاکان بڕی ١٠ هەزار دینار لەهەر خوێندکارێکی دەرچووی پۆلی ١٢ ئامادەیی وەربگیرێت، بەڵام لەئێستادا ئەو بڕیارە راگیراوەو داوا لەحکومەت کراوە لەجیاتی خوێندکاران ئەو بڕە پارەیە دابینبکات.

بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠ بەهەردوو بەشی زانستیو وێژەییەوە ٧٦ هەزارو ٥٠٠ قوتابی بەشدارییان لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا کردووە، کە ٤٢ هەزارو ٤١٥ خوێندکار دەرچوون، بەو پێیەش ئەگەر هەر خوێندکارێک ١٠ هەزار دیناری لێوەربگیرێت، بەکۆی هەموو قوتابیانی دەرچوو دەبێت نزیکەی ٤٣٠ ملیۆن دینار بەوەزارەتی خوێندنی باڵا بدەن.

د. محەمەد سابیر بەڕێوەبەری گشتی خوێندنو پلاندانان لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "بڕیاری وەرگرتنی ١٠ هەزار دینار لەخوێندکارانی پۆلی ١٢ ئامادەیی لەبەرانبەر پێدانی فۆرمی وەرگرتن لەزانکۆو پەیمانگاکان، تائێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە".

دکتۆر محەمەد وتی "نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە ئەو پارەیە لەجیاتی خوێندکاران خەرجبکات، بەڵام تائێستا بەفەرمی هیچ وەڵامێکیان نەداوینەتەوە".

هەروەها وتی ئەگەر حکومەت ئامادەنەبێت ئەو پارەیە بدات، ناچارین لەخوێندکارانی وەربگرین.

فۆرمەکەی ئەمساڵ جیاوازە لەساڵانی رابردوو، بەرەنگاوڕەنگی لەچاپدراوەو گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا ئەنجامدراوەو بەشێوەی لەزگە فۆرمەکە پڕدەکرێتەوە، هەروەها فۆرمەکان لەدەرەوەی وڵات چاپکراونو سەدان ملیۆن دیناری تێچووە.

دلێر محەمەد بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی داراییو ئابووری لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "وەزارەتی خوێندنی باڵا نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە بۆ سەرفکردنی بڕی ئەو پارەیە".

دلێر وتی "وەزارەتی داراییش نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ وەرگرتنی رای ئەوان، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران رازیبوو پارەکەیان بۆ خەرجدەکرێت".

بەپێی وتەی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی دارایی حکومەت تائێستا وەڵامی نەداونەتەوە.

# بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئاوا نابێت

ئیدریس سابیر عەبدوڵڵا

بەڕێز جەنابی وەزیر من بەناوی خۆمو هەموو ئەو خوێندکارانەوە ئەم گلەیی‌و داوایە دەنووسم کەتەمەنمان لە ٣٠ ساڵ زیاترەو ئەمساڵ بەشێوەی دەرەکی قۆناغی دوانزەیەممان تەواوکردووە. پاش ئەو هەموو ناخۆشی‌و ماندووبوونە، دواجار بەخۆشحاڵییەوە لەرۆژی ٢٣-٩-٢٠١٠ سەردانی بەڕێوبەرێتی پەروەردەی سلێمانییمان کرد بۆ وەرگرتنی فۆرمی زانکۆو پەیمانگاکان، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئێمە ئەو بەڕێزە بوو کەپێیوتین هەرکەس تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتربێت فۆرمی نادرێتێ، چونکە بەوتەی ئەو ناتوانێت لەزانکۆو پەیمانگا حکومییەکاندا بخوێنێت.

بەڕاستی ئەو هەواڵە تووشی شۆکیکردین، ئەوەبوو پاش چەندان هەوڵو ئاگادارکردنەوەی کەناڵەکانی راگەیاندنو لایەنە پەیوەندیدارەکانو گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێز د.خەتابو پەیوەندییکردنی بەڕێزیان بەوەزارەتەکەتانەوە، بڕیاردرا فۆڕممان پێبدرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێشتا دڵنیانین لەگرەنتی وەرگرتنمان. بۆیە بەپێویستمانزانی چەند شتێک بەبیر بەڕێزتان بهێنینەوە. بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر دەتانویست بڕیارێکی لەو شێوەیە بدەن، دەبوو پێش دەستپێکردنی قۆناغی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) ئەوەتان رابگەیاندایە، چونکە ئەم بڕیارە ساڵانی پێشووتر نەبووە یاخود کاریپێنەکراوە، چونکە من بۆخۆم کەسانی سەروو ٤٠ ساڵ دەناسم ساڵی پار لەزانکۆو پەیمانگاکان وەرگیراون، هەروەها پێویستە بیری بەڕێزت بێنمەوە کەزۆر کەس بۆ تەواوکردنی ئەم قۆناغە سێ بۆ چوار هەزار دۆلاری داوە بەمامۆستای تایبەتی جگە لەوەی وازی لە ئیشوکار هێناوەو ناڕەحەتییەکی زۆری بینیوە، ئایا هەستناکەن بەو بڕیارە رەنج بەخەسار دەبێت.

جەنابی وەزیر، من نمونە لەسەر خۆم دەهێنمەوە کەتەنیا مەبەستم خۆم نییە، بەڵکو مەبەستم هەموو ئەوانەن کە وەکو منن. بەڕێزم، من ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ کە لەقۆناغی شەشەمی ئامادەیی بووم، بەهۆی خراپی بارودۆخو جەنگی ناوخۆوە نەمتوانی ئەو قۆناغە تەواوبکەم، پاشان رووومکردە هەندەران دوای ١٠ ساڵ لەئاوارەیی بڕیاری گەڕانەوەمدا، چونکە پێموابوو دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستانو دەستبەکاربوونی بەڕێزت وەک وەزیری خوێندنی باڵا، هەلی زیاتر بۆ کەسانی وەکو من دەڕەخسێت کەقەرەبووی رابردووی خۆمان بکەینەوە، بۆیە ساڵی پار گەڕامەوەو تاقیکردنەوەی دەرەکییم ئەنجامدا، سوپاس بۆ خوا توانیم ٩٢,٥ بێنم کەبووە هۆی خۆشحاڵی خۆمو کەسوکارمو لەهەمانکاتیشدا ئەم ئەزموونەی من بووە هاندەرێک بۆ ئەوانەی کە لەخوێندن دابڕاون.

من وام هەستدەکرد رەنگە لەلایەن بەڕیزتانو وەزارەتەکەتانەوە کارئاسانیم بۆ بکرێت تا خوێندنی قۆناغەکانی تریش تەواوبکەم، بەڵام خەریکە بەهۆی ئەمجۆرە بڕیارانەوە پەشیماندەبمەوە لەگەڕانەوەم بۆ کوردستان. بۆیە داواکاریین لەبەڕێزتان چاوێک بەو بڕیارەدا بخشێنەوەو بێبەشماننەکەن لەخوێندن لەزانکۆو پەیمانگا حکومییەکاندا، چونکە زۆربەمان توانای ئەوەمان نییە لەزانکۆ ئەهلییەکاندا خوێندن تەواوبکەین.

**لەگەڵ رێزو سوپاسی دووبارە**

www.arsivakurd.org

# لەگەڵ ویژدانی مردوودا

## لەسلێمانی خێزانێکی کورد دوای ئەوەی کچی خێزانێکی عەرەب بۆ کوڕەکەیان دەخوازن، دەستدەکەن بەئەشکەنجەدانیان، دوای لەباربردنی منداڵی بووکەکەیان، داوای چل هەزار دۆلار دەکەن لەبەرانبەر تەڵاقدانیدا

شۆڕش خالید

نەبا عەبدولحەمید لەوکاتەی بڕیاریدا چیرۆکە پڕ توندوتیژییەکەی بۆ دەستوور ئاشکرابکات، لەگەڵ دایکو دوو خوشکەکەی لەترسی بنەماڵەیەکی شاری سلێمانی دوو تەکسی دەگۆڕن تا گەیشتنە شوێنی مەبەست بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێک.

نەبا دەموچاوی هەڵبزڕکاو و ماندو و شەکەت بوو، لەماوەی سێ هەفتەی دوای شووکردنەکەیدا، ئەو رۆژەی چاوپێکەوتنەکەی ئەنجامدا تاکەجاربوو کەسێ رۆژ لەسەر یەک دووربێت لەئازارو توندوتیژی مێردەکەی.

نەبا لەگەڵ دایکیو دوو خوشکەکەی ترسی ئەوەیان هەبوو ئەو بنەماڵەیەی کەزیاتر لەساڵێکە ژیانی لێ تاڵکردوون لەو شوێنە کەچاوپێکەوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدەن، بیاندۆزنەوەو بیانرفێنن.

عەبدولحەمید حسێن خێزانێکی عەرەبی شیعە مەزهەبن ٤ ساڵ لەمەوبەر لەترسی گروپە توندڕەوەکانی بەغداد دەگوازنەوە بۆ سلێمانی، بەڵام چیرۆکێکی پڕ توندوتیژیو "سوکایەت"ی ئەوان دوای دوورکەوتنەوەیان لەبەغدادو لەسلێمانی دەستپێدەکات.

**چیرۆکی نەبا**

نەبا عەبدولحەمید کچی گەورەی خێزانەکەی، لەمانگی ٨ی ساڵی ٢٠٠٩، بەهۆی نزیکبوونەوەی بنەماڵەیەکی شاری سلێمانییەوە بەناوی (ئ، ن)، شوودەکات بەکوڕی ئەو ماڵە بەناوی (ف)، بەڵام چیرۆکێکی پڕ ئازارو توندوتیژیو سوکایەتیکردن بەو خێزانە عەرەبە لەلایەن بنەماڵەیەکی شاری سلێمانییەوە لێرەوە دەستپێدەکات.

نەبا بەدەستووری وت "کوڕەکە بێ ئیش بووەو هیچ ئیشی نەکردووە، بەردەوام داوای پارەی لێمدەکرد، منیش ناچاربووم پارەی بدەمێ لەترسی لێدانو ئازاردانم، بەڵام تەنیا سێ هەفتە دوای شووکردنم گەڕامەوە ماڵەوە، چونکە نەمدەتوانی بژیم لەگەڵیدا".

(ف) مێردەکەی نەبا لەپێناو پارەدا بۆ مەسروفاتی رۆژانەی ئاڵتونی ژنەکەی دەفرۆشێتو بە بەردەوامیش داوای پارەی لێدەکات.

ماڵی باوکی نەبا بەهۆی ئەوەی باری داراییان باشە، مێردەکەی بەردەوام داوای پارەی لێکردووە، هەڕەشەی کوشتنیشی لێکردووە ئەگەر بۆی پەیدا نەکات.

**لەژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی لەباردەبەن**

نەبا وتی "مێردەکەمو دوو برای بۆ ئەوەی منداڵەکەم لەباربەن، بەهەرسێکیان لێیاندەدام، ئازارێکی زۆریان دامو دەیانویست لەسەربانەوە فڕێمبدەنە خوارەوە، بۆ ئەوەی منداڵەکەم لەباربەن، لەباریشیانبرد".

نەبا ئێستا لەگەڵ دایکیو دوو خوشکیدا لەسلێمانی بەتەنیا ژیان بەسەردەبەن، بەهۆی ئەوەی باوکو براکەی لەگەڵ ئەمریکییەکان لەبەغداد کاردەکەن.

سلێمانی بە بەراورد بەشارەکانی تری عێراق بەشارێکی ئارامو بێ کێشە دادەنرێت، بەڵام بۆ خێزانەکەی نەبا ئەوە پێچەوانەبووەتەوەو بووە بەشارێکی نائارام.

کەریمە داکی نەبا وتی "لەو کاتەوەی کچەکەم داوای جیابوونەوەی کردووە، هەموو رۆژ دێتەسەرمانو پەنجەرەکانمان دەشکێنێتو لەسێ کچەکەمو خۆم دەدەن".

کەریمە وتی "پێماندەڵێت بوختانی شەرەفتان بۆ دروستدەکەم، ئەگەر ژنەکەم نەدەنەوە، کەدەشیدەینەوە ئازاری دەدەنو لێی دەدەن".

نەبا ئەو سوکایەتییەی گێڕایەوە کە لەلایەن بنەماڵەی (ئ، ن)ەوە پێیاندەکرێت، وتی "جارێکیان (ف) لەدیوارەوە بازیداوەو هاتووەتە ژوورەوە شەو بوو کاتێک ماڵی نەبا خۆیان گۆڕیوە، کامێراکەی هێناوەو وێنەی ئەو و دایکی گرتووەو وتویەتی ئەمانە بڵاودەکەمەوە لەهەموو سلێمانی".

بۆ تەڵاقدانی نەبا، (ف) داوای ٤٠ هەزار دۆلار دەکات

کەریمە تەقی دایکی نەبا وتی نەبا چەندان جار داوای تەڵاقی کردووە، بەڵام تەڵاقی نادەنو داوای ٤٠ هەزار دۆلار دەکەن لەبەرانبەر تەڵاقدانیدا.

**داوا تۆماردەکەن**

کەریمەو کچەکانی هیچکات چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد لەسلێمانی رووبەڕووی ئەو سوکایەتییە ببنەوە، گلەیی ئەوەشدەکەن سەردانی ئاسایشو پۆلیسیان کردووە، بەڵام بەپێی پێویست بەدەنگیانەوە نەهاتوون.

کەریمە تەقی دایکی وتی چەندان جار سەردانی بنکەی پۆلیسی بەختیاریمان کردووە، بەڵام "ئەوان سستن لەکارەکانیاندا"، یەک دوو رۆژ ئەو کوڕە دەستگیردەکرێتو دواتر ئازاددەکرێت و پێیان کۆنترۆڵ ناکرێت.

ئاماژەی بەوەشدا کە لەمانگی یەکەوە پۆلیس داوایکردووە راپۆرتێکی پزیشکی بهێنن بۆ ئەو حاڵەتەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەیان پێ لەباربردووە، وتی "ئێمەش راپۆرتەکەمان برد، بەڵام دواتر لەترسا تەنازولمان کرد لەسەر ئەو بابەتە لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری".

نەبا وتی "لەوەتەی چوومەتەوە ماڵی باوکم هەمووکات لەدیوارەوە دێتە ژوورەوەو پەلامارماندەدات، نەک تەنیا من لەخوشکو دایکیشم، گەڕەک هەمووی شاهیدە".

هەروەها وتی "شکاتدەکەین دەچین بۆلای پۆلیس دەگیرێت، زیندانیدەکەن بۆ نیو سەعات، ئێمە دێینەدەرەوە ئەویش یەکسەر بەردەبێت".

ئاماژەی بەوەشدا کەکاتێک لەزیندان ئازاددەکرێت خۆی بەماڵی دایکی نەبادا دەکاتەوە، دەڵێت "ئێمە حکومەتین هەرچییەک هەیە لەژێر پێڵاوەکانمانە، نەئاسایش دەخوێنینەوە نە پۆلیس، هەرچی بنکە هەیە هی خۆمانە".

هەروەها دایکی وتی "پێماندەڵێت ئێمە حکومەتین دەرتاندەکەین لێرە، بڕۆنەوە بۆ بەغداد، بشڕۆنەوە بۆ بەغداد خوێنتان دەڕێژین".

**هەڕەشەی رفاندنی خوشکەکانی نەبای کردووە**

تەنیا لەماوەی ١٥ خولەکی چاوپێکەوتنەکەدا (ف) زیاتر لە ١٠ جار تەلەفونی بۆ ژمارەی نەبا کردووە، لەیەکێک لەو تەلەفونانەی کردی هەڕەشەیدەکرد.

نەبا وتی "کاتو ساتی بۆ نییە، بەردەوام تەلەفون دەکاتو هەڕەشەشدەکات".

دایکی نەبا وتی "هەڕەشەی لەهەردوو کچەکەی ترم کردووە، دەڵێت لەقوتابخانە دەیانرفێنمو دەیانکوژم".

بنەماڵەی (ف) لەبنەماڵەیەکی شێخەکانی سلێمانین، لەنێو دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی دەستڕۆیشتوونو لێرەو لەوێ پشتگیریدەکرێن. بۆیە هەمووکات لەکاتی دەستگیرکردنی کوڕەکەیاندا بەزووترین کات ئازاددەکرێت.

**خێزانەکەی نەبا بەدزییەوەماڵیان بۆ شوێنێکی نادیار دەگوازنەوە**

هەفتەی رابردوو نەباو دوو خوشکەکەیو دایکی ماڵیان بەدزییەوە گواستووەتەوە بۆ گەڕەکێکی تر. دوای ئەوەی (ف) خۆی کردووە بەماڵی نەباداو ویستویەتی بیخنکێنێت.

نەبا وتی "مێردەکەم لەدیوارەکەوە بازیداو ویستی بمخنکێنێت، منیش تەلەفونم کرد بۆ ١٠٤ بەڵام رایکرد، دواتر سەعات ٥ عەسر دوو برای هاتن لەگەڵ خۆیدا بەچەقۆوە هەڕەشەیانکرد، وتویان باوکم ئێمەی ناردووە، وتویەتی ٤ دەفتەر دۆلارمان بدەنێ ئینجا تەڵاقت دەدەینو بڕۆنەوە بۆ بەغداد".

کەریمەی دایکی نەبا، وتی "چووین بۆ فولکەی خاڵە حاجی بۆ ماڵی باوکی (ف) بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکی کوڕەکەدا قسەبکەم، بەڵام باوکەکە، ٥ پیاوی بەردایە گیانمانو لێیانداین، هەموو ئەو گەڕەکە شاهیدە".

لەوکاتەی لەفولکەی خاڵە حاجی خەڵکی ئەو ناوچەیە تەلەفونیانکردووە بۆ ١٠٤، بەڵام بنەماڵەی (ف) لەپۆلیسی ١٠٤یان داوە بەبۆکسو شەقو ئەوانیش نەیانتوانیوە هیچیان لەگەڵدا بکەن. بەڵام دواتر (ف) دەستگیرکراوە، بەڵام جارێکیتر ئازاد کراوەتەوە.

لەوکاتەی نەبا قسەی بۆ دەستوور دەکرد، شوێنی ئەشکەنجەدان بەجەستەیەوە بوو نەبا وتی "هەمووکات بۆ ئەوەی شکات نەکەینو نەچینە لای کەس، دەڵێت ئێوە برادەری ترتان هەیەو خائینینو تۆمەتی شەرفمان بۆ دروستدەکەن".

ئێستا ماڵی نەبا بەناچاری لەهەفتەی رابردوو گەڕەکەکەیان چۆڵکردووەو چوون بۆ گەڕەکێکی تر لەترسی ئەو بنەماڵەیەو گواستویانەتەوە.

**پۆلیس: دۆسییەمان بۆ کێشەکەیان کردووەتەوە**

رائید چیا مەحمود بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی بەختیاری لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە فەرمانی دادگامان جێبەجێکردووە، وتویەتی دەستگیری بکەن، دەستگیرمانکردووە، ئازادی بکەن، ئازادمان کردووە، وەک پۆلیس ئەوەی لەسەر شانمانە کردوومانە بەبێ کەموکورتیو چەندان دۆسێیان بۆ کراوەتەوە".

چیا ئاماژەی بەوەشدا کەئەو ماڵە ناحەقی دەکەن ئەگەر بڵێن پۆلیس هیچی بۆ نەکردووینو وتی "باکەمێک بەویژدانەوە قسەبکەن، ئێمە چەندانجار ئەو کەسەمان دەستگیرکردووە، دواتر ئازادکراوە هەمووی بەفەرمانی دادوەر بووە، بەهەموو شێوەیەک بەدەمیانەوە چووین، ئەوەی پێویستبێت بۆمان کردووە، بەڵام ئەوان لەچەندان شوێن تەشهیریان بەئێمە کردووە، دەڵێن هیچمان بۆ ناکەن، ئەگەر بەردەوامبن لەو قسانە، بەتۆمەتی تەشهیر لەدادگا داوا لەسەر ئەو خێزانە تۆماردەکەین".

موقەدەم سەرکەوت عومەر بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت "ئەرکی ئێمە تەنیا بەدواداچوونە بۆ ئەو کێشانەی رووبەری ژنان دەبێتەوە، کێشەی ئەو خێزانەشمان رەوانەی داداگا کردووە، ئەوان رێوشوێنە یاساییەکان دەگرنەبەر بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

> بەهەرسێکیان لێیاندەدام، ئازارێکی زۆریاندام بۆ ئەوەی منداڵەکەم لەباربەن، لەباریشیان برد



کەریمە تەقی دایکی نەبا

# هاوسەرگیری بێ مەلا... دابونەریت رێگری لێدەکات

## بەپێی یاسای باری کەسێتی مارەکردن لەبەردەم دادگادا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ شەرعدا، بەڵام لەکوردستاندا دابونەریت رێگریدەکات

کاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

"رازیت شوو بە (کاروان) بکەیت؟ چەند مسقاڵی بۆ کردویت، رازیت بەوە؟ کوا شاهیدەکان؟" ئەمانە ئەو پرسیارانە بوون کەدادوەری باری کەسێتی سلێمانی لەژوانی کرد.

ژوان لەبەردەم دادوەری باری کەسێتی لەسلێمانی چاوەڕوانی پرسیاری جیاوازتربوو لەو پرسیارانەی کەمامۆستا ئاینییەکە دوو رۆژ پێش ئەوکاتە لێی دەکرد، بەڵام هەمان ئەو پرسیارانە دووبارەبوونەوە.

ژوان دوای هاتنەدەرەوەی پێی سەیربوو لەوەی ئەگەر هەمان سیناریۆی لای پیاوە ئاینییەکە لەمارەکردنی ئەو دووبارەببێتەوە، ئیتر چ پێویست دەکات لای پیاوانی ئاینی مارەببڕێت.

هەرچەندە کاروانی دەزگیرانی ژوان پێشتر بەژووانی وتبوو تەنیا لەدادگا پرۆسەکەیان تەواودەکەن، بەڵام ژوان بەوە رازینابێت، بەو بیانووەی ئەوە شەرعی نییە لەڕووی ئاینییەوە. هەروەها ماڵەوەشیان ئەوەیان پێ قبوڵ نەبووە.

دابونەریت رێگری لەکچانو کوڕان دەکات تەنیا لەدادگاکاندا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن.

بەشێک لەکچانو کوڕان گوێ بەدابونەریتو قسەی خەڵکی نادەنو بەبێ ئەوەی لای پیاوانی ئاینی لەیەکتر مارەببڕێن، روو لەدادگاکان دەکەن، بەپێی یاسای باری کەسێتیش ئەوە رێگەپێدراوە، بەڵام بەشێکی تریان ناتوانن گوێ بەدابونەریت نەدەن.

بەپێی یاسای باری کەسێتی کە لەساڵی ٢٠٠٨دا پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکردووە، مارەکردن لەبەردەم دادگادا هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ شەرعدا، بۆیە ئەو یاسایە رێگەدەدات گرێبەستی هاوسەرگیری تەنیا لەدادگاکاندا ئەنجامبدرێت.

بنەماسەرەکییەکانی زۆربەی زۆری مادەو بڕگەکانی یاسای باری کەسێتی، لەشەرعیەتی ئیسلامەوە وەرگیراوەو بۆ ئەوەی لەدادگاکانیشدا بەشێوەیەکی شەرعی پرۆسەکە ئەنجامبدرێت، بەڵام بیرکردنەوەی زۆرێک لەتاکەکانی کۆمەڵگەو دابونەریت تائێستاش رێگری لەوە دەکات.

کوێستان جەمال ژنێکی تەمەن ٢٤ ساڵو هیچ کات باوەڕی بەو بیرکردنەوەیە نەبوو کەدەبێت لەبەردەم پیاوانی ئاینیدا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدرێت.

کوێستان ناوی خوازراوی ئەو ژنەیە کەماوەی ١٠ مانگە هاوسەرگیری ئەنجامداوە، لەگەڵ مێردەکەیدا پێشتر بڕیاریاندابوو کەتەنیا لەدادگا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن.

ئەو وتی "خۆمو هاوسەرەکەم باوەڕمان بەو بیرکردنەوەیە نییە، کەدەبێت لەبەردەم مامۆستای ئاییندا مارەبکرێن".

هەرچەندە زۆرێک لەکەسوکاری هەردوولایان داوایان لێکردبوون کەدەبێت لەبەردەم مامۆستای ئاییندا هاوسەرگیرییەکە ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەوان گوێیان بەبیرکردنەوەی ئەوان نەدا.

یاسین دەروێش غەفور وتارخوێنی مزگەوتی خانەقا وتی ئەگەر مارەکردن لەبەردەم یاسادا بێتو بنەما سەرەکییەکانی شەرعییەت پەیڕەوبکرێت، ئەوا پێویست ناکات لەلای مامۆستای ئاینی مارەبکرێت.

ئەو وتی "ئەگەر بێتو بەپەیڕەوی ئاینی مارەنەکرێت، ئەوا ئەو دوو کەسە لەڕووی شەرعەوە حەلاڵ نین بەیەکتر".

لەئێستادا بەشێکی کەمن ئەوانەی تەنیا دادگاکان هەڵدەبژێرن بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری، زۆرینەی خەڵکی پێیانوایە نابێت بەبێ مامۆستای ئایینی ئەو پرۆسەیە ئەنجامبدرێت.

وتارخوێنی مزگەوتی خانەقا دەڵێت باشترە هاوسەرگیرییەکە لەبەردەم مامۆستای ئاینیو یاساشدا ئەنجامبدرێت.

هێمن مەهدی ٢٥ ساڵ، هێشتا نەچووەتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە پێیوایە ئەگەر تەنیا لەدادگا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامبدرێت، ئەوە شەرعی نییەو وتی "ئەو کچە حەڵاڵ نابێت بەو کوڕە".

هێمن دەڵێت گرێبەستی دادگاکان تەنیا بۆ ئەو جۆرە مامەڵانە لەلایەن زۆرێک لەکچانو کوڕانەوە دەکرێت کەپێویستیان پێی دەبێت.

جەزا سەعید تەمەن ٣٤ ساڵ ماوەی ٥ ساڵە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە بەبۆچوونی ئەو مارەکردن لەبەردەم مامۆستای ئاییندا نەریتێکی کۆمەڵایەتییەو هیچیتر.

جەزا وتی "ئەوەی وایلێکردووم لەبەردەم مامۆستای ئاییندا هاوسەرگیرییەکە ئەنجامبدەم، تەنیا نەریتو کلتوورەکەمانە".

تارا محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات کرانەوەی کۆمەڵگەو هۆشیاربوونی تاکەکانی کۆمەڵ وایکردووە ببێتەهۆی کەمبوونەوەی باوەڕبوونیان بەمامۆستای ئاینی.

تارا وتی "دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان وایکردووە ئەوەی لەبەردەم مامۆستای ئاینی مارەنەکرێن، وادەزانن هەڵەیەکی گەورەی کردووە لەگەڵ ئەوەی لایەنی یاساو ئاینی هیچ جیاوازییەکیان نییە".

بەپێی یاسای باری کەسێتی هاوسەرگیری بریتیە لەگرێبەستێک لەنێوان رەگەزی نێرو مێ، کە لەڕووی شەرعەوە ئامانجی دروستکردنی ژیانێکی هاوبەش بێت لەنێوانیاندا، بەمەرجێک تەمەنی ئەو دوو کەسە لەسەرووی ١٦ەوە ساڵ بێت.

پارێزەر دیار ئاوات دەڵێت بنەماسەرەکییەکانی زۆربەی زۆری مادەو بڕگەکان لەشەرعیەتی ئیسلامییەوە وەرگیراوە، کەواتە دانانی مەرجە یاساییەکانیش هەمان مەرجی شەرعین.

دیار وتی "ناتوانین بڵێین ئەو گرێبەستەی لەداگاکان ئەنجامدەدرێت لەڕووی شەرعییەوە دادەمەزرێن، چونکە گرێبەستی هاوسەرگیری لەناو دادگاکاندا بریتییە لەئیجرائاتی شکلی یاسایی بۆ تۆمارکردنی ئەو گرێبەستە لەدادگادا".

# خەڵک ماندووەو پەرلەمانتاران پشوودەدەن

## کەس مالکی قبوڵ نییە بۆ سەرۆک وەزیران، ئەویش کەسی تر پەسەند ناکات

ئا: محەمەد عەلی کەمال

سەرکردە عێراقییەکان بەساردو سڕیەوە هەوڵ بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەدەن دوای حەوت مانگ لەهەڵبژاردن، لەکاتێکدا هاووڵاتیان بەگەرموگوڕییەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ڕۆیشتن.

پێرێ دوا هەوڵی لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت شکستیهێنا، پاش ئەوەی لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی نەیانتوانی لەسەر کاندیدێک ساغببنەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت. چاودێرانی سیاسیش دەڵێن ڕێکنەکەوتنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنو پێکنەهێنانی حکومەتی نوێ، دەبێتە کاڵبوونەوەی متمانەی دەنگدەری عێراقی بەیەکێک لەهەرە گرنگترین پایەکانی پرۆسەی دیموکراسی کەهەڵبژاردنە.

**سەقامگیری عێراق لەمەترسیدایە**

بەهۆی نەبوونی حکومەتێکی کاراو سەرقاڵبوونی بەرپرسانی عێراق بەگفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتەوە، دۆخی ئاسایشو سەقامگیری عێراق شڵەژاوە.

ئاژانسی فارس نیوز بڵاویکردەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارەی ئەو قەیرانەوە لەسەر زاری مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە ڕایگەیاندووە پێکهێنانی حکومەتی نوێ گرنگە بۆ سەقامگیری عێراق. موتەکی لەکۆبوونەوەی لەگەڵ ئاد میلکەرتی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق ئاماژەی بەوەشکرد پاڵپشتیکردن لەعێراقو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانو بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئەو وڵاتە لەبنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ئێرانن بەرانبەر بەدراوسێکەی.

وەزیری دەرەوەی ئێران داوای لەوڵاتانی ناوچەکەش کرد بایەخ بەسەقامگیریو ئاسایشی عێراق بدەن، پاشان ڕایگەیاند کۆبوونەوەی وەزیرانی وڵاتانی دراوسێی عێراق لەوڵاتی بەحرەین بۆ جێگیری وڵاتی یەکەم یەکلاکەرەوە دەبێت.

هاوکات جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق سوپاسی ئێرانی کرد بۆ ئەو ڕۆڵەی لەبنیاتنانەوەی سەقامگیریو ئاسایشی وڵاتەکەیدا گێڕاویەتی.

**خەڵک ماندووەو پەرلەمانتاران پشوودەدەن**

ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز لەڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی عێراق دوای پشوویەکی درێژ، چاوەڕوانی حکومەتە. ئاماژەی بەوە کردووە دەنگدەران کە لەوەرزی بەهارداو بێ گوێدانە هیچ هەڕەشەیەکی "تیرۆریستان" بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ڕۆیشتن، بەڵام بەهار ڕۆیشتو هاوین هات، هاوینیش تەواو بوو ئەوا پایزە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەوان دەنگیان بۆ داون هێشتا لەسەر دیاریکردنی سەرکردەیەک ڕێک نەکەوتوون.

لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە هاووڵاتیان چاوەڕێی پارتەکانن بۆ ئەوەی ڕێکبکەونو دەست بەکاربکەن. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشکردووە لەپاڵ ئەوەی وەرزی هاوین بەشەپۆلێک لەتوندوتیژیو نەبوونی تەزووی کارەباو ئاوی خواردنەوەو نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان تێپەڕی، بەڵام پەرلەمانتارە هەڵبژێراوەکان لەهەموو ئەوانەوە دوور بوونو پشوویەکی ٢٠٠ ڕۆژییان بەسەربرد، کە تا ئێستاش بەردەوامە.

پەرلەمانتاران جگە لەو پارەیەی وەریدەگرنو ئەوەی دڵیان بیخوازێت ئەنجامیدەدەن. چونکە تا ئێستا تەنیا یەک کۆبوونەوەیان سازکردووەو ئەو کۆبوونەوەیەش کەمتر لە ٩ خولەکی خایاندووە. هەروەک ئەو ماوەیەیان لەئوتێلە هەرە باشەکانی وڵاتانی ئوردونو سوریاو ئێرانو دوبەی بەسەربردووە.

ڕۆژنامەکە ڕایدەگەیەنێت چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لەدوانزە کەس لەو پەرلەمانتارانە ئەنجامداوە کەهەموویان لەتەلەفزیۆنەکانەوە چاودێری پێکهێنانی حکومەت دەکەن، کەهەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کەهەواڵی زۆرو بەرەوپێشچوونی کەم لەوبارەیەوە هەیە.

کازم جەواد یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەو ڕایدەگەیەنێت کەئەو نوێنەری خەڵکی عێراقە، بەڵام وا دیار نییە کە بەوجۆرە بێت، چونکە زۆر بێزارەو فشارێکی زۆری لەسەرە.

ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ نیۆرک تایمز دەڵێت هەستکردن بەخەمو خەفەت شتێکی باوە لەنێو هاوکارەکانیدا، نەبوونی خولێکی نوێ لەدانیشتنەکان بارودۆخێکی لەتاڵی لەڕووی دەروونییەوە دروستکردووە.

سامەڕایی دەڵێت "ئەوانە هەست بەبێ سودی دەکەن، چونکە تموحی گۆڕانکارییان هەبوو، بەڵام ئەو پەرۆشییە لەئێستادا وەستێنراوە".

ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەدات هەریەک لەو پارلەمانتارانە مانگانە نزیکەی یانزە هەزارو پەنجا دۆلار موچەیانە، بەکرێی خانوو و ئۆتۆمبیلو ٣٠ پاسەوانو پاسپۆرتی دبلۆماسییەوە.

لەیلا حەسەن یەکێکی ترە لەو پەرلەمانتارانە، دەڵێت "هەست بەشەرمەزاری دەکەم کاتێک خەڵک پرسیارم لێدەکەن چی ڕوودەدات، کاتێک دەچمە دەرەوە لەوە دەترسم خەڵکی لۆمەم بکەن".

مەحمود عوسمانیش کە لەهەمان لیستەکەی لەیلایە هاوپەیمانی کوردستانییە، دەڵێت کەدەچێتە بینای پەرلەمان، بەڵام کەسی لێ نییە، هەندێکجار نەبێت هەندێک لەهاوڕێکانی خۆی دەبینێ.

ئەو ئاماژە بەوە دەدات کەبەردەوام لەگەڵ خێزانەکەیدا لەماڵەوەیەو هەلێکی باشە بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ هاوسەرەکەیدا.

فەتاح ئەلشێخ لەلیستی عێراقییە ڕایدەگەیەنێت کە ئەو کاتانەی لەبەردەستیدایە بەکۆمەڵێک شتەوە خۆی سەرقاڵدەکات بۆ داهاتووی سوودی هەبێت. ئاماژە بەوەش دەدات مانگی ڕەمەزانی ڕابردووی لەبەر گەرماو نەبوونی کارەبا لەسوریا تەواوکرووە.

**کاریگەری وڵاتانی دەرەوە ئاڵۆزییەکان زیاتردەکات**

هەر سەربارەت بەپێکهێنانی حکومەتی نوێ، بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا ئاشکرایکرد ئەوان پاڵپشتی هەر ڕێکەوتنێک لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا دەکەن کە لەسەر بنەمای پاراستنی یەکێتیو عەرەب بوونو سەروەری ئەو وڵاتە بێت، ئەم وتانەشی لەچوارچێوەی پێشوازیکردن لەوەفدێکی لیستی دەوڵەتی قانون بەسەرۆکایەتی نوری مالکی سەرۆک وەزیری ماوەبەسەرچووی عێراق هات، کە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات نامەیەکی ئاڕاستەی ئەسەد کردبوو.

هاوکات سەید ئەحمەد سافی نوێنەری ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکان لەشاری کەربەلا هۆشداری دا سەبارەت بەدواکەوتنی پێکهێنای حکومەت، ڕایگەیاند ئەوە ڕێگە بۆ دەرکەوتنی هەندێ کێشەی لابەلا خۆش دەکات، کەئامانجی سەرەکی لەبیری سیاسییەکان دەباتەوە، کە بریتییە لەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بۆ ماوەی چوار ساڵی ئاینده.

سەید ئەحمەد سافی ڕایگەیاند هیچ شتێکی نوێ لەبارەی پێکهێنانی حکوتەوە لەئارادا نییە، ئەوە نەبێت هەندێک کەس لەنێو لیستەکاندا بانگەوازی خێراترکردنی ئەو پرۆسەیەیان بەخاوکردنەوە بیستووە.

سافی وتی "بروامانوایە ئەو بابەتە گەیشتووەتە ئاستێک کەهەمووان خواست بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە دەخوازن بەمەبەستی چەسپاندنی یاساو ڕێکخستنەوەی شێوەی وڵات".

دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت ئەمریکاشی نیگەرانکردووەو لەوبارەیەوە هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەکۆبوونەوەی لەگەڵ هۆشیار زێباری هاوتا عێراقییەکەی لەنیویۆرک گوزارشتی لەخەمی ئیدارەی وڵاتەکەیو وڵاتانی دۆستی عێراق کرد سەبارەت بەپێکنەهێنانی حکومەت، بەتایبەت کاتێک بەغداد بەڵێنی داوە کار بۆ دەرچوون لەبەندی حەوت بکات.

**دواین هەوڵ شکستیهێنا**

ڕۆژی دووشەممە عادل عەبدولمەهدی سەرکردەی ئیئتیلافی نیشتمانیو یەکێک لەکاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند گفتوگۆکانی نێوان لیستەکەیو لیستی دەوڵەتی یاسا بەبنبەست گەیشتووە.

شکستهێنانی ئەو هەوڵە جارێکی تر گفتوگۆکان دەباتەوە بۆ خاڵی سفر. پێناچێت گرێ سەرۆک وەزیران بەمزوانە بکرێتەوە.

تا ئێستا هیچ سیناریۆییەکی نوێ بۆ پێکهێنانی حکومەت نەخراوەتەڕوو کەمایەی ڕەزامەندی لیستە براوەکان بێت یان ببێتە کارنامەی گفتوگۆی نێوانیان.



حەوت مانگی لەچاوەڕوانی کابینەیەکی نوێدا

# پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی



## ئایەتووڵڵا سەید محەمەد باقری سەدر.. گەنجترین ئایەتوڵڵا

**ئایەتووڵڵا سەید محەمەد باقری سەدر، بەهۆی دەرکردنی فەتوای جیهاد دژ بە بەعسو ملنەدانی بۆ داواکانیان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان**

ئایەتووڵڵا سەید محەمەد باقری سەدر لە ١ی مارسی ١٩٣٥ لەشاری کازمیەی عێراق لەدایکبووە. باوکی سەدر سەید حەیدەری سەدر عاملی لەزانا ناسراوە شیعەکانی عێراقو دایکی کچی عەبدولحوسێنی ئالی یاسین لەپیاوانی ئایینی شیعەی عێراق بوو. ڕەچەڵەکی سەید محەمەد باقری سەدر بۆ سەید سەدرئەدین دەگەڕێتەوە کە لەساڵی ١٧٧٩ لەلوبنان بووە .

سەید محەمەد باقری سەدر لەسێ ساڵیدا باوکی لەدەستدەداتو ئەرکی بەخێوکردنی کەوتە ئەستۆی برا گەورەکەی سەید ئیسماعیلی سەدرو خاڵۆکەی. لەمنداڵیدا بۆ خوێندن نێردرایە قوتابخانەو لەخوێندنگەی مونتەدا نەشری شاری کازمین دەستی بەخوێندن کرد. لە ١٢ ساڵیدا بۆ خوێندنی وانەکانی حەوزەویی بۆ شاری نەجەف سەفەریکردووە لەوانە مەزهەبیەکانی شێخ محەمەد ڕەزای ئالی یاسینو ئایەتووڵڵا سەید ئیسماعیلی خویی بەشداریکرد. سەیدباقری سەدر لە ١٧ ساڵیدا بەپلەی ئیجتهاد دەگاتو زەمینەکانی بەشداربوون لەخوێندنی باڵای ئایینی بۆ دەڕەخسێت.

لەساڵی ١٩٥٧ لە ژێر هەژمونی بڕواکانی سەید محەمەد باقری سەدرو لەلایەن قوتابیانو بڕوامەندان بەبیروباوەڕەکانی ناوبراو حیزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق دامەزرا. حزبێک کە لەسەرەتادا لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکی مەزهەبیدا خۆی پێناسەکردو دواتر بەهۆی کوشتنی ڕابەری مەعنەویی ئەو ڕێکخراوەیە، واتە سەید محەمەد باقری سەدر، دوژمنایەتیەکی گەورە لەنێوان حیزبی دەعوەو حیزبی بەعس دروستبوو دەعوە دەستیدایە چەکو لەساڵەکانی دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس بووە گەورەترین هێزی سیاسیی عێراق. نوری مالیکیو ئیبراهیم جەعفەری لەئەندامانی ناسراوی ئەو ڕێکخراوەبوون.

سەید محەمەد باقری سەدر زیاتر لە ٢٤ کتێبی لەبوارە جیاجیاکانی زانستی ئایینیو کۆمەڵایەتی نووسیوەو ناسراوترین کتێبەکانی بریتین لە: ١- اقتصادنا ٢- الاسس المنتقیه لاستقرا ٣- الاسلام یقودالحیاه ٤- الابنک الربوی فی الاسلام ٥- یحوس حول الولایه ٦- فلسفتنا ٧- العالم الجدید الاصول ٨- فدک فی التاریخ ٩- بحوت حول المهدی ١٠- الفتاوی الوازحەو ...

نووسراوەکانی سەید محەمەد باقری سەدر لەئاستێکدابووە کەکاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی دەستووری ئێران دانا. کۆماری ئیسلامی لەداڕشتنەوەی دەستووری نوێی ئێراندا کەڵکی لەتیوەرەکانی ناوبراو وەرگرت.

سەید محەمەد باقری سەدر وەک گەنجترین مەرجەعی شیعە پێناسەکراوەو پێش لەگەیشتنی ناوبراو بەتەمەنی ٤٠ ساڵیو لەدوای کۆچی دوایی ئایەتووڵڵا حەکیم قۆناغی مەرجەعییەتی ناوبراو دەستیپێکرد.

پێش لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەید محەمەد باقری سەدر نامەیەک بۆ ئایەتووڵڵا خومەینی دەنێرێتو بەرابەری شۆڕشی ئێران ڕادەگەیەنێ کەئامادەیە هەر چەشنە هاوکارییەک بۆ بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بکات . دواتر فەتوایەک بۆ پشتیوانی لەبزووتنەوەی ئیسلامی بەرابەری خومەینی دەردەکاتو ڕێبەرانی ئەو ڕێگایە بەشەهیدانی سەربەرز پێناسەدەکات. لەدوای زۆرتربوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان سەدرو حکومەتی بەعس، سەید محەمەد باقری سەدر فتوای جیهاد لەدژی حکومەتی بەعس دەدات. لەدوای ئەو فتوایە بوو کەناوبراو لەلایەن بەعسەوە دەستگیرکرا.

دەوترێ کەحکومەتی ئەو سەردەمەی بەعس چەندان جار هەوڵیداوە کەئایەتووڵڵا سەدر ڕازی بکات کەفتوایەک بۆ کوشتنی کوردەکانی عێراق دەربکات، بەڵام سەید محەمەد باقری سەدر تەسلیمی ئەو داواکارییەی حکومەتی بەعس نابێت.

سەید محەمەد باقری سەدر لەدوای مردنی ئایەتووڵڵا حەکیم بووە ڕابەرێکی ناسراوی شیعەو بەهۆی دژایەتیکردنی حکومەتی بەعس بۆ چوار جار لەلایەن حزبی بەعسی عێراقەوە دەستگیرکرا. دوایینجار لەپێنجی ئاپریلی ١٩٨٠ دەستگیرکراو سێ ڕۆژ دواتر بەهۆی ئەشکەنجەی زۆر لەزیندانەکانی بەعس لەگەڵ خوشکەکەی کە بەبنت الهدی ناسرابوو، گیانی لەدەستدا.

ئایەتووڵڵا سەید محەمەد باقری سەدرو خوشکەکەی لەگۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەکەیان بەناوی گۆڕستانی ئایەتووڵڵا شەرەفئەدین نێژران و گۆڕەکەی لەپاڵ دەستی براکەی بەناوی سەید ئیسماعیلی سەدرە .

سەید محەمەد باقری سەدر شەش منداڵ لەدوای خۆی بەجێدێڵێت کەپێنجیان کچنو یەکێکیان کوڕە بەناوی سەید جەعفەر.

لەدوای کوژرانی سەید محەمەد باقری سەدرو خوشکەکەی ئایەتووڵڵا خومەینی ڕابەری ئەو سەردەمەی ئێران سێ ڕۆژ ماتەمینی لە ئێراندا ڕاگەیاند.

# ئێران لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی بیری شیعەگەرێتییە لەهەرێم

## کۆنسوڵخانەکانی ئێران لەبری کاری دیبلۆماسی، دەستتێوەردان لەکاروباری هەرێمدا دەکەن

هیوای سەلیمی

لەمێژووی نوێی ململانێی نیوان شیعەو سوننە لەناوچە ئیسلامییەکاندا چەمکێک بە ناوی "هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی" هاتووەتە کایەوە کەهەمان هەناردەکردنی شیعەگەراییەو سوننەکان وەک بەردەنگی ئەم سیاسەتە کراونەتە ئامانج.

لەسێ دەیەی رابردوودا ئەم چەمکە لەدوای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەستی ئایەتوڵڵا خومەینی دەستپێکرد، کەئەمەش لەچەندان وڵاتدا لەشێوەی جۆراوجۆردا خۆی بینیەوەو هەرێمی کوردستانیش لەم سیاسەتەی هەناردەکردنی شیعەگەرایی بێبەش نەکرا.

**هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی شیعە**

هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران پێکهاتەیەکی هزری لەسەر بنەمای شیعەگەرایی ئێرانییە، کە لەسەردەستی ئیدۆلۆگەکانی دامەزرێنەری شۆڕشی ئیسلامی داڕێژراوەو ئامانجە ستراتیژییەکانی لەپێکهێنانی یەکگرتوویی‌و یەکێتی بەربڵاوی جەماوەری گوێڕایەڵدا دەبینێتەوە. لەو تیۆرەدا یەکگرتوویی فکری‌و سیاسی هەوێنی چالاکییەکان پێکدێنێت‌و خواستەکان لەئاراستەی دروستبوونی شوناسێکی نوێ بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسی، ئابووری‌و کلتوورییەکانە.

هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، مانیفێستی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەندازیاری شۆڕشی ئیسلامی بووە، لەروانگەی ناوبراوەوە مەبەست لەهەناردەکردنی شۆڕش هەمان هەناردەکردنی ئیسلامی دڵخوازی ئەوان بووە، ئیسلامێک کەتیۆری ویلایەتی فەقیهو سیاسیبوون کۆڵەکە سەرەکییەکانیەتی. ئایەتوڵڵا خومەینی لەو بارەوە دەڵێت "ئێمە بەهەناردەکردنی شۆڕشەکەمان ئیسلامی راستەقینەو محەمەدی بڵاودەکەینەوە."

واتە لەروانگەی ئەوانەوە ئیسلام لەچوارچێوەی شیعەدا پێناسە دەکرێت، هەر مەزهەبێکی دەرەوەی مەزهەبی شیعە ئیسلامی راستەقینەو محەمەدی نییە. پێدەچێ لەسەر ئەساسی هەمان روانگە بێت کە کەمایەتی سوونەی ئێران بەهاووڵاتی پلە دوو پێناسەدەکرێت، ئەو پێناسەکردنە تا مانەوە لەقاوغی سوننەبوونێتو لەروانگەی ئا یە تو ڵڵا خومەینییەوە پرۆسەی مێژوویی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی کەهەمان شیعەگەراییە، بریتیە لەهەناردەکردن، هەستانەوەی ئیسلامی، پێکهێنانی ناوەندەکانی مقاومەی حیزبوڵڵا لەجیهان، پێکهێنانی جۆشدانی جیهانی موسڵمانان، دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی جیهانی ئیسلام، پێکهێنانی یەک ئومەتی جیهانی‌و سەرەنجام پێکهێنانی جۆشدانی جیهانی چەوساوەکان.

سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش جیا لەدەستکەوتەکان، کۆمەڵێک زیانی بەردەوامیشی بۆ ئێران‌و بەگشتیی بۆ رەوتی شیعەگەرایی بووە. سیاسەتی هەناردەکردن ئێرانی رووخسارێکی ترسناکی لەئێران‌و لەشیعەگەری نیشانداوە، ئاستی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لەهەمبەر ئێران لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتە رەوتێکی پێچەوانەی پێواوە. بەوپێیەش شیعەگەرایی لەژێر هەژموونی هەمان دروشم‌و بەتایبەت لەژێر کاریگەریی حوکمڕانی ئێران لەناوخۆی وڵاتەکەی ئاراستیەکی جیا لەخوێندنەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ شیعەگەرایی لێکەوتووەتەوە.

**هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە**

لەسەرەتاکانی هاتنەسەرکاری حکومەتی ئێران مانای هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیزاسیۆنی کلتووری سیاسیی‌و رەفتاری سیاسیی ناوخۆی ئێراندا بوو. واتە لەرەهەندێکی زمانییەوە خوێندنەوە بۆ چەمکی هەناردەکردن دەکراو ئەو واتایە خۆی لەپڕوپاگەندەو بانگەشەدا دەبینیەوە.

دواتر چالاکییەکانی رێکخراوە خوێندکارییە ئیسلامییەکانی زانکۆکانی ئێران لەچوارچێوی هەمان سیاسەت کەوتە وەرگرتنی خوێندکاری وڵاتانی دراوسێ، ئەو رێگەیە وەک یەکەمین ئامراز بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی هەناردەکردن بەکارهێنرا.

هاوکات کارکردن لەسەر چەمکی دووبارە بەرهەمهێنانی شیعەگەریی لەو وڵاتانەی کەشیعەی تێدابوو خرایە ئەجێنداوە، بۆ ئەو مەبەستە عێراق‌و لوبنان‌و بەحرەین‌و کەشمیرو پاکستان وەک بەردەنگە سەرەتاییەکان هەڵبژێردران.

لەخوێندنەوەی نوێدا ویلایەتی فەقیە بەرابەری ئێران کاری بۆ دەکراو تەنانەت لەبەرنامەی سیاسیی کۆمەڵێک پارتی سیاسیی ناوچەکەو لەوانە حیزبوڵڵای لوبنان، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق‌و .. پابەندبوون بەرابەرانی سیاسیی ئێران وەک بڕگەیەکی نەگۆڕی سیاسی جێگیرکرا.

ئینتەرناسیۆنالیزمی شیعەی ئێرانی کۆمەڵێک هەنگاوی لەو ئاراستەدا نا کە بریتیبوون لە: داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەتاران، دامەزراندنی چەندان گروپی توندڕەوی وەک گروپی محەمەدی مونتەزری کوڕی ئایەتوڵڵا مونتەزری، رێکخستنی کۆنفڕانسی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ناوچەکە لەزستانی ١٩٨٠، رێکخستنی خۆپیشاندان لەکاتی زیارەتی حاجییە ئێرانییەکان لەمەککەو مەدینە لەساڵی ١٩٨٢ کە کوژرانی ٤٠٠ کەسی لێکەوتەوە، ناردنی چەندان گروپ بۆ پڕوپاگەندەی شیعەگەرایی بۆ وڵاتانی ئەفریقا، دامەزراندنی بەرەیەک بەئەندامییەتی چەندان گروپی وەک ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق‌و بزووتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی جەزیرە تولعەرەب‌و بەرەی ئازادیخوازی بەحرەین‌و چەندان گروپ لەسوریاو لوبنان‌و هاوکات چالاکییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ پشتیوانی سەربازی لەو گروپانە.

پەسندکردنی سزای کوشتن بۆ سەلمان روشدی، دامەزراندنی دەیان کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆن بۆ بەدواداچوونی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بەشێکی دیکە لەو سیاسەتانەبوون کە لەدرێژەی ئەو پرۆژەدا بەکردەوە دەرهاتوون.

لەروانگەیەکەوە دەکرێ دوو فاکتەری شیعەبوونی ناوەڕۆکی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی‌و رەنگو بۆنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک بەربەستێک لەبەدەم ئەو سیاسەتەدا رۆڵی گێڕاوە.

**هەرێمی کوردستانیش بێبەش نەبووە**

هەرێمی کوردستانی عێراق وەک ناوچەیەکی ئیسلامی لەناوچەکە بەردەنگێکی هەمیشەیی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بووە. هەرێمی کوردستان لەروانگەی جیۆپۆلۆتیک، جیۆ ئێکۆلۆجیکو جیۆستراتیژیک ناوچەیەکی گرنگ بۆ چالاکییە سیاسیی‌و ئایدۆلۆژیەکانی حکومەتی ئێران بووە، لەپاڵ تموحە ناوچەییەکانی ئێران گەشەپێدان‌و بڵاوکردنەوەی شیعەگەریش لەئەجێندای کاردابووە. سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی شیعە بەپێی لێکدانەوەی دیموگرافی هەر ناوچەیەک تاکتیکی جیاجیای بۆ دەستنیشانکراوەو تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامیش لەو ئاراستەدا بۆ هەرێمی کوردستان فۆرمی جیاجیای هەبووە.

**گرنگیدان بەکاری میدیاو کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەناوی سەحەری کوردی**

سیاسەتی کارکردنی حکومەتی ئێران لەو بوارەدا لەکاتێکدایە کەچەندان ملیۆن کورد لەئێران وەک هاووڵاتی پلە دوو تێڕوانینیان بۆ دەکرێت، هیچ کاتێک ئەو ئاستە لەکاری میدیای بۆ کوردی ئێران نەکراوە. لەو کەناڵەدا بەها ئەخلاقی‌و ئاینییەکانی شیعەگەری‌و گرنگیدان بەئاماژەو دروشمە ئیسلامییەکانی لەجۆری شیعەی ئێرانی لەپێشەوەی هەموو پلانەکاندا بووە. دۆبلاژی کوردی زنجیرە تەلەفزیۆنی‌و فیلمە سینەماییەکانی ئێرانی کە لەناوخۆی ئێران نزمترین ئاستی بینەری هەیە، بووەتە دیسکۆرس‌و کۆڵەکەیەکی بەهێزی سەحەری کوردی‌و لەبزربوونی رۆشنبیری کلتووری‌و خەمساردی حکومەتی هەرێم لەو بوارەدا تا رادەیەک توانیویەتی خەڵک بۆلای خۆی رابکێشێت.

بێگومان لەداهاتوودا شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی ئەو بوارە خۆی دەردەخات. لەساڵیادی پیاوە ئاینییەکانی مێژووی شیعەدا سەرجەمی کاتەکانی ئەو کەناڵە بۆ ئەو بابەتە تەرخانکراوەو بێگومان تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی کاریگەر دەتوانێ بەشێک لەئامانجەکانی بپێکێت، بەچەشنێک کلتووری مەزهەبی شیعە وەک مەزهەبێکی گونجاو و باڵادەست لەزەینی رای گشتیی کوردا دروستبکات.

**کردنەوەی پێشانگای کتێب**

ناوبەناوە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی سەر بەحکومەتی ئێران پێشانگای کتێب لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا دەکرێتەوە. هەرچەندە خودی بیرۆکەی کردنەوەی پێشانگای کتێب هەنگاوێکی پۆزەتیڤە، بەڵام ئاستی چۆنیەتی ناوەڕۆکی کتێبە نمایشکراوەکانی ئەو پێشانگایانە زۆر لەخوارەوەیەو لە٩٥٪ قورسایی جۆری کتێبەکان خۆی لەدروشم‌و ستراتیژییە شیعەگەراییەکاندا دەبینێتەوە. بۆ وێنە کردنەوەی پێشانگای کتێب لەچەند مانگ لەمەوبەر لەشاری سلێمانی جگە لەهەڵواسینی وێنەی سەید حەسەن نەسروڵڵا رابەری حیزبوڵڵای لوبنان شتێکی دیکەی تێدا بەدی نەدەکرا.

هەموو ژوورەکانی پێشانگای کتێب بەوێنەو لافیتەی رابەری حکومەتی ئێران‌و رابەرانی دیکەی شیعەی ناوچەکە دەڕازێتەوەو ئەو هەنگاوەش تاکتیک لەئاراستەی هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەرییە. بڵاوکردنەوەی بێ بەرانبەری وتەو کتێبی مەرجەعە شیعەکان‌و پیاوە ئاینییەکانی جیهانی شیعە بوارێکی هەمیشە ئامادەی ئەو پێشانگایانەیە.

**بەکارهێنانی کونسوڵگەری‌و دەلاقە دیپلۆماسییەکان بۆ راپەڕاندنی سیاسەتی هەناردەکردن**

لەکلتووری سیاسیی مۆدێرندا باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەکان کاری راپەڕاندنی پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات دەکەن، هاوکات گرفتەکانی پەیوەندیدار بەهاووڵاتیانی وڵاتی خاوەن باڵیۆزخانەکان لەو رێگەوە پراکتیزە دەکرێت. کەچی لەهەرێمی کوردستاندا بەپێچەوانەی هەموو عورفە دیبلۆماتیکەکان، دیپلۆماتکارانی ئێرانی جیا لەئەرکە یاساییەکانی خۆیان بەکۆمەڵێک بابەت کەدەچێتە چوارچێوەی دەستتێوەردان، هەڵدەستن. دوایین نمونە لەوبارەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەفتەیەک لەمەوپێش. لەدوای بڕیاردانی قەشەیەکی ئەمریکی لەویلایەتی فلۆریدا بۆ سووتاندنی قورئان، ناڕەزایی بەشێکی زۆر لەوڵاتانی ئیسلامی گرتەوەو ئێرانیش هەموو وڵاتێک زیاتر (دیارە بەشێک لەناڕەزاییەکانی حکومەتی ئێران ئاراستەکراو و بۆ پێکاندنی مەرامی سیاسیی تایبەتی بوون) کەوتە ناڕەزایی‌و لەقاودانی ئەو کارە.

کونسوڵگەری ئێران لەهەولێر بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو کەوتە بڵاوکردنەوەی وتەکانی ئایەتوڵڵا خامنەیی لەئیدانەکردنی ئەو کارەو بەشێکی زۆر لەمزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەشاری هەولێر لەو شوێنانەبوون کەئەو راگەیەنراوەی زمانی کوردی تێدا بڵاوکرایەوە. رەفتارێکی بەدوور لەعورفی دیبلۆماتیکو تەنانەت ناڕەزایی وەزارەتی ئەوقافی کوردستانی لێکەوتەوەو ئەو هەنگاوەیان بەدەستتێوەردان پێناسەکرد. ئەو کارەو دەیان کاری هاوشێوە بەشێک لەهەڵسوکەوتەکانی دەزگای دیپلۆماسی ئێرانی لەهەرێمی کوردستانە، ئەوان بەشانازییەوەو لەئاراستەی پەرەپێدانی شیعەگەری‌و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی تێڕوانینی بۆ دەکەن. هەر ئەوەبوو کەچەند رۆژ دواتر ئاژانسی فارسی ئێرانی لەهەواڵێکدا بڵاویکردەوە کەخەڵکی هەرێمی کوردستان پێشوازییەکی باشیان لەوتەکانی رابەری موسڵمانان، ئایەتوڵڵا خامنەیی کردووە.




# شێخ ناسر: بیروباوەڕی شیعەکان هێرشە بۆ سەر ئیسلام

**دەستوور:** بەرپرسی ماڵپەڕی موسلیمی سعودی پێیوایە لێدوان‌و بڕواکانی شیعە لەبارەی ئیسلام‌و پێغەمبەری موسڵمانانەوە، بەشێکە لەهێرشی جیهانی بۆ سەر ئیسلام‌و دروستبوونی یەکێتیی شیعەو سوننە، بەهێزبوونی شیعەی لێدەکەوێتەوە.

شێخ ناسر بن سلێمان لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی سەفا وتی لێدوانی شیعەکان لەبارەی پێغەمبەری موسڵمانان دوورە لەڕاستییەوەو بیروبڕوای ئەوان لەبارەی ئەو بابەتەوە مەترسیدارە.

وتیشی هێرشی شیعەکان بۆ سەر سوننە، بەشێکە لەهێرشی جیهانی بۆ سەر ئیسلام‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەپشت ئەو بابەتەوەیە.

بن سلێمان لەبارەی یەکێتیی نێوان شیعەو سوننەو نەمانی ناکۆکی لەنێوانیاندا ڕایگەیاند هاتنەدی ئەو کارە، لەقازانجی شیعەگەرایی‌و بەهێزبوونی ئەوانی لێدەکەوێتەوە.

ئەو شێخە سوننە مەزهەبە ئاڵۆزی‌و کێشمەکێشە سیاسییەکانی عێراق‌و لوبنان‌و بەحرەین بەئاژاوەگێڕیەکانی شیعە ناودەبات‌و شیعە بەتۆمەتباری سەرەکی دەزانێت.

# لێدوانی پیاوێکی ئاینیی شیعە توڕەبوونی سوننەکانی لێدەکەوێتەوە

**دەستوور:** پیاوێکی ئاینیی شیعە کۆمەڵێک تۆمەتی خستەپاڵ هاوسەری پێغەمبەری موسڵمانان‌و توڕەبوونی موسڵمانانی سوننەی لێکەوتەوە.

شێخ یاسر حەبیب لەکۆبوونەوەیەکدا لەلەندەن عایشەی هاوسەری پێغمبەری موسڵمانانی بەکۆمەڵێک بابەت‌و لادان لەسەردەمی خوێدا تۆمەتبارکردو ئەو بابەتە شەپۆلێک توڕەیی‌و ناکۆکیی زیاتری لەجیهانی ئیسلامدا لێکەوتەوە.

وتەکانی شێخ یاسر حەبیب بەخێرایی لەسایتی یوتوبدا دانراو لەدوای ئاگاداربوونەوەی سوننەکانی کوەیت‌و بەحرەین‌و عێراق‌و سعودییە لەو وتانە، گرژی‌و ئاڵۆزییەکی زۆر دروستبووە.

شێخ یاسر حەبیب نیشتەجێی وڵاتی کوەیتەو لەدوای ئەو بابەتە حکومەتی کوەیت لەڕێگەی پەرلەمانەوە مافی نیشتەجێبوون‌و هاووڵاتیبوونی لەشێخ یاسر سەندەوە.

شێخ یاسر کە ئێستا لەلەندەنی پایەتەختی بەریتانیایە ڕایگەیاندووە بەو بڕیارەی حکومەتی کوەیت خۆشحاڵە، بەڵام هاوکات داواکاریشە کە لێپێچینەوە لەو پیاوە ئاینییە سوننەکانی کوەیتیش بکرێت، کە بێڕێزی بەشیعە دەکەن.

شێخ یاسر یەحیا عەبدوڵا حەبیب لەساڵی ١٩٧٧ لەکوەیت لەدایکبووەو دواتر ئەنجومەنی خدام مەهدی لەو وڵاتە دامەزراندووە. لەساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ حکومەتی کوەیت توشی ناکۆکی بووەو چووەتە بەریتانیاو لەو کاتەوە لەبەریتانیا دەژی.

شێخ دوو رۆژ لەمەوبەر رایگەیاند کە کەناڵێکی ئاسمانی بەناوی فەدەک دادەمەزرێنێ‌و دەیەوێ لەڕێگەی ئەو کەناڵەوە بانگەشە بۆ شیعەگەری بکات.

# کەسی حیزبی و نا حیزبی

شوان سدیق

چەندان ساڵی درێژ، بەسەر پێڕەوکردنی جیاکردنەوەی خەڵکی حیزبیو ناحیزبی بەردەوامی هەیە، لەڕووی ئیمتیازی مادیو ڕێگاخۆشکردن لەبەردەم هەڵبژاردنی خواستەکانیاندا، بەجیاوازی لەپێدانی ئیمتیازی ژیانیان لەنێوان هاووڵاتیانی خودی وڵاتەکەدا، جگە لەو حوکمە تۆتالیتارو تاکڕەو دیکتاتۆرانەی کە بەبیانووی جیاجیا، جیاوازی لەنێوان پێکهاتەو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دەکەن، ئەگینا لەهیچ حوکمێکی تری دونیادا نییە کەسی حیزبیو ناحیزبی لە پێدانی مافی ژیانیان جیابکرێنەوە.

بێگومان لەدوای ڕاپەڕینو دونیای دەسەڵاتی حیزبی ئیمپراتۆری کوردی هەموو کایە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییەکان هەیمەنەی حیزب باڵی کێشاوە بەسەریاندا، لەم نێوەندەشدا حیزب لەهەمووکاتو ساتەکاندا، ئامادەگی هەیەو مرۆڤی حیزبیو ناحیزبی لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە بەهەند وەردەگیرێت.

هەر ئەمەش وایکردووە، نەبوونی دادپەروەریو بوونی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی زیاتر ڕەنگدانەوەی دیاربێ بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان، چونکە شتێک نییە بەناوی چەمکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، چونکە ئەگەر لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵگای دادپەروەر دروستبوایە، ئێستا هەم مافەکانی مرۆڤو ئازادییەکانی ئینسان، لەنێوان ئینسانەکانی تری وڵاتدا جیاوازی نەدەکرا، وەکو ئەوەی کەهەیە مرۆڤی نزیک لەحیزبی دەسەڵاتدار باڵادەستەو مرۆڤی حیزبی ئازادەو زوو شانسی بردنەوەی بلیتی فەرمانبەریو پۆلیسو ئاسایشیو پاسەوانی نەوتو ژینگەپارێزیو زۆر شتی تری هەیەو مرۆڤی نا حیزبیش بە ئاشکرا پێی دەڵێن، چاوت "دەربێت" بۆچی "نابێت بەحیزبی بۆ ئەوەی تۆش وەکو ئێمەی حیزبی بێبەش نەبی لەداخوازییەکانت".

لەراستیشدا چەند کابینەی حکومەتی هەرێم بەڕێکراوە، ئەوەی لەساڵانی ڕابردوودا هەبووە لەلای ئەم حیزبە فەرمانڕەوایانە ڕێگای بەحیزبکردنی خەڵک بووە، بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی کەهەیان بووە، یا هەر کەسێکیش حیزبی نەبوایە زەحمەت بووە، توانای ئەوەی هەبێت، وەکو هاونیشتمانیە حیزبییەکەی تر ژیابێت، بێگومان ئەمەش بەدەر نییە لەسیما کارە دیارەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆر، یان تۆتالیتارییەکان.

چونکە قۆناغەکانی رابردووی دەسەڵاتو کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم کەپارتی و یەکێتی ڕێبەرایەتیانکردووە، بەئاشکراو بەبێ سڵمینەوەو شەرمکردن لەوەی کەتۆ یان من هەر کەسێک لەم کوردستانە پێیان وتراوە تۆ پارتیت یان یەکێتی، ئەگینا بەحەرام زانراوە سادەترین ژیان خەڵک بژی، بەبێ ئەوەی تەزکییەی حیزبی نەکردبێت.

ئەوەی لێیان بینراوەو هەیە، وا دەردەکەوێت، لەروانگەی ئەم دووحیزبەوە تەنیا بژاردەیەک لەمرۆڤی ئەم نیشتمانە بەر لەهەموو شتێک سەرزەمینی سیاسیو ئیداریو ئەخلاقی بۆ ئەوانەو ئەوان لێی بەرپرسنو بۆیان هەیە تێیدا بخۆنو بخەون. هەر ئەمەش وایکردووە، ئێستا ئەوەی سەیری هەموو پێکهاتەکانی ژیان بکات لەم هەرێمەدا بۆی دەردەکەوێت، کەئەم دووحیزبە چۆن ژیانێکی ئاساییانەیان گۆڕیوە بۆ پێکهاتەیەکی حیزبیو ئەو مرۆڤ گەلەی کەدوای ئەوان کەوتوون، جیاواز لەکەسانی دی دەرەوەی ئەوان باشتر دەژین.

دوای چەندان ساڵ بەسەر کۆتایهێنان بەشەڕی ناوخۆییو دوو ئیدارەیی، بەڵام گوایە یەک حکومەت هەیە، کەچی ئاستی لێپرسینەو بەرپرسیارێتیو بایەخدان بەتواناکانی تاک بەکورتی ئەرکو مافیش بەراورد بەساڵانی رابردوو، جیاوازییەکی ئەوتۆی لێ بەدی ناکرێت. هەنووکەش مرۆڤی حیزبی باڵادەستەو زیاتر شانسی بردنەوەی خواستەکانی هەیەو کەسی ناحیزبیش هێشتا چاوەڕێی رۆژێکی تر دەکات.

کاتێک قسە لەسەر ئێستای حکومەتی هەرێم دەکەین هاوشێوەی ئەو کەسانە بیر ناکەمەوە لەبەر ئەوەی لەهەولێر نیشتەجێم ئیتر کابینەی پێنج بەکابینەی فەراهەمکردنی خواستەکانی خەڵک بجوێنم نەخێر. پێموایە ئەوانەی ڕەخنە لەکابینەی شەش دەگرنو کابینەی پێنج بەکابینەی بەدیهێنانی خەونەکان دێننەوە، ئەوە تەنیا ئامانجیان هەڵخەڵەتاندانو پێخستنە ناو ئەو ئاوەیە کەپارتی بۆ هەڵسوڕاوانی ڕشتووە، چونکە چوار ساڵی رابردووی کابینەی پێنجمان بینی سەبارەت بەو کەسانەی کەحیزبی نەبوون، جیاوازییەکی ئەو تۆی نەبووە، لەگەڵ کابینەکانی تری حکومەت، ڕەنگە جیاوازی کابینەی پێنج بەلای ئەوانەی کەبەز شێوەیە بیر دەکەنەوە، ئەوە بووبێت، کەئەوان ئیمتیازی زیاتریان بەرکەوتبێت.

کەواتە بەبێ جیاوازی کابینەکان زۆریان کاریان لەیەک دەچێو ئەوەی ئێستاش هەیە ئەویش تەزکیەی حیزبییە لەکاروباری ئیداری جا بۆ هەر مەبەستێک بێت، خۆ هەر کەسێکیش لەحیزبە دەسەڵاتدارەکان نەبێت، زەحمەتە بتوانێت، کارئاسانی بۆ ژیانی ئاسایانەی بکرێو ئەویش وەکو هاووڵاتییەک یان هەر تاکێکی دی مافی ئەوەی هەبێ وەکو کەسی حیزبی سوودمەندبێت.



shwansdiq@yahoo.com

---

کەوتنە بەر هەڕەشەو پەلاماردان، رابەری حیزب لەکوردستان بارێکی وەهای بۆ چالاکیو دەرکەوتنی جەماوەری بۆ نەمایەوە. بەم هۆیەوە زۆرێک لەئەندامانی رابەریو کادرانو ئەندامانی حیزب ناچاربوون شوێنی ژیانو چالاکی سیاسیان بگوازنەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپاو وڵاتانی تر. ئەمەش بۆ خۆی مەحدودیاتێکی گەورەی بۆ چالاکیو هەڵسوڕانی سیاسی لەناوخۆی کوردستاندا دروستکردووە، بەڵام ئەمە بەمانای پەراگەندەیی لەئەورووپا نییە، ئێمە خاوەنی تەشکیلاتو چالاکی سیاسین لەوڵاتانی دەرەوە.

ئەم هێرشو پەلامارە بۆ سەر هەر هێزێک بکرێت، کاریگەری گەورە بەجێدەهێڵێ، ئەو هێزە ناتوانێ بەچەند مانگو ساڵێک خۆی بێنێتەوە دۆخی پێشوو، بەتایبەت بۆ کۆمۆنیزمێک لەکۆمەڵگەیەکی نائاساییو میلیشیایی وەک کوردستاندا، کەهەمیشە لەژێر هەڕەشەو پەلامارو فشاری قەدەغەکردندا بووە.

کارەساتێکی تری گەورە کەیەخەی بزووتنەوەی ئێمەی گرت، مەرگی رابەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی مەنسور حیکمەت بوو، مەرگی ئەم رابەرو بیرمەندە بەداخەوە توانی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر هێزی ئێمە لەعێراقو ئێران دابنێ. ئەو بیرمەندو رێنیشاندەرو رابەری سیاسیی بزووتنەوەی ئێمە بوو، کە لەپڕو ناوەخت ماڵئاوایی لێ کردین.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەتان. بەبڕوای من لەئاکامی غیابی ئاسۆی سۆسیالیستی ئێمە بەسەر ئاسۆی بزووتنەوەی جەماوەریو ناڕەزایەتی کرێکارانو زەحمەتکێشی خەڵکی کوردستاندا، بزووتنەوەی گۆڕان توانی تا ئاستێکی باڵا ئاسۆی خۆی زاڵبکات بەسەر ئەو بزووتنەوەیەداو ئاراستەی بکات. گەر مانای ئەمە زیاتر قووڵبکەمەوە، ئەوە بەدەربڕینێکی تر زاڵبوونی ئاسۆی بزووتنەوەی گۆڕان، کەشتێک نییە جگە لەئاسۆی باڵێکی تری بۆرژوازی کورد بەسەر ناڕەزایەتی فراوانی خەڵکدا، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کول کردو کردیە دەستمایەی شەریکبوونی خۆی لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورددا. بۆیە بەو هۆیەوەی کەناڕەزایەتی خەڵک پاشەکشەی بەسەردا سەپێنراو لەئامانجی ئینسانی خۆی دوورکەوتەوە، هاوکات کاریگەری نەرێنی لەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییش دانا. بەڵام بەبڕوای من ئەم کاریگەرییە کورت ماوەیە، بێ توانایی گۆڕان لەئاراستەکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستاندا کەئێستا نیشانەکانی زۆر بەزەقی دەرکەوتووە، زەمینەیەکی گونجاوتر لەپێشوو بۆ کاریگەری ئاسۆی حیزبی ئێمە بەسەر خەڵکەوە دەهێنێتە ئاراوە.

**دەستوور:** چۆن دەڕوانیتە ئەو ڕەخنانەی کەدەڵێن بیری مارکسیزم بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نەگونجاوە، یاخود بیری مارکسی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت، ئیدی ئەویش ماڵئاوایی کرد؟ ئایا بڕواتوایە ئێستا مارکسیزم جێگرەوە (بەدیلە) بۆ ئایدۆلۆژیاکانی دیکە، بۆ نمونە لەکوردستاندا؟

**ناسک ئەحمەد:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەتان بیست ساڵ لەمەو بەر، کەگەرمەی پڕوپاگەندەی بلۆکی ڕۆژئاوا بوو لەسەر مەرگی کۆمۆنیزمو لکاندنی مێژووی سەرمایەداری دەوڵەتیی لەڕووسیا بەکۆمۆنیزمو مارکسیزمەوە وەک چوارچێوەی فیکری ئەو، ئەو کاتەی کەرۆشنبیرانو بیرمەندانی بۆرژوازی کارێکیان نەبوو جگە لەهێرشو پەلاماردانی مارکس نەبێت، پێویستی بەلێکدانەوەی زۆر دەکردو قسەی زۆری هەڵدەگرت.

ئەو بۆچوونەی کەدەڵێ بیری مارکسیزم بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نەگونجاوە، پڕوپاگەندەیەکە کە لەساڵی هەشتاکانەوە لەسەردەمی بۆرژوناسیۆنالیستی کوردەو بەئامانجی دوورکەوتنەوەو بەنامۆکردنی خەڵکی کوردستان بەبیری مارکسیزم دەیڵێن. من یەکەمجار ئەم پڕوپاگەندەیەم لەزمانی جەلال تاڵەبانییەوە گوێ لێ بوو. دەڵێن کوردستان کرێکارو چینی کرێکاری تێدا نییە، کوردستان کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیو عەشیرەتییە. بۆیە سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم کەبزووتنەوەیەکی رزگاری چینی کرێکارە بۆ کوردستان نابێت. ئەم قسانە بۆ ئەوەیە کەپاشەکشە بەچینی کرێکارو زەحمەتکێشو کۆمۆنیزم بکەن لەکوردستاندا. نازانم گەر کرێکار لەکوردستاندا نەبێت، کارگاکان چۆن دەبرێن بەڕێوە، خانوو بیناکان چۆن دروستدەکرێنو کانزاو نەوتو ئاو و کارەبا چۆن دەهێنرێنە بەرهەم، بەکورتی کۆمەڵگە چۆن دەڕوات بەڕێوە؟ دیارە تاڵەبانیو بارزانی ڕۆبۆتیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کارگەکان! بەڵام خۆ ڕۆبۆتیش هەر بەکرێکار ئیشی پێ دەکرێت. کوردستان کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری هاوچەرخە کەسەدان هەزار کەس تیایدا بۆ ژیانکردنی خۆیو منداڵەکانی ناچارە ڕۆژانە هێزی کاری خۆی بفرۆشێ.

مارکسیزم پێش لەهەر شتێک ڕەخنەیە، ڕەخنەیە لەنیزامی سەرمایەداری مەوجود، ڕەخنەیە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی نیزامی ئێستا، ڕەخنەیە لەنایەکسانی لەدابەشکردنی بەرهەمو کاڵاو نازو نیعمەتەکانی کۆمەڵگە، وەک مەنسوور حیکمەت دەڵێت: هەزار شورەووی (یەکێتی سۆڤییەت) بێتو بڕوات، گۆڕانکارییەک لەڕەخنەی من بەعینوانی یەک مارکسیست نیسبەت بەکۆمەڵگەی مەوجود، بۆچونێک کە لەکۆمەڵگەیەکی شایستە بەئینسان هەمەو هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهێنانی ئەو کۆمەڵگە نوێیە کە لەنێو دڵی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا سۆراغی دەکەم، ڕوونادات.

ریشەی کۆمۆنیزمو مارکسیزم وا لەقووڵایی دڵو فیکرو ئەندێشەی ئینسانەکاندا، گەر ئەوان ئەندامی حیزبێکی کۆمۆنیستیش نەبن. کۆمۆنیزم یانی یەکسانی، یانی ژیانێکی باشتری ئینسان، ئەمەش بەدرێژایی کۆمەڵگەی بەشەری خولیاو ئەندێشەو هەوڵی بێ ئەملاولای ئینسان بووە.

بەهەرحاڵ هێشتا کۆمەڵگەی کوردستان دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستی ئەزموون نەکردووە تا قەزاوەتی ئەوەی لەسەر بکرێت گونجاوە یان نا، بەڵام لە ١٩ ساڵی رابردوودا، دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی شتێکی تری بەغەیری نا ئەمنی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، بێ خزمەتگوزاریو نەبوونی ئاو و کارەباو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، گەندەڵی ئیداریو سیاسی، تیرۆری ژنان، بێ مافی لاوانو منداڵان، سەرکوتی ئازادی سیاسیو تیرۆری ڕۆژنامەنووسانو تەقە لەخۆپیشاندانی خەڵک، نەکردووە بەنسیبی خەڵکی کوردستان.

بەڕاستی ئەم ئەلگۆیە لەدەسەڵات گونجاوە بۆ کۆمەڵگەی کوردستانو ئەم ژیانە شایستەی خەڵکی کوردستانە.



**ئەو هێزەی کە لەهەڵبژاردنێکی پەرلەمانی بۆرژوازیدا زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنێ، نیشانەی حەقانییەتبوونی ئەو هێزەو خۆشەویستبوونو پشتگیری زۆرینەی خەڵک نییە**

---



فایەق سەعید

faiekk@hotmail.com

## جیهانبینی پەروەردە

# بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی دژ بەمامۆستاکان

بەر لەهەموو شتێکو بۆ ئەوەی هیچ مامۆستایەک بەهەڵە لێم تێنەگات، دەبێو ئەوە یاداشتبکەم کەهەر کات خوێندکاران دەستیان بە بەکارهێنان یا بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی دژ بەمامۆستاکان کرد، ئەوە مانای وایە شیرازەی سیستمی پەروەردەییو فێرکاری پچڕاوەو سیستمەکە لەمەترسیدایە، نەک لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندی بەگەورەو منداڵەوە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی قوتابخانە نمایندەگی سیستمێکی ئۆرگانیزەکراو یاساو دادپەروەری دەکاتو یەکێکە لەدەزگا گرنگەکانی کۆمەڵگا. لەکۆنگرەی پەروەردەیی ساڵی ٢٠٠٧ دا ئاماژەم بەمەترسی بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی هەراسانکردنی منداڵانو خوێندکاران کرد کەتوندوتیژی جەستەیی یەکێکە لەشێوازەکانی ئەو هەراسانکردنە. ئەوەم بۆ هەموو لایەک روونکردەوە کەبەردەوامبوون لەبەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن مامۆستاکانەوە دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانەوەی ئەو توندوتیژییە لەلایەن منداڵەکانەوە دژ بەمامۆستاکانی خۆیانو ئەمەش مانای هەڵوەشانەوەی سیستمەکەیە.

جێگای نیگەرانیە کە لەماوەی هەفتەی رابردوودا هەندێک خوێندکار لەکۆیەو تەقتەق توندوتیژییان بەرانبەر بەمامۆستاکانی خۆیان پیادەکردبوو. من پێموانییە هۆکاری ئەم توندوتیژییانە پەیوەندی بەدەرنەچواندنی خوێندکارەکان یا هەر کارێکی دیکەی لەم بابەتەوە بێت، بەڵکو هۆکاری بنەڕەتی خودی مامۆستاکانە کە لەسایەی سیستمێکدا کار دەکەن تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە شێوازێکی کارکردنی هاوچەرخیان بۆ دابین بکات کەدووربێت لەبەکارهێنانی توندوتیژی. زوربەی مامۆستاکان بۆ بێدەنگکردنی خوێندکاران یا چارەسەرکردنی گرفتەکانیان زۆر دڵرەقانە توندوتیژی بەکاردێنن. منداڵیش بەپێی تیۆرییەکانی گەشەسەندن شتەکان لەدەورپشتەکەیانەوە فێر دەبنو پیادەی دەکەن. بڕوانن مامۆستاکان بە بەردەوامی داوای ئەوە لەخوێندکارەکان دەکەن کەقسەی ئەوانو باوکو دایکەکانیان لەگوێ بگرنو هەموو ئەوەی لەقوتابخانەکان فێری دەبن پیادەی بکەن، چونکە شتی بەکەڵکنو ئەوان لەبەر خاتری ئەوان ئەم کارانە دەکەن. منداڵەکان ئەمە دەزانن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەپێی تێگەیشتنی منداڵو میکانیزمی کارکردنو گەشەسەندنی ئەوان ئەمە بەدیوێکی دیکەشدا ئەوە دەگەیەنێت کەهەر شتێک مامۆستاکانیان یا دایبابەکانیان کردیان دروستنو دەبێ ئەوانی منداڵ لەژیاندا بەرهەمی بێننەوە. لەراستیشدا ئەم میکانیزمی کارکردنە لەقوتابخانەکانی هەموو جیهاندا هەروایە، بەبەڵگەی ئەوەی هیچ مامۆستایەک بەخوێندکارەکانی خوێ نەوتووە ئێوە قسەکانی من بەدروست بزاننو هەوڵبدەن لەژیاندا پیادەی بکەن، بەڵام کردەوەکانم بەدروست مەزانن یا بەرهەمی مەهێننەوە. بێگومان جیاکردنەوەی ئەم دوو شتە بۆ زوربەی منداڵەکان کارێکی زۆر سەختە، چونکە گەشەسەندنی مەعریفی منداڵ ئەوە بۆ منداڵ ناڕەخسێنێت کەئەو دەبێ بەقسەی مامۆستاکەی یا باوکی بکات، بەڵام کاتێک ئەوان توندوتیژی بەکاردێنن ئەوە منداڵ بۆی نییە بەکاری بێنێت.

بەهەر حاڵ کاتێک منداڵ ئەوە دەبینێت کەمامۆستاکانو سەرجەمی گەورەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانو بۆ کۆتایی پێهێنانی حاڵەتێکی نەخوازراو توندوتیژی بەکاردێنن، ئەوە ئەوان فێری ئەوە دەکات کەهەر کاتێک گرفتێک لەئارادا بوو، ئەوە توندوتیژی گەرەنتیەکی باشە بۆ چارەسەرکردنی. روانگەی منداڵ بەم شێوەیە پاساوێکی زۆر راشونالو رەوا بۆ پەنابردنی ئەوان بۆ توندوتیژی دێنێتەوەو لەناخی خۆیدا ئەوە دووبارەدەکاتەوە ئەگەر دیالۆگ شێوازێکی باش بوایە بۆ قسەکردنو چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئەوە بێگومان گەورەکانیش پەنایان بۆ دەبرد. ئەم پاساوهێنانەوەی منداڵ هەرچەندە ئێمە لەگەڵیدا نەبین، بەڵام راستیەکو فاکتێکە ئێمە ناتوانین نکۆڵی لێبکەین. ئەم تێڕوانینە لەروانگەی گەشەسەندنی مەعریفیو مێنتالی منداڵەوە کارێکی عەقلانیە. ئێمە دەزانین لەبنەڕەتدا بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان کارێکی عەقلانی نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێمەی گەورە ئەم حاڵەتە پەردۆکسالەمان بۆ منداڵ دروستکردووەو یارمەتی ئەوەشی نادەین کەتێگەیشتنیان بۆی هەبێت.

ئەوەی لەقوتابخانەکانی تەقتەقو کۆیەش روویاندا من تەنیا لەم روانگەیەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکەمو وندوتیژی خوێندکارەکان دژ بەمامۆستاکان هیچ نیی جگە لەبەرهەمێنانەوەی ئەو توندوتیژییەی زوربەی مامۆستاکانو گەورەکان بەرامبەر بەمنداڵەکانو خوێندکارەکان بەکاریان هێناوە. من هەمیشە پێشبینی ئەوەم کردووەو ئێستاش هەمان رام هەیە کەتا دێت توندتیژی دژ بەمامۆستاکانو گەورەکان زیاددەکاتو گوناهباری یەکەمیش گەورەکانن. ئەم قسەیە بەمانای تاوانبارکردنی تاکەکان نایەت بەئەندازەی ئەوەی سیستمێک هەیە بەرانبەر بەمنداڵانو خوێندکاران تا ئەوپەڕی خەمساردی خەمساردو بێتوانایەو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستانیش بەرپرسیاری یەکەمن لەم حاڵەتە، کەتا ئێستا خەمی ئەم حاڵەتەیان نەخواردووە.

بۆیە ئەگەر مامۆستاکان دەیانەوێت توندوتیژییان بەرانبەر بەکار نەیەت، دەبێ خۆیان دەستبەجێ واز لەبەکارهێنانی توندوتیژی بێنن لەقوتابخانەکانداو لەبری ئەوە بەدیالۆگ گرفتی خوێندکارەکان چارەسەربکەن. لەم بوارەشدا دەبێ مامۆستاکان بەهەموو شێوەیەک فشار بخەنە سەر وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی خولی تایبەت بەدیالۆگو کەمکردنەوەی توندوتیژی سازبکات. لەم بوارەدا من سازکردنی مانگرتنو خۆپیشاندان بەڕەوا دەزانم.

# بۆ ئەوەی بڵێین بەرهەم ساڵح پێی کرا، کردار شەرتە

## وەڵامێک بۆ توانا ئەحمەد



ئاری ئەبوبەکر

لەسەرنووسینێکی من بەناوی "بەرهەم ساڵحیش پێی نەکرا"، کاک توانا ئەحمەد بابەتێکی لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکردووەتەوە بەناوی "لەبارەی کابینەی شەشەمەوە شەڕێک بەناوی رەخنە"، وەک وەڵامێک بۆ بابەتەکەی منو لەو رێگەیەشەوە هەندێک بۆچوونی خۆی دەربڕیوە، هەرچەندە وتارەکەی کاک توانا هێندەی هەڵکێشانو سپیکاریکردنە بۆ جوانکردنی رووی کابینەی شەشەم، نیو هێندە وەڵام نییە بۆ نووسینەکەی من، بەڵام لەبەر ئەوەی کە توانا ئەحمەد ناوی منی هێناوەو ویستویەتی ئەوەی کەرۆژانە ئێمە گوێچەکەمانی پێئاخنراوە لەلایەن یەک رست تەلەفزیۆنو رۆژنامەو بڵاوکراوەی یەکێتی نیشتمانیو دەزگا راگەیاندنە زەبەلاحەکەی بەرهەم ساڵحو میدیای سێبەر، لەسەر کارو پرۆژەکانی کابینەکە، کاک توانا ویستویەتی لەرێگەی قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئێمە ئەمانەمان بۆ دووبارەبکاتەوە، بۆیە لەبەر ئەوەی ناوی ئێمە هێنراوە، وەڵامدەدەینەوە، ئەگینا ئەو کارو چالاکییانەی کاک توانا باسیدەکات، هەر قسەی باقوبریقە، لەلای هاوڵاتی ئاسایی کوردستان ئەرزشێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونی تواناو هەموو ئەوانەی بێ ئارەقرشتن، لەحکومەتە یەک لەدوایەکەکانی کوردستان لەتەڕ دەخۆنو لەوشک دەنوون، وەڵامێکی دەدەینەوە، بەهیوای ئەوەی ئەم بابەتە رێچکەی گفتوگۆیەکی دورودرێژ بگرێت.

پێمخۆشە لەپێشەکی ئەم بابەتەدا، خۆشحاڵی خۆم بۆ دوو شت دەرببڕم لەسەر وەڵامی توانا ئەحمەد بۆ نووسینەکەی من، یەکەم گەشبینم بەوەی کەدەسەڵاتی سیاسیی لەکوردستاندا گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کەرەخنەی بەرچاو بکەوێتو بەهێمنانە لەرێگەی نووسینەوە وەڵامی رەخنە بداتەوە، چونکە ماوەیەکی زۆرە وا هەستدەکرێت دەسەڵاتیی سیاسیی لەکوردستاندا نەک حساب بۆ رەخنە ناکات، بەڵکو پێناچێت ئەو رۆژنامانەش بخوێننەوە کەرەخنەی تێدایە، بۆیە هاتنە وەڵامی کاک توانا، جێگەی گەشبینیو دەستخۆشی لێکردنە، نمونەی زۆربێت.

دووەم گەشبینم بەوەی کەتوانا ئەحمەد وەک ئەندامێکی دیاری یەکێتی نیشتمانی (کەشەریکە دەسەڵاتە لەکوردستان)، لەبابەتەکەیدا تۆمەتی جاشو دەستی بێگانەو موخابەراتی دراوسێی نەداوەتە پاڵمان، چونکە ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتداران بەوە خۆیان رادەهێنا، کە لەگەڵ هەر رەخنەیەکدا، رستێک تۆمەتی حازر بەدەستیان دەدایە پاڵ رەخنەگرەکە، بۆیە ئەم پێشکەوتنە لەعەقڵی دەسەڵاتدا (کاک تواناش وەک کەسێک لەمەوقعی دەسەڵاتدا خاوەنی پۆستە)، کارێکە مایەی گەشبینیەو جێگەی رێزەو بەوەرچەرخانێک دادەنرێت لەعەقڵی سیاسیی دەسەڵاتدارانو شوێنکەوتوانیاندا.

توانا ئەحمەد لەوتارەکەیدا "لەبارەی کابینەی شەشەمەوە شەڕێک بەناوی رەخنە"، زۆر کۆمیدیانە هاتووە قسەی لەسەر هەموو شتێک کردووە، تەنیا ناوەڕۆکی بابەتەکی من نەبێت، چەند پەرەگرافێکی بابەتەکەی منی هێناوە لەگەڵ سەر وتارەکە، بەبێئەوەی کەقسە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئێمە بکات، بێئەوەی باسی ئەوەبکات، بۆچی وتومانە بەرهەم ساڵحیش پێی نەکرا، دیارە وەڵام لای کاک توانایە کەبۆچی هێندە کۆمیدیانە بەلای نووسینەکەی ئێمەدا تێپەڕیوە، بێئەوەی قسەی لەسەر بکات.

من پێشنیازی ئەوە دەکەم، توانا ئەحمەد جارێکی تر رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٦٦١ بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئێمە باسی چیمان کردووە، مەبەستیشمان لەپێ نەکرانی بەرهەم ساڵح چییە.

ئەوەی وتومەو نووسیومە لەو نووسینەدا، مەبەستم ئەوە بووە، کەبەرهەم ساڵحیش پێی نەکرا کەچارەی هەناردەکردنو گرێبەستە نەوتییەکانو کێشمەکێشی نەوت لەگەڵ بەغداددا بکات، بەڵکو دکتۆر بەرهەم، بەهۆی گرێبەستی نابۆکۆو خەونی هەناردەکردنی گازی سروشتییەوە، کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدای قوڵترکرد، کە کەس بەمنو توانا ئەحمەدو دکتۆر بەرهەمیشەوە، ناتوانین قەناعەت بەوە بهێنین کە (قسەی زلی لێدەرچێت) هێشتا کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانو ناردنی نەوتی هەرێم لەگەڵ بەغداددا چارەسەرنەکراوە، سوودی دروستکردنی کێشەیەکی تر بۆ خەڵکی کوردستان بەبۆنەی گازی سروشتیو نابۆکۆ، چ مانایەک دەگەیەنێت.

بەچاوی خۆمان بینیمان، کەحکومەتی عێراقی بەشە نەوتی هەرێمو خەڵکە زوڵملێکراوەکەی بڕی، لەبری سزادانی ئەو سیاسییانەی کەئاسمانو رێسمانی، بن زەویو سەر زەویو هەواو ئاسمانو داروبەردی وڵاتییان بۆ خۆیانو لەسەر خۆیان تاپۆکردووەو خێروبێر هەر بۆ خۆیانە، بۆ ئەمەش سەدەها بەڵگە هەیە، کەچی کێشەکەو بەدبەختییەکەی بۆ خەڵکی کوردستانەو هەر ئەوانیش باجەکەی دەدەن.

ئەمە کرۆکی باسەکەی منە، کەئێستاشی لەسەر بێت پێموایە کەنەوتو گرێبەستەکانی، گازی سروشتیو گرێبەستەکانی، هەم لەتاریکیدان، هەمیش لەئێستاو داهاتوودا دەبنە مۆتەکە بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، ئینجا هێشتا ماومانە بۆ دەرئەنجامە خراپەکانی تری، کەپێموایە لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەتی نوێی عێراقدا دەشێت بەشە بودجەی خەڵکی کوردستان ببێتە قوربانی گرێبەستەکانی هەردوو حیزب.

ئایا ئەگەر بۆ خۆدەرخستن نەبێت لەبەردەم دەستڕۆشتوانی حیزب، کاک توانا خۆی لەئەسڵو مەبەستی وتارەکەی من دزیوەتەوە؟ چونکە وتارەکەی من سەرلەبەری لەسەر نەوتو گازی سروشتی بووە، کەچی بەقودرەتی قادر، سەرلەبەری وتارەکە کورتدەکرێتەوە بۆ چەند پەرەگرافێک.

ئێستاش دەڵێم گرێبەستەکانی گازی سروشتی، لەکاتێکدا گرێبەستە نەوتییەکان تا ئێستا لەگەڵ بەغداد یەکلانەبووەتەوە، دابەشکردنی سەروەتوسامانی سروشتی کوردستانە بەسەر ئیمارەتی سەوزو زەرددا، هەروەک چۆن بەرهەم ساڵح ناتوانێت بەرێوبەرێک لەدهۆک بگۆڕێت، بەهەمان شێوە ئازاد بەرواری جێگری سەرۆک وەزیران ناتوانێت مامۆستایەک لەسلێمانی دابمەزرێنێت، لەسەر هەمان ریتم نەک بەرهەم ساڵح، بەڵکو هەموو یەکێتی نیشتمانی کۆببێتەوە ناتوانێت سوچێکی یەکێک لەگرێبەستە ژێربەژێرەکانی نەوت ببینێتو بزانێت داهاتە ئەسڵییەکەی دەچێتە گیرفانی کێوە، بەهەمان شێوە، ئەگەر خەونی هەناردەکردنی گازی سروشتیش سەربگرێت، ئەوا هەموو پارتی بەخودی سەرۆکی هەرێمیشەوە ناتوانێت ئاگاداری یەک تاقە دۆلار لەداهاتی گازی سروشتی ببێت، ئەمە واقیعە، یەکێتیو پارتی نایانەوێت لەغەنیمە بێبەش بن، جا ئیتر نیشتمان هەڵدەکۆڵرێت، زەویو سەر زەویو ژێر زەویو ئاسمانی کوردستان دابەشدەکرێت، کەسیان باکیان بەوە نییە، گرنگ ئەوەیە کەسیان بێبەش نەبن. رەنگە هەر لەم روانگەیەشەوەیە کەکاک توانا نەیوستبێت لەوەڵامەکەیدا باسی ئەسڵی وتارەکەی من بکات، چونکە پێدەچێت بەقسەکردن لەسەر گرێبەستی گازی سروشتی، گیرفانو مەسڵەحەتی سیاسی بکەوێتە خەتەرەوە، دەنا وەک چۆن ئێمە بەخواستی خۆدەرخستنو کوێربوون تاوانبارەدەکات، لەراستیدا ئەوە ئێمە نین کەکوێربووینو چاومان کارە باشەکانی کابینەی شەش نابینێت، بەڵکو ئەوە توانا ئەحمەدو هاوڕێبازەکانیەتی چاویلکەیەکی ساختەیان کردووەتە چاویانو بڕیاریان داوە کەهیچ نەبینن جگە لەو تەلبەندەی کەحیزب بۆیانی دیاردەکات، خۆ ئەگەر لەلایەکی چاویلکەکەشەوە واقیع ببینن، ئەوا یەکسەر دەیانەوێت چاویان بنوقێنن، چونکە بەکرانەوەی چاویان گیرفانو بژێوی ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە لەمەشدا من حەق بەکاک تواناو هەموو ئەوانەی وەک کاک توانا ناتوانن ئەو دیو چاویلکەکە ببینن دەدەم، چونکە بەڕاستی پەیداکردنی بژێوی سەختە، بۆیە هەندێک جار نووسینی وتار بۆ پیاهەڵدان، گیرفان گەرمدەکاتەوە ئەو خەمە سەختەیان لەکۆڵدەکاتەوە.

لەبارەی دکتۆر بەرهەمیشەوە، لەراستیدا ئەوە ناشارمەوە، کەمن وەک خۆم ئومێدێکم بەدکتۆر بەرهەم ساڵح هەبووەو تا ئێستاش نوزەی ئەو ئومێدەم تیا ماوە، بەڵام کە لەواقیع دەڕوانمو پراگماتیکیانە سەیردەکەم، هەستدەکەم ئومێدەکەم بەهەڵەدا چوە، چۆن؟

ئومێدم بە بەرهەم ساڵح هەبوو، چونکە وا هەستدەکرێت کەئەو پیاوە، توانایەکی باشی هەیەو دەتوانێت کاری باش بکات، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە، کەکاک بەرهەم ساڵح دەسەڵاتی نییە، چونکە ئەگەر خۆمان نەبان نەکەین هەستدەکەین لەوەتەی دکتۆر بەرهەم بووەتە سەرۆکی وەزیرانی کابینەی شەشەم، سەرۆکی پارتی کە لەهەمانکاتدا سەرۆکی هەرێمیشە، مومارەسەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت دەکات (ئەمە بەدوورودرێژی لەبابەتێکی گۆڤاری لڤیندا باسیلێوەکراوە) کەئەمە یەکەمین نیشانەی بێدەسەڵاتی دکتۆر بەرهەم نیشاندەدات، پاشان دانانی جێگرێک بۆی کەهەمان دەسەڵاتی دکتۆر بەرهەمی هەبێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا بێدەسەڵاتی یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بەرهەم ساڵحە، دانەوەی وەزارەتی نەوت بەپارتیو بەدەقیقی بەدکتۆر ئاشتی هەورامی (لەوتارێکماندا لەرۆژنامەی ئاوێنە ژ. ١٩٧ بەتێروتەسەلی لەسەر ئەمە قسەمان کردووە) کە لەکابینەی پێنجەمدا تەمومژێکی لەسەر بوو، خۆی لەخۆیدا نەبوونی دەسەڵاتی کاک بەرهەم ساڵحە، کەمنیش خۆزگەم دەخواست وا نەبوایەو بریا دکتۆر بەرهەم خاوەنی دەسەڵات بوایە وەک سەرۆکی حکومەت.

بەجیا لەپارتی ئەگەر بەکەمگرتنی دەسەڵاتەکانی دکتۆر بەرهەم لەناوخۆی یەکێتی نیشتمانیدا حساب نەکەین، کەئەمەیان جێدەهێڵیم بۆ کاک توانا، چونکە خۆی کادرێکی کارای یەکێتییە، با خۆی لەوەیان بکۆڵێتەوە، کە تا چەند لەناو یەکێتیدا کار بۆ بێدەسەڵاتکردنی بەرهەم ساڵح دەکرێت.

هەرچەند لەسەرەوە وتم کەتوانا ئەحمەد، بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست، خۆی لەئەسڵی وتارەکەی من دزیوەتەوە بەشێوەیەک، کەنەیتوانیوە بەلاشیدا بڕوات، چونکە ئەو مەبەستێکی تری هەبووە، مەبەستەکەی تری بۆ خۆی بەجێدەهێڵین، چونکە ئەو پیاهەڵدانەی کاک توانا بۆ کابینەی شەشەم، رۆژانە لەگەڵ بوونی نیەتی پرۆژەیەک یان کارێکی باش، لەدەزگاکانی راگەیاندنی دکتۆر بەرهەمو یەکیتییەوە دەرخواردمان دەدرێت، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بوونی تەنیا "نیەت"ی پرۆژەکە لەچەند رۆژنامەیەکو چەند تەلەفزیۆنێکدا دەرخواردمان دەدەن، کەدەگاتە سەر دەستپێکردنی هەمان پرۆژە، دیسانەوە وەک شاییەکی نباویلە باسی لیوەدەکرێتو بەشانوباڵیدا هەڵدەدرێت لەچەند تەلەفزیۆنو رۆژنامەو گۆڤارێکەوە لەیەککاتدا، دیارە حیزب بەمەشەوە ناوەستێت هەر هەمان پرۆژە کە لەکاتی نیەتهێنانییەوە دەیدەن بەگوێماندا، بەڵکو لەناوەڕاستی پرۆژەکەدا چەند ریپۆرتاژێکیشی دەکەن بەسەرداو دیسانەوە گوێچکەمان دەئاخنن بەگرنگی پرۆژەکەو ئەو خەڵکە خێرلەخۆنەدیوەی کوردستان ئیحراج دەکەن بەوەی کە لەکاتی پرۆژەکەدا هەزار دوعا بۆ دەسەڵاتداران بکات، تا کاتی تەواوبوونی پرۆژەکە، کەدیسانەوە هەمان بەیتوبالۆرە دەستپیدەکاتەوە، لەچەندان تەلەفزیۆنو رۆژنامەو گۆڤاردا باسیدەکەن تا سەرسام دەبین بەپرۆژەکەو بلیمەتی دەسەڵاتداران، کەچی پاشان سەیردەکەیت پرۆژەکان ناتەواونو لەهەموو شتێک دەچێت، پرۆژە نەبێت، نمونەش ئوتێل پێشڕەو و خانەی دادی سلێمانییە، کەیەکەمیان کارەبای تیا نییە، دووەمیان تەوالێت.

لەراستیدا کاک تواناش وەک گێڕەرەوەیەکی باش هاتووە بەشێکی زۆری ئەو پرۆژەو کارانەی کە بەچەندان رەنگو لەژێر چەندان ناوی جیاجیادا دەرخواردمان دراوە، جارێکی تریش دەرخواردمان دەداتەوە، بەڵام لەرێگەی رۆژنامەیەکی ئەهلی وەک هاوڵاتییەوە. دەنا هەموو ئەو دەستکەوتانەی کاک توانا پێیدا هەڵدەدات، ئێمە هەموویمان ئەزبەرکردووە، بەڵام بۆ ئەوەی کەهەندێکیان بەسەر خوێنەرەکانی رۆژنامەی هاوڵاتیدا تێنەپەڕن، ئەوا قسە لەسەر هەندێک لەو کارە باشانەی حکومەت، کەکاک توانا باسیلیوەدەکات، دەکەین.

کاک توانا باسی کەمکردنەوەی وەزارەتەکان لە ٤٢ وەزارەتەوە بۆ ١٩ دەکات، کەئەمەیان زۆر کۆمیدیە، ئاخر خۆ ئەگەر جارانو لەکابینە هەزەلییەکەی پێنجەمدا کۆمەڵێک هێزو حیزبی وەک یەکگرتوو و کۆمەڵ بۆ رازیکردن وەزارەتییان بۆ داتاشرابێت، ئێ خۆ قابیلە لەکابینەی شەشەمدا، بۆ رازیکردنی کوتلەکانی ناو یەکێتی وەزارەت ببەخشرێتەوە؟! پاشان ئەسڵ لەکابینەی حکومەتدا وایە کە لەنزیکەی ٢٠ وەزارەت زیاتر نەبێت، ئەوە مەهزەلەکانی کابینە هاوبەشەکەی یەکێتیو پارتی بوو، کە ٤٢ وەزیری هەبوو، دەنا لەدونیادا نەبووەو نەبینراوە، بەسەداو هێتلەریشەوە کەحکومەتێک ٤٢ وەزیری هەبێت. لەبەر ئەوە کەس ناتوانێت منەتمان بەسەردا بکات بۆ کەمکردنەوەی وەزارەتەکان، بەڵکو ئەسڵ وایە کەدەبێت ئەوەندە وەزیر هەبێت، جا ئیتر ئەگەر کابینەکەی پێش ئێستا، کەهەموو شتێک بوو بەس حکومەتو کابینەوەزاری نەبوو، ٤٢ وەزیر بوبێت، ئەوا خوا فرسەتی ئێوە بدات کەئەوەتان قبوڵ بوو.

ناردنی بودجە بۆ بەردەمی پەرلەمان کەتوانا ئەحمەد وەک دەستکەوت پێمان دەفرۆشێتەوە، ئەمەیان لەهەموو وتارەکەی کاک توانا کۆمیدیترەو شایەنی بەزەییپێداهاتنەوەیە، چونکە کاک تواناییەک کەخاوەنی قەڵەمە، ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان بەدەستکەوت بزانێت، کەواتە بۆ خەتای پیاوە نەخوێندەوارەکانی حیزب بگرین لەوەی کەنازانن وڵاتو حیزب بەڕیوەببەن، ئاخر کاکی برا ناردنی بودجە بۆ بەردەم پەرلەمان، نەک هەردەستکەوت نییە، بەڵکو واجبە، وەک چۆن نوێژ بەبێ دەستنوێژ نابێت، ئاوەهاش بودجە بێ پەرلەمان نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا زیادکردنی موچە بۆ هەژاران کەجەنابت باسی دەکەیت، بەئەندازەی پارەی شاباشی کوڕە مەسئولێک نییە، کە بەپارەی ئەو چینە هەژارە، های لایف دەژی، کەچی ئێوە دێنو منەتی ئەوەمان بەسەردا دەکەن کەموچەتان زیادکردووە، ئەو ١٠٠ خوێندنگا هاوچەرخانەشی کەباسی دەکەیت، من دڵنیاتدەکەم، منداڵی ئاسایی حەدی چییە پێ بخاتە ناو ئەو قوتابخانە نمونەییو هاوچەرخانەوە، ئەوەش هەر بۆ بەچکە مەسئولو (ئەحفادەکانیانە)، من مردوو تۆ زیندوو، هەتا بەچکە مەسئولو کوڕو کچی دەوڵەمەندی نزیکە حیزب وەستابێت، منداڵی هەژارو خەڵکی ئاسایی پێ ناخاتە ئەو قوتابخانانەوە. بەنیسبەت بودجەی حیزبەکانیشەوە ئەوەیان نەک هەر دەستکەوت نییە، بەڵکو لکەیە بۆ پەرلەمانو حکومەت کە تا ئێستا نەیتوانیوە بودجەی حیزبەکان دیاربکات.

لەسەر زیادکردنی موچەی خێزانی ئەنفالە بێنازەکانو شەهیدە سەربەرزەکان، کەتوانا ترشوخوێی پێوەکردووە، ئەمەیان هەرچەندە حیزبو کادرە حیزبییەکان دە هێندەی خێزانی ئەنفالو شەهید موچەیان زیاترە، بەڵام جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام ئەم دەسخۆشییە وامان لیناکات بارە یاساییەکەی زیادکردنی موچەمان لەبیر بباتەوە، چۆن؟ لەراستیدا وەک لەسەرەوە باسمانکرد، سەرۆکی هەرێم بەهەموو شێوەیەک مومارەسەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت، بەرهەم ساڵح، دەکات، ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەم مومارەسەکردنەی دەسەڵات لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، هەستێکی خۆ بەکەمزانینو کەمدەسەڵاتی لای خودی سەرۆکی حکومەت دروستکردووە، کەئەو هەستەش وایکردووە، دکتۆر بەرهەم مومارەسەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بکات، چونکە زیادکردنی موچەی شەهیدان، یان لابردنی سوودی سەر پێشینەی خانوبەرە، یان بڕینی موچەو مینحەی رێکخراوەکان، یاخود دانی پێشینەی خانوبەرە بەگوندو لادێکان، ئەمانە بەکۆی گشتی بڕیارێک نین کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتدا بێت، جا بەزیادکردن یان کەمکردنیانەوە، بەڵکو ئەوە پەرلەمانە کەدەبێت بڕیاربدات بەزیادکردن یان کەمکردن، یان بەدەستکاریکردنی یاساییانەی ئەو کایانە، حکومەت وەک دەسەڵاتێکی جیبەجێکەر کەهەڵدەستێت بەئەنجامدانی، بەڵام وەک بڕیارو یاسا ئەوە پەرلەمانە کەیاساکان دەردەکات، دەبوایە پەرلەمان یاسای زیادکردنی موچەی ئەنفالو شەهیدەکانی دەربکردایە، نەک حکومەت، بەڵام کاکە توانا چی بکەین کەخاوەنی ئۆپۆزیسیۆنێکی هێندە کرچوکاڵین، کەناتوانێت هەست بەمانە بکاتو بیانوروژێنێت، دەنا ئەسڵ وایە کەحکومەت توانای بڕیارێکی واینییە کەموچە زیادو کەم بکات، بەڵکو ئەگەر حکومەت بیەوێت کارێکی وابکات، ئەوا پێشنیازدەکات بۆ پەرلەمانو دوا بڕیاردەر پەرلەمان دەیدات، پاشان حکومەت جێبەجێی دەکات، وەک وتیشم چونکە بەرهەم ساڵح مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکرێت لەلایەکی ترەوە، ئەویش بەهەر شێوەیەک بێت دەخوازێت قودرەتی خۆی دەرخات، بۆیە هەڵدەستێت بەمومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان.



لەدوا بەشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کەئەگەر کابینەی شەشەم توانیویەتی لەبەرژەوەندی هەندێک کەسو لایەن بدات، وەک ئەوەی ئیدیعای بۆ دەکرێت، ئێ خۆ دەبوایە هەر بۆ دەمکوتکردنی خەڵکی یەک دانە مەسئولو لایەنمان بدیایە کەبدرایانەتە دادگا، لەبەر ئەوەی کەبەرژەوەندی گشتییان بۆ خۆیان بەکارهێناوە لەرابردوودا، بەڵام نەک ئەمانەمان نەبینی، بەڵکو بەپێی زانیارییە متەوازیعەکانی من، دکتۆر بەرهەم بەتەمای دامەزراندنی کەناڵی سەتەلایەتی سەر بەخۆیەتی، لەکاتێکدا کە تا ئێستاش نیوەی هاونیشتمانییەکانمان کارەبایان لەلایەن مولیدەی ئەهلییەوە دابیندەکرێت، ئەمە ئەگەر باسی ئەو سەدەها هەزار دۆلارە نەکەین کە کاک بەرهەم لەدەزگا راگەیاندنە زەبەلاحەکەیەوە، لەبوجەی گشتی، بەهەدەردەچێت، پاشان ئەگەر رێگریش بۆ بەرهەم ساڵح دروستدەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەبەرژەوەندییان دەدرێت (وەک رۆژنامەنووسەکانی نزیک لەبەرهەم ساڵح زوو زوو دەیدەن بەگوێماندا)، ئێ خۆ کوفر نابێت با دکتۆر بەرهەم وەک سیاسییەکی چاونەترس، رەچەکە بشکێنێتو دەست لەپۆستەکەی بکێشێتەوە، هەم بۆ سومعەی سیاسی خۆی، هەم بۆ چاوترساندنی ئەوانەی کەدەیانەوێت رێگری بۆ دروست بکەن، ئەو کات ئێمەش لەبری بنووسین پێی نەکرا، دەنووسین بەرهەم ساڵحیش پێی کرا کەسومعەی سیاسی خۆی بپارێزێتو مل نەدات بۆ ئەوانەی کەگەندەڵن.

Arei1976@hotmail.com

**تێبینی: لەرووی یاساییو وەک عورفی رۆژنامەنووسی، دەبوایە ئەم بابەتە لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوبکرێتەوە، چونکە بابەتەکەی منو بابەتەکەی کاک توانا ئەحمەد لەهەمان رۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام پاش ناردنی ئەم بابەتە بۆ هاوڵاتی، بەبیانووی درێژی بابەتەکە دەستیان نا بەرومانەوەو بۆیان بڵاونەکردینەوە، بۆیە ئێمەش پەنامان بردە بەر رۆژنامەی دەستوور. لەگەڵ داوای لێبوردندا.**

# درامای بێریڤانو سووکایەتی بەنەتەوەی کورد

ن: مستەفا فاتح

بیرۆکەی دروستکردنی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی بەهێزی راگەیاندن لەئەمڕۆدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٤ کەپۆل گۆتلیپ نیپ هەوڵیدا بەوەی میدیایەکی بیستراو-بینراو دروستبکات، بەڵام ئەم کارەی کەئەم کردنی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو تا ئەوەی ساڵی ١٩٠٧ یەکەم جۆری تەلەفزیۆن تاقیکرایەوە. بەڵام دروستکردنی تەلەفزیۆن بەو شێوەیەی کەوەک تەلەفزیۆنی ئەمڕۆیی بچێت، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٤ لەشاری لەندەن لەلایەن ژان لۆجی بێردەوە. لەو کاتە بەدواوە تەلەفزیۆن وەک میدیایەک توانی خۆی جێبخاتو زۆر زوو توانی ببێت بەسەرەکیترین میدیا لەدونیادا.

لەئێستادا دەکرێ تەلەفزیۆن بەهۆی ئاستی بەربڵاوییەوەو لەو رووەوە کەراگەیاندنو میدیاییەکی بینراو-بیستراوە، لەئێستادا بە بەهێزترین میدیا بزانین لەدونیا کە لەگەڵ هاتنی، زۆر زوو توانی لانیکەم جێگا بەمیدیایەکی وەک رادیۆ لێژبکات. هاتنی تەلەفزیۆنو سینەماو ئەو هەژموونییەی کەئەم جۆرە میدیایە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، وایکرد لەبەشێک لەچەپەکانی دونیا لەوانە لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت باس لەچەمکێک بکەن بەناوی پیشەسازی-کلتووری. ئەم چەمکە کەزیاتر لەتێئۆدۆر ئادۆرنۆو هۆرکایمەر وەک دوو رووخساری دیاری قوتابخانەی فرانکفۆرت باسی لێدەکرێت، خستەڕووی کاریگەری میدیاکانو بەتایبەت تەلەفزیۆنە. لەبەر ئەم فەزا قورسەی تەلەفزیۆن لەگەڵ خۆی دەیهێنێت، دەتوانین بڵێین هەموو روانگە جیاوازە سیاسیو فیکرییەکان هەوڵیانداوە بەشێوەیەک ئەم فەزاو ئەم سیستمە راگەیاندنە بکەن بەسەکۆی دەربڕینو بانگەشەکردن بەبۆچوونو ئایدیاکانی خۆیان. لەهەمانکاتیشدا بەشێک لەوڵاتەکان هەوڵیانداوە بەوەی بەر بەوە بگرن لایەنی بەرانبەرو ئۆپۆزیسیۆن، یان بیرجیاوازی ئەوان کەڵک لەم میدیایە وەربگرێت. قاچاخبوونو قەدەغەبوونی سەتەلایت لەوڵاتانێکی وەک کۆریای باشوور، چین، ئێرانو بەشێکیتر لەوڵاتە دیکتاتۆرییەکان بۆ ترسی ئەم دەسەڵاتانە دەگەڕێتەوە لەتەلەفزیۆن وەک سیستمێکی راگەیاندنی.

مێژووی کەڵکوەرگرتنی سیستماتیکی ئێمەی کورد لەتەلەفزیۆن زۆر کۆن نییەو دەیەی ١٩٩٠ دەیەی دامەزرانی یەکەم تەلەفزیۆنە کوردییەکانە، کەدەڵێم تەلەفزیۆنە کوردییەکان، مەبەستم ئەو تەلەفزیۆنانە نییە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەرەوە بەمەبەستی بانگەشەکردنی بۆچوون، ئایدۆلۆژیای خۆیان بەزمانی کوردی دایان دەمەزراند، بەڵکو مەبەستم ئەم تەلەفزیۆنانەیە کەئێمەی کورد بەمەبەستی بانگەشەی فیکریو سیاسیی خۆمان دامانمەزراندووە.

لەئێستادا ژمارەیەکی زۆری تەلەفزیۆنی کوردی دەبینین کەبوونی ئەم تەلەفزیۆنانە چ وەک ناوخۆییو چ وەک سەتەلایتی دەکرێت جێگای دڵخۆشی بێت. بەڵام بەداخەوە بەکۆمەڵێک هۆکار دەتوانین بڵێین بێ بەرنامەیی لەم تەلەفزیۆنانەدا دیارە. من لێرەدا نامەوێو ناشتوانم بەتەواوی باس لەتەلەفزیۆنە کوردییەکانو ئاستی تەکنیکیو بەرنامەییان بکەم. بەڵام وەک چۆن لەناوی ئەم وتارەوە هاتووە دەمەوێ باس لەدرامایەکی تایبەت بکەم کە لەیەکێک لەکەناڵە کوردییەکانەوە بڵاودەبێتەوە. ئەویش درامای بێریڤانە.

درامای بێریڤان کە لەکەناڵ ٤ەوە بڵاودەبێتەوە، درامایەکە کە بەداخەوە بینەری زۆری هەیە. سبیل جانی گۆرانیبێژی ناوداری تورک، لەم درامایەدا دەوری کچێکی کورد دەبینێت بە ناو "بێریڤان"، کە بەهۆی جوانیو لەهەمانکاتدا بەهۆی نووشتەیەکەوە، کە لەگەڵیەتی رووبەڕووی زۆر کێشە دەبێتەوە لەلایەن عەشیرەو بنەماڵەو کەسە جیاوازەکانەوە. سەر لەبەری پەیامی ئەم فیلمە پەیامێکی دژە کوردییە، بەوەی کەکورد نەتەوەیەکی ناشارستانی، دواکەوتوو، بێ فەرهەنگ، نەفامو شەڕکەرو سێکسین. دەوڵەتی تورکیاو تەلەفزیۆنەکانی تورکیا لەخۆڕا ئەم فیلمەیان ساز نەکردووە. ئەوان دەیانەوێ لەرێگای ئەم زنجیرە درامایەوە پەیامی خۆیان بەبینەری خۆیان بگەیەنن بەوەی کەکورد کەداویە بەو شاخەداو شەڕدەکات، شیاوی هیچ شتێک نییە، ئەوان نەتەوەیەکی نەزانو نەخوێندەوارن کەهەموو ژیانیان لەکلتووری گوندیو شەڕو ژنو سێکسدا تەرخانکراوە.

با بەشێک لەکۆدەکانی ئەم فیلمە لێکبدەینەوە. بەشێک لەنەهامەتییەکانی "بێریڤان" بەهۆی نووشتەیەکەوەیە کەپێی بووەو بەشێک لەدوژمنەکانی بۆ ئەم نووشتە دەگەڕێن. نووشتە دەتوانێت هێمای چی بێت. نووشتە هێمای دواکەوتوویی فیکری ئەم میلەتەیە کەسەردەمانێک بەتورکی کێوی ناویان لێدەبراو ئێستا ناتوانن پێیان بڵێن تورکی کێوی، بەڵام پێیان دەڵێن کوردی نەفامو نەخوێندەوار کە لەئێستاشدا بەشوێن نووشتەو جادوو و ئەم شتانەوەیە. لەحاڵێکدا ئەمانە بەشێک لەکلتووری کۆنن، میدیاکانی تورکی دیانەوێ بڵێن ئەم نەتەوە هەر هێشتا ئامادەن لەسەر جادوو و نووشتە ئەم هەموو نەهامەتییە دروستبکەن.

ئەستەنبوڵ وەک شوێنێک کەئەم چیرۆکە تێیدا روودەدات، کۆدێکی تری ئەم درامایە. بۆ ئەستەنبوڵ؟ بۆ ئەرزەڕووم یان ئەنقەرە نا؟ یەکەم ئەستەنبوڵ شارێکی ئاسیایی-ئەوروپاییە. یانی دەروازەی ئەوروپا. شارێکە لەباری پێشکەوتنەوە بەهۆی ئەوەی لەکەناری دەریاییەو شوێنێکی گەشتیارییە زۆر پێشکەوتووە، لەگەڵ ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان بەمەبەستی ژیانی رۆژانەو بازرگانیو هتد... لەم شارەدا نیشتەجێن. بەشێوەیەک کەکوردەکان هەژموونییەکی گەورەیان هەیە لەم شارەدا. ئەم فیلمە دەیەوێ پێمان بڵێت کوردەکان لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەیان عەشیرەییو دواکەوتووە، تەنانەت لەم شارە گەورە پێشکەوتووەشدا کەدەروازەی ئەوروپایە وەک گوندەکەی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن. بێ هیچ هێمایەک لەپێشکەوتنو ملکەچ بوون بەیاسا ئەمنییەکانی وڵات. پۆلیس هیچ مانایەکی لای ئەم میللەتە نییەو ئەمان هەموو کارەکانی خۆیان بەشێوەی عەشیرەییو لەرێگای تۆڵەسەندنەوەوە ئەنجامدەدەن. کورد بەو شێوەیەی لەم فیلمەدا نمایشکراوە، نەتەوەیەکی دڵڕەقو قین لەدڵن کەهیچکات ناتوانن بەرانبەری خۆیان ببوورنو تەنیا بەکوشتنی وازی لێدێننو سوکنایی دڵیان دادێت.

## بۆ ناوی ئەم کچە بێریڤانە؟

دەزانین دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەتاتورکو ئاتاتورکیسم زمانی کوردی تەنانەت بەقسەکردنیش لەوڵاتی تورکیادا قەدەغەبووە. بەڵام ناوی ئەم فیلمە "بیریڤان"ە. بەم ناوە دەیەوێ زیاتر فەزای فیلمەکە کوردی بکات. زیاتر ئەوە بخاتەڕوو کەئەمە حەقیقەتەو کۆمەڵگایەکی کوردییە. هەموو کۆدو ناوەکان بۆ ئەوەن کەسیمای ئەم نەتەوەیە ناشیرین بکرێت.

## کارەکتەری ژن لەم درامایەدا

ژن لەم درامایەدا کارەکتەرێکی شەیتانی هەیە. هەموو کێشەکان بەهۆی ژنەوەیە .لەگەڵ ئەمەش سیستمی عەشیرەییو کلتووری عەشیرەیی وایکردووە پیاوەکان بەچاوی سووکو تەنیا لەروانگەیەکی سێکسییەوە لەگەڵ ژن مامەڵەبکەن. ژن کەمترین بژاردەی نییەو تەنانەت ئەو کاتەش بێریڤان دەبێت بەسەرۆکی عەشیرە یان "خان" ئەویش لەناو شارێکی پێشکەوتووی وەک "ئەستەنبوڵ"دا، هەر بەچاوی لاوازیو بێهێزی لەلایەن بەشێک لەپیاوەکانەوە تەماشای دەکرێت. "بێریڤان" بەزۆر دەدرێ بەکوڕێک بەناو "عەلی" ئەمە لەحاڵێکدایە نە ئەو عەلی خۆشدەوێتو نە عەلی ئەوی خۆشدەوێت. عەلی کەخوێندکاری زانکۆیەو لەشاری ئەستەنبوڵە لەوێش هەر ملکەچی بیری عەشیرەییەو ناتوانێت رووبەڕووی باوکی بوەستێتەوەو پێی بڵێت کەئەو کەسێکی تری خۆشدەوێت. هەڵسوکەوتی دایکی عەلی کەبۆ ماوەیەکیش دەبێت بەخەسووی "بێریڤان" جێگای لێوردبوونەوەیە. رووبەڕووبوونەوەی بوکو خەسوو لەکلتووری کوردیدا، هەموو دەم وەک دوژمن چاو لەیەکترکردن، زۆر شتیتر کە لەهەڵسوکەوتی دایکی "عەلی"دا دەبیندرێو سیمایەکی شەیتانی بەخشییوە بەم ژنەو پێمان دەڵێت کورد بەم سیما شەیتانییەو بەم شێوەیە چاو لەژن دەکەن. ئەم جۆرە دەرخستنەی سیمای کورد لەم فیلمەدا بەتایبەت هەڵسوکەوتی کورد بەرانبەر بەژن، ئەویش لەسەردەمێکدا کەگوتارە یەکسانی خوازەکانو گوتارە فێمنیستییەکان هەژموونی خۆیان داسەپاندووە لەدونیادا، دەیەوێ بڵێت ئەم نەتەوەیە دوورە لەهەر واقعێکی کۆمەڵگای جیهانیو هێشتا لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا دەژیو بەهەمان روانگەشەوە چاو لەتاکو مافەکانی تاک بەگشتیو ژن بەتایبەتی دەکات.

## کوردو چەک

لەم فیلمەدا کورد نەتەوەیەکە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا هەموو شتێک بەچەکو کوشتن چارەسەردەکات. راستە لەم فیلمەدا تەنیا باس لەکێشەی کۆمەڵایەتی ناو چەند تایفەو عەشیرە دەکرێتو هیچکات خۆ لەقەرەی باسی سیاسی نادات، بەڵام بە شێوەیەکیتر ئەم فیلمە لەم بەشەدا دەکرێت هەڵگری هەمان پەیام بێت بەرانبەر بەبزووتنەوەی کوردستان بەگشتیو باکووری کوردستان بەتایبەتی. ئەم درامایە دەیەوێ ئەوە بڵێت کورد نەتەوەیەکە لەچەکەکەی جیانابێتەوە، چەک بۆ ئەو شتێکی گرنگتر لەهەر شتەو ئەم نەتەوەییە نایەوێ بەشێوەی یاساییو ئاشتیخوازانە کێشەکانی خۆی چارەسەربکات، بەڵکو راست دەیەوێ لەرێگای کوشتنو تەقەکردنو لەرێگای چەکەوە کێشەکانی خۆی چارەسەربکاتو بۆ هەر شتێکی بچوک پەنا بۆ چەک دەبات. بەم شێوە باسکردنە لەپێوەندی نێوان کوردو چەکو کوردو یاسا، کە هیچکات ئامادە نییە پۆلیس وەک ناوەندێکی بەڕێوەبەری یاسا، بێتە ناو کێشەکانەوە، بزووتنەوەی رەوای نەتەوەیی کوردیش دەباتە ژێر پرسیارەوە. رەنگە بکرێت بڵێین ئەم فیلمە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت شەڕی ئێستای نێوان کوردو تورک شەڕێکە کەدەبێت بکرێت لەبەر ئەوەی هەموو هۆکارەکەی کوردن کەنەتەوەیەکی دژە یاسانو هەموو کات باوەشیان بەچەکدا کردووەو هەموو کێشەکان لەلوولەی چەکدا دەبیننەوە، لەحاڵێکدا بەرانبەر بەبزووتنەوەی کوردی لەهەر ٤ پارچەکەی کوردستاندا ئەمە شتێکی ناڕەوایە، چون هەموو کات ئەوە داگیرکەران بوون کەهەڵگرسێنەری شەڕ بوونو دەیانەوێ ئەم شەڕە بەردەوامبێت، نەک میللەتی کوردو نەتەوەی کورد.



## کەناڵی ٤ و درامای بێریڤان

ئەوەی کە کەناڵە تورکییەکان بەیارمەتی ئەکتەرە تورکەکانو رەنگە کۆمپانیا تورکەکانو دەوڵەتی تورکیاش دەستبدەنە دروستکردنی وەها دارامایەک شتێکی دوور لەعەقڵ نییە. ئەوان دەیانەوێ بەم شێوەیە هەژموونی خۆیان داسەپێننو کەڵکی گونجاوی خۆیان لەتەلەفزیۆن وەک میدیایەکی راگەیاندنی وەردەگرن. وەک چۆن لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا تەلەفزیۆن لەئێستادا بووە بەگەورەترین ئامرازی راگەیاندنو لەبەر ئەوەی زۆرترین ژمارە بەردەنگی هەیە، دەسەڵاتە سیاسییەکان دەیانەوێ هەژموونی فیکری خۆیان لەم رێگاوە داسەپێنن. ئەمە تەنیا دەسەڵاتە سیاسییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە بچوکو گەورەکانیش دەیانەوێ لەم رێگاوە پڕوپاگەندو بانگەشە بۆ کاڵاکانی خۆیان بکەن. بەڵام سەیر ئەوەیە کەناڵێکی وەک کەناڵ ٤ بە هۆی ئەوەی بەرنامەی نییەو بۆ پڕکردنەوەی بەرنامەکانی بێت فیلمێک بڵاوبکاتەوە کە لەبەرژەوەندی سیاسیی تورکیاو کەناڵە تەلەفزیۆنە تورکییەکاندا بێت. بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمە لەکەناڵ ٤ەوە تەنیا دەکرێت لەوەوە سەرچاوەبگرێت کەبەڕێوەبەرانی ئەم کەناڵە هیچ تێگەیشتنێکی سیاسییان نییەو زۆر کەم لەمیدیاو کاریگەرییەکانی میدیا دەگەن، ئەگەر وانەبێتو پێچەوانەی ئەمە بێت، بەو مانابیەی بەتێگەیشتنی سیاسییەوە ئەم کەناڵە بەڕێوەدەبەن، ئەمجارە دەبێت گومان بکرێت لەراستگۆیی سیاسیی بەڕێوەبەرەکانیدا. هەڵبەت کەناڵ ٤ تەنیا کەناڵێکی کوردی نییە کە لەرێگای دۆبلاژکردنی فیلمو دراماکانەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی سیاسەتی وڵاتانی دەورووبەرە، کەهەموویان بەشێوەیەک دژ بەکوردن. کەناڵە ئیسلامییەکان لەوانە سپێدەو پەیامو کۆمەڵو... هەموو کات خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمانەن کە لەکەناڵەکانی کۆماری ئیسلامییەوەو بەمەبەستی بانگەشەی فیکری ئەم رژیمە دروستکراون، کەچی دەبینین ئەم کەناڵانە دەقاودەق دەیهێنن کاتی تەلەفزیۆنەکانی خۆیانی پێ پڕدەکەنەوە.


ئەگەر سەردەمانێک راگەیاندنەکانو میدیا پشتیوانی هێزی جبەخانەکان بوون، بەڵام لەئێستادا دەکرێ بڵێین هاوکێشەکە بەپێچەوانەیەو ئەوە میدیاو راگەیاندنەکانن وەک هێزی یەکەم رۆڵیان هەیەو دەکرێ بڵێین جبەخانەکانو تۆپخانەکان پشتیوانی هێزی میدیان. کەتورکیاو کەناڵە تورکییەکان فیلمێکی وەک بێریڤان دروستدەکەن، راست کوردو کلتووری کوردو بزووتنەوەی کوردیان کردووە بەنیشانە، بەڵام بەڕێوەبەرانی کەناڵ ٤ یان ئەوەیە نازانن کەئەم کارەی ئەوان لەبەرژەوەندی ئەو سیاسەتەی رژیمی تورکیادایە، یان دەیانەوێ نەزانن کەخەریکن سیاسەتی تورکیا لەکەناڵێکی کوردییەوە پێڕەودەکەنو جێبەجێیدەکەن. لێرەدایە دەبێت ئەوان بەخۆیاندا بچنەوە، بەڵام تا ئێستاش سەرەڕای ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو هەر سوورن لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆیانو لەپڕوپاگەندەکانیشیاندا بۆ ئەم فیلمە دەڵێن "بێریڤان درامایەکی سەرنجراکێش". بەڕاست ئەو بینەرە کوردەی دادەنیشێت بەتاموچێژەوە تەماشای ئەم درامایە دەکاتو هیچ پرسیارێک لەخۆی ناکات بەرانبەر بەناوەڕۆکی ئەم فیلمە، بینەرێکی ساویلکەیە، چون خەریکە سووکایەتی پێدەکرێو ئەو بێدەنگە.

بۆ بەر بەبڵاوبوونەوەی درامایەک دەگیردرێ لەکەناڵی کوردسات بەوەی کەسووکایەتی تێدایە بەباوەڕی بەشێک لەخەڵک، هەر بەوەی کەزۆرینەی کۆمەڵگەن، بەڵام ئەو کاتەی سووکایەتی بەنەتەوەیەک بەهەموو ئایینو باوەڕێک دەکرێت کەس ئامادە نییە بڵێت دەبێت بەری پێبگیردرێ. من بەهەموو شێوەیەک دژ بەسانسۆرم، بەڵام لام وانییە بەرگرتن بەوەی دەبێت بەر بە بڵاوبوونەوەی ئەم کەناڵە بگیردرێت، بەرگرتن بێت بەئازادی، بەڵکو راست بەرگرتنە بەوەی کەفیکری دژە ئازادی گەشەی پێنەدرێتو لەبەرژەوەندی ئازادیدایە. ئەگەر سیاسەتی پانتورکیزمو ئاتاتورکیزم لەکوردستاندا تەشەنەی پێبدرێت، کوێی ئازادییە؟ جارێکیتر دەیڵێمەوە دەبێت هەوڵبدرێ بەر بەبڵاوبوونەوەی ئەم درامایە بگیردرێو هیچ دانوستانێکیش رێگر نەبێت لەبەردەم ئەم بڕیارەدا.

## ئارمی کەناڵ ٤

ئەو ئارمەی کەناڵ چوار هەڵیبژاردووە وەک لۆگۆو ئارمی خۆی، ئەو پەڕۆ سوورەی کەهەموو جار بەسەر قەڵای هەولێردا دێتو دەچێت، بێئەوەی بەخۆم بێت، دەمخاتەوە یادی ئاڵای تورکیا، ئەو ئاڵایەی کەدەزانین لەسێبەریداو لەپێناوی پاراستنیدا چەن تاوان بەرانبەر بەکورد رەوا بینراوە. هەر جارەش کەنیشاندەدرێت، هەستدەکەم ئاڵای تورکیا بەسەر قەڵای هەولێر، یەکێک لەکۆنترین شوێنەوارەکانی شارستانیەتی کورددا دەکێشرێت، ئاخۆ بەرپرسانی کەناڵ ٤ هیچ لۆگۆو ئارمێکی تریان نەدەتوانی هەڵبژێرن جگە لەلۆگۆو ئارمێک کەوەک ئاڵای وڵاتێکی داگیرکەری کوردستان دەچێت؟ یان هەڵبژاردنی ئەو لۆگۆیە چی لەپشتەوەیە؟ کاڵفامی سیاسی یان مامەڵەی سیاسی؟

# چارەنووسی تاپۆکان



سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە

ریزێک داری چڕوپڕ، زۆر سەیرو سەمەرە تێکئالاون. لەناو چوارچێوەی چاوم، بایەک، نەزۆر توند، دەیان شەکێنێتەوە. بێئەوەی بەدەست خۆم بێ، دەڕوانمە نوکی بەرزترین لقەکان، تیشک لەسەریان هەڵنیشتووە. دیسان بێئەوەی بەدەست خۆم بێ، چاوێکم دەقووچێنم . دەبێ دار چنار بن، هەرچەند ئەگەر داری دیش بن گرنگ نییە. (شا ئەو گووەی خواردم!) دایکم وەک هەمیشە دەیهەوێ بەرەنگارمبێتەوە: کێ ئەو شتە قۆڕەی خستووەتە کەللەتەوە، ئەو ماڵە گەورەیە چییەتی؟! ئەودیوە نادیوەکەی کە، شا ئەو حەوشە زەبەلاحە! کێ بەربینگی پێگرتووی، (ئیستێک دەکا) واهەر نییە، حەتمەن شتێکت لەژێر سەردایە . بۆ دەرس خوێندنو موتاڵا دەچم، هەرمن نیم، کوڕەکان زۆربەیان دێن. پێش ئەوەی بگەیتە دارەکان، دەبوایە لەبەرزاییک وەسەرکەوی، لەڕاستیدا ئەو بەرزییە دوو تایبەتمەندی بەخشیبووە شوینەکە، یەکەم، لەباقی شاری جیاکردبۆوەو خودا دایناببوو بۆ خوێندنەوەو تێفکرین، دوەمیش حاڵەتێکی وای لەبنیادەمدا دروستدەکرد تووشی ترسو خۆفێکی سەیر بێ. من چەند جار تاسەر بڵیندایەکە چووبووم، بەڵام خۆف چەقو چۆی خستبووە دڵمەوەو زاتم نەکردبوو داگەڕێم بۆ خوارێ. تێکشکاو گەڕابوومەوە، بەڵام بەرخ تاسەرلەبن سەوەتەدا نامێنێ، ئاخرێکەی رۆژێک بڕیارمداو لەکاتێکا بۆ خۆشم سەرم سووڕمابوو، یەکبین لەبەرزاییەکە وەسەر کەوتم، کتێبەکانم بەسنگمەوەنابوو، بەری دەستەکانم ئارەقەیان کردبوو. شەوێ باران باری بوو، عەرزەکەی قوڕ کردبوو، جارجار کەوشەکانم لەناوقوڕدا بەجێ دەما، بەحەلوادەچوومو لەبەرم دەکردەوە. دیسان تێهەڵدەچوومەوە. لەزەتێکی سەیرم هەست پێدەکرد. دەتوت بەگەیشتن بەو درەختانە هەرچی ئاواتێک هەمە، دەستەبەر دەبێ. بەڵێ من چووم، بەڵام بڕوابکەن هەستدەکەم شتێکی زۆر گرنگم لەبیرچووە. هەرچەند بیرمکردەوە نەمزانی چییە، تەنیا جارێک نەبێ گومان دزەی کردبووە دڵمەوە، ئەو کاتەی بەهەڵەداوان دادەگەڕام، گورج ئاوڕێکم دایەوە، هەستمکرد تاپۆیەکم وەبەر چاو هات، دروست لەسەر نوچکی بەرزاییەکە راوەستابوو. نازانم بۆ تەزوویەک بەگیانمدا هات. قەڵافەتی زۆر وەک هیی... ئای چەندە منداڵانە بیرمدەکردەوە. بەڵام قەی چێکا، مەگەر ئەوە عەیبە؟! کوڕە چش... نەسیمێکی فێنک خۆی دەخزێنێتە بن باغەڵم، دەست بەبن باڵمەوە دەگرێ. دەڵێی دەیهەوێ بەحەوام خا . بن دارەکان باران زۆر زەفەری پێ نەبردبوو، بەحاڵ پەڵەپەڵەی تەڕت دەدۆزیەوە، چ بگا بەقوڕایی. بەڵام لەو سەرنجراکێشتر شتێکی دی بوو. دەتوت مەیدانی شەڕی مەغلووبەیە، هەموو دەورووبەر پڕبوو لەشڕوشیتاڵ، بەڕاستی دیمەنێکی سەیروسەمەرەبوو، لاپەڕەی دڕاوو کتێبی سەقەت، لەتوپەت، وڵاتی داپۆشیبوو، دەتوت بەدەستی ئانقەست ئەو لاپەڕانەی وێنەی تێدا بووە، زیاتر هێرشی کرابووەسەر، تەنانەت کارگەیبوو بەورد، وردجنین. دەتوت بەکوتەک لەسەریان داوم، هەر وا گێژوویژ بەدەوری خۆمدا دەخولامەوە، هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی بڕوابکەم ئێرە هەمان جێگای ئاواتە لەمێژینەکانم بێ. بای دڕ بەناوپۆلی وردەکاغەزدا دەسووڕاوە، گێژ، راوەدووی دەنان، قوڵپی گریان گەرووی گرت بوو، ئایا دەبوایە حەق بدەم بەدایکم کەقوژبنێکی حەوشەکەمانی بەدونیا نەدەگۆڕیوە . ئەی بۆ هیچ کام لەکوڕەکان قەت باسیان نەکردووە؟! تەنانەت دوێنێ رەحیمو عەلی هاتبوون، چەندە بەتامەزرۆیی بیرەوەری ئێرەیان دەگێڕاوە، هێندەیان شۆخی پێکردم نەبێتەوە. لەگەڵ شیمی خوێندن، چێشتیش بۆ دایکت لێدەنێی. زیستی گیایی، بەخودا بابەتی کاتی دۆڵمەلێنانە، ئای چەندە پێکەنین، ئێستاش دیمەنی چاوە فرمێسک تێ زاوەکەیان لەبەر چاومە، منی گێل پێموابوو بەهۆی شادیو پێکەنینی زۆرەوەیە. ئەگەر بتوانم لەدار چنارەکان تێپەڕیم، شایەد جیهانێکی نوێ بدۆزمەوە، ئێستا ئێرە ئیتربوو بەشوێنێکی نفرین کراو، دڵنیام خوادا غەزەبی لێگرتووە. (راستە، باشی تێگەیشتووی) ئەوە دەنگی کێ بوو؟ چەندە بێ هەستو ساردوسڕ بوو. لەرۆحی ئینسان کاری دەکرد. تاپۆکە؟! "خێرا ئاوڕدەدەیەوە بۆ لای بەرزایی، بەڵام هیچ شتێ بەدی ناکەی . دەوروبەرت وەک جەندهمی لێهاتووە ، بادەوەو تۆفانێکی سەیر هەڵیکردووە، هێندە بەقەوەتە خەریکە کەللە سەرت لێکاتەوە، هەمیشەی خودا ئاوادەست پێدەکا: ( دڵنیام هەوەڵ جارە شتی ئاوا ببینی، بەڵام لەکتێبدا خوێندوتەتەوە، لەفیلمیشدا زۆرت دیوە). لەپێش هەموو شتێکدا، سەرت لێ دەماسێ، لیکت دێتەخوارێ، دەبێ دایمە خۆت بخورێنی، دەڵێی شتێک کەوتووەتە کەوڵتەوە، دوای ئەوە ئازای ئەندامت زیپکە دەکا، سوور، زەرد. بۆ دەتوانی دەستیان بۆ بەری! ئامان! نەکەی! ئارامو قەرارت لێهەڵدەگرن . دەستو پەلیشت وردەوردە دەیگرێتەوە. برژانەوەو کاوەکاوی هەرخەریکە شێتت کا. هەر وەک ئەوە وایە دەرزی ئاژنت کەن. بەڵام ئەوانە هەرچەندیش جێگای مەترسی بن، نابێ تۆ لەهەڵوێستەکەت پاشگەزبێوە. دەزانی دەبێ کتێبەکانت بپارێزی، توند بەسنگتەوەیان دەنێی. وەک فەنەرێک کەدەرپەڕیبێ، دڕبە تۆفان ئەدەیوو ئەچیتە پێش. (ئەرێ ئەو دیمەنەت لەچ فیلمێکدا دیوە؟!) تەواو خوار بووتەتەوە، ئەگەر هەروا درێژەی ببێ، ئاخرێکەی دەمت لەقوڕ دەچەقێ. حەیف کەوشەکانت هەو نیین. لەپڕ هەموو شتێ رادەوەستێ، خەبەرێ لەباو ترو تەوێڵەکەی نییە. بەزەحمەت خۆت راستدەکەیەوە، سەرت لەو بێ دەنگییە کوتوپڕ سووڕماوە. هەوڵدەدەی کەوشەکانت لەناو قوڕ بێنێ دەرێ، دەبیستی دەنگێکی گڕوناخۆش وردەوردە پەرەدەستێنێ، کاتێکی زۆری پێدەچێ تێبگەی لێی. هەوەڵەکەی بۆت نەدەچۆوە سەر یەک، کەچی دوایی بەڕاستی پەشۆکایو ترسێکی خەست ئاودیوی دەروونت بوو. بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە تێدەگەی ئەوەی بیستووتە، نەک دەنگی مرۆڤ، بەڵکو دەنگی دارستانەکەیە (بەدەست خۆم نییە، پێکەنینم دێ، دەزانی تەواوبوو بەفانتێزی). پەلوپۆی دارەکان بەحاڵەتێکی هەڕەشەئامێز لەفەزادا دێنو دەچن . تەکان دەخۆن، وەک رمێکی ژەهراوی دەیانەوێ لەسنگی هەر مزاحمێک رۆبچن، لەکاری بخەن. نوکی لقەکان ئیتر تیشکی پێوەنییە، تووڕەیی لێوەدەچۆڕێ. لقەکان تانزیک سەرت دێنەپێش . تۆش دۆش داماوی. " بۆکوێ رشکن؟! دەمەویست یەک بەخۆم بقیژێنم، کەچی ئەوەی لەگەرووم هاتەدەر، تەنیا نووزەیەکی خەفەو تێکشکاو بوو، دەنگی قرچەی غوروورم بەباشی هەست پێکردبوو. پێویست نەبوو خۆم فریودەم، من ئەو کوڕەی جاران نەبووم. هەمووحەولی خۆمدا دڵنیایی بەدەنگمەوە دیار بێ . (هەرچەند دەستکرد) کۆی کەمەوە، گوڵۆڵەی کەم، ئاگرین، بیگرمە سەروسیمایان. بەڵام جەخار ... شوکور بۆ خواکەڕیش بووە. (گرینگ نییە کوڕەکەی پێشووبێ، هەر ئەوەندە بزانە ناوی فیلمەکە "پاشای حەلقەکان" بوو. لەگەڵ ئەو رایەشت دانیم کەئەوەی قەوماوە فانتێزییە، ئەوباسە زۆر پێچەڵاو پووچە، بەتەنیا بوونی شتێک یان رووداوێکی فانتێزی ناتوانێ بەو بڕیارمان بگەیەنێ لەناو جیهانێکی فانتێزیکدا ...) بەسە ...بەسە، (دوای بێ دەنگییەکی دوورو درێژ) بەدڵنیاییەوە: من دەمهەوێ لێرا دەرس بخوێنم. لەماڵێ بۆم ناکرێ، هەمیشە پێم خۆش بووە لەجیگایەکی پڕ دارودرەخت، لەژێر سێبەر، فێنک، موتاڵا بکەم. لەمێژە ئێرام لەژێر سەردابوو، بەڵام هەمیشە لەمپەرێک پێشی دەگرتم، تائەم جار بەهەرچەرمەسەری یەک بوو خۆم گەیاندێ، کەچی ئێستا ... حەقت نییە پیاو خراپمان کەی! ئێمە دیمەنو رووداوی وامان دیوە هەر بۆ باسکردن نابێ. لەپێشدا هەموویان وەک تۆ ئاوا کتێبەکانیان هێنابوو، بەسنگیانەوە نووساندبوو، شەرمو ترس ئاوێتەی روانینو ئاکاریان بوو، هێندە دەستو پێ سپیو ساویلکە دەیان نواند، پیاو بەزەیی پێیاندا دەهات. بەڵام ئەوە زۆری نەخایەند، وردەوردە گۆڕانیان بەسەردادەهات، لەپێشدا نیگاو روانینیان . ئیتر منداڵیو بێ گوناهیت نەئەدی لەناو چاویان، یەکڕاست گوناهو تووڕەیی زنەی دەکرد. بڵاوئەبۆوە لەناو رەگە گەورەو بچوکەکانیاندا، گەرمی دادێنان، لەپڕ چاویان سوور هەڵدەگەڕا، ئاوقای یەکتری دەبوون. هەمووشتێک دەشێوا. داریان بەسەر بەردەوە نەدەهێشت. کتیبەکانیان دەخستە ژێر چۆکیان، ئیلاقەی یەکتریان دەکرد. لەو کاتەدا لیکیان دەهاتە خواری، هاواریان ئەکردو بەمست لەسنگیان دەکوتا. ئەگەر دەرمان نەکردایەن پەندو کارەساتێکیان دەقەوماند سەیر. بۆی هەبوو یەکتریش بکووژن. (تۆ خەریکە کرمێ بی، زیپکەکانت دەخورێ، هەر ئەوەندەیە شێت نابی). " تۆ کتێبەکانت داناوەتە عەرزی، لەسەر تەڕایی پەڵەپەڵەی ژێر دارەکان. بۆنی نمو تەڕایی هەڵدەلووشی، کار لەپێستو ئێسقانت دەکا. لەمێشکت؟! دەزانی ئیتر ئێرا بەکەڵکی تۆنایە، دەزانی لەم رووەوە بۆ تۆ گرینگ تێپەڕبوونە بۆ ئەو دیو دارەکان، ئەو جێگایەی دارەکان لێی بێخەبەرنو منداڵەکانیش پێی نەگەیشتوون. " (ئایا واچاکە بەسەریاندا بقیژێنم: ئێوە چۆن دڵتان هات ... ئەوان تەنیا منداڵ بوون. تەنانەت نەیاندەزانی چلون لەداوی چارەنووس خۆیان رزگارکەن. چۆن کاری واتان کرد لەگەڵیان. چۆن دڵتان هات ..) هەمیشەی خودا لیکت شۆڕبۆتەوە، بەردەوام خۆت دەخورێنی، دەڵێی ئۆقرەت لێهەڵگیراوە، هەر ئەوەندەیە شێت نابی.

# ئاوەها پاییزاوین ئێمە!

ئازاد بەهین

پاییز رازی وەرینەو وەرین رازی خەزان. پاییز رازی فەنابوونو گلۆربوونەوەیە. گلۆربوونەوە تا دەمدەمای مەرگ. تا ئەو کاتەی کەئیتر ئینسان تێدەگا ژیان تراژیدیایەکە. وەهمێکەو زادەی خەیاڵ. جیهانێکی رۆمانسییە لێوان لێوە لەپێ نەگەیشتن. پاییز پەیامی زەرد هەڵگەڕانە. پەیامی بەسەرچوونی رەنگامەییەکان. ئێمە دانیشتووانی گۆشەیەک لەرۆژهەڵاتی ناوین، بەهارێک بەدی ناکەین تا شکۆفەیی بوونمان حەتمی بکاتەوە. وەرزێک نابینین ناوی بنێین نوێبوونەوەی ساڵو هاتنەوەی بۆنو بەرامەی بەهار. وەرزێک بوونی نییە تا بانگەشەی پاییزاوی بوونمان وەدرۆبخاتەوە. ئێمە شارۆمەندانی هەرێمی چوار وەرز سەیر پاییزاوین سەیر. سەیر دەوەرین بەرەو ئەبەدییەتێکی نادیار. ئێمە دانیشتووانی بێ بەهاری گۆشەیەک لەرۆژهەڵاتی ناوین ئاوەها پەرتەوازەی ئەم گیتییە دەبین. راستی پاییز بۆ وا هۆگری ئێمە بووە. یان رەنگە هەڵە بکەم ئێمە هۆگری ئەم وەرزە بووبێتین. هەر لەدێرزەمانەوە. کەدەڵێم دێر زەمان لێی گەڕێن! نە چارەی منەو نە تۆ. نە ئێمە تاوانبارینو نە ئەوان. من دەڵێم پاییز رازی وەرینە وەرین. رازی گلۆربوونەوە. گلۆربوونەوە تا کوێ؟! ئەوە چ ساتێک لەژیانە کەناوی دەنێین گلۆربوونەوەو فەنابوون! دەبێ ساتێک بێ مارەکراو لەتراژیدیاو مەستبوو بەوەهمو تەماوی بەخەیاڵ.

پاییز هاتووە. پەنجەرەی یەکە یەکەمانی کوتاوەو تۆزو گەردی لێ تەکاندووەوو پەژاندوویە بەسەرو چاومانا. سەری بەهەموو ماڵەکانماندا کردووە. تا لەوەرینو فەنابوون دڵنیامانبکاتەوە. تا پاییزیی خۆیمان پێ بسەلمێنێ. چ پاییزێک! پاییزی نەخشاو بەهەناسە ساردیو کلۆڵی. پاییزی رامانو سەرئەنجام چاوەڕوانیو دووبارە هێندە چاوەڕوانی. بەڵام ئێمە دانیشتووانی ئەم هەرێمە نە پەنجەرەیەکمان هەیە تا بیکوتێو نە ماڵێک بەدی دەکرێ تا خۆی پیا بکات. من دەڵێم ئێمە بووینەتە میوانی ئەبەدی پاییز ئێمە. هەر لەدێر زەمانەوە. ئێمە گەورە کوڕانو گەورە کچانی ئەم هەرێمە تێکەڵی هەموو چەشنە لەپاییزییەکانین. هەموو زەردییەکانو هەموو وەرینەکان. لەگەڵ یەکە یەکەی هەناسە ساردییەکان راهاتووین. خوومان پێ گرتووە خوو. مەحاڵە بتوانین لێی دابڕێین. لەنیشتمانی ئێمەدا دەبێ رابێین بەهێماکانی ئەم پاییزەو بێ دەنگیو زەردی لەخۆمان نەتەکێنین. لێرە واتای رۆژ بێ دەنگیو کارە. ئێمە گەورە کوڕانو گەورە کچانی بێ دەنگیو کارین. عەشق لەم وڵاتە ئێجگار دوورە. ئێمە گەورە کوڕانو گەورە کچانی عەشقی ئێجگار دوورین. کەدەڵێم دوور سنوور مەناسە سنوور.

لەم نیشتمانەدا بەهارێک لەئارادا نییە تا بۆنو بەرامەی یەخەمان بگرێت. بۆنو بەرامەیەک بوونی نییە تا زەردیو پاییزییمان لێ بتەکێنێ. ئێمە دانیشتووانی بێ بەهاری گۆشەیەک لەرۆژهەڵاتی ناوین، هەردەم لەچاوەڕوانیداین. بەڵام چاوەڕوانی چی! چاوەڕوانی "کۆتایی ئەم وەرزەو هاتنی وەرزێکی تر"! یان چاوەڕوانی "ئەم پاییزەو هاتنی پاییزێکی تر"؟! لەسەرتاسەری ئێرەدا (ئێرە دەبێ کوێ بێ) جیا لەبێ دەنگیو هەژاری هیچ شتێکی تر حوکم ناکات نا. کەدەڵێم بێ دەنگیو هەژاری تۆ بخوێنەرەوە زەردیو وەرین. ببینە فەنابوونو گلۆربوونەوە. دەبێ پەنجەرەو دەرگای یەکە یەکەمان ئاوەڵاکرێتو با پاییز چەن دەخوازێ ببێتە میوانمان. با چەند دەخوازی تۆزو گەرد بپرژێنی بەسەرو چاومانا. ئێمە گەورە کوڕانو گەورە کچانی تۆزو گەردین با چەند دەخوازێ تەماویمان بکات لەجوانیو مەستمان بکات بەوەهمو ناباوەڕی. با چەند حەزدەکا گلۆرمانبکاتەوە بەرەو کۆتایی. تا ئەو کاتەی یاسی یاس دەبێ هەروەک جاران.

ئەوان (نە ئێمە) لەئێمە ناچن نا. ئەوان دانیشتووانی بەهارنو بەبۆنو بەرامەی بەهار سەرمەستن. پاییزێک نییە بیان وەرێنێو گلۆریانبکاتەوە تا دەمدەمای مەرگ. ئەوان هێندە بەهاراوین لەرازەکانی ئەم پاییزە ناگەن نا. بەڵام ئێمە دانیشتووانی بێ بەهاری گۆشەیەک لەرۆژهەڵاتی ناوین، ئەوەندە پاییزاوین کەحەقیقەتێک شاراوە نییە لێمان. تراژیدیایەک نییە پێی ئاشنا نەبین. ئێمە ئاوەها پاییزاوین ئاوەها!.



دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# ئەزهەر پێشنیازەکانی قەشەیەک بۆ دەستکاریکردنی قورئان رەتدەکاتەوە




دەستوور

دامەزراوەی ئیسلامیی ئەزهەر لەقاهیرە بەتوندی هێرشیکردە سەر لێدوانی قەشەیەکی کاسۆلێکی میسری کەوتبووی پێویستە بەشێک لەئایەتەکانی قورئان لاببرێن. بیشوی سەرۆکی مەسیحییە قیبتییەکانی میسر وتی بەشێک لەئایەتەکانی قورئان لەگەڵ رۆحی ئاسمانیی ئەو پەرتوکە پیرۆزەدا ناتەبایەو ئەگەری ئەوەی دانا ئەو ئایەتانە لەدوای کۆچی پێغەمبەری موسڵمانان بۆ قورئان زیادکرابن.
هەروەها وتبووی پێویستە بەشێک لەئایەتەکانی قورئان لاببرێنو بسڕێنەوە.
ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەزهەر لەدوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد تەیب راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو وتەکانی ئەو قەشەیەی بەنابەرپرسیارانە وەسفکرد.
لەراگەیەنراوەکەدا هاتووە لێدوانی لەو شێوەیە زیان لەیەکێتیی نەتەوەیی میسر دەدات.
قەشە بیشوی پێشتریش لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندبوو بەشێک لەئایەتەکانی قورئان لەدوای کۆچی پێغەمبەری موسڵمانان لەلایەن خەلیفەی سێیەمی موسڵمانانەوە بۆ قورئان زیادکراوە.
ئەو بۆچوونەش دژی بڕوای موسڵمانانە کەپێیانوایە دەقی قورئان لە٢٣ ساڵداو لەلایەن جوبرەئیلەوە بۆ پێغەمبەری موسڵمانان نێردراوە.
لەراگەیەنراوەکەی ئەزهەردا ئاماژە بەوە دراوە ئەو وتانە لەچوارچێوەی دژایەتیی لەگەڵ ئیسلامو موسڵمانانو کلتوورو شارستانییەتی ئەوانە.
داوا لەقەشەکە کراوە لەوتەکانی پاشگەزبێتەوەو داوای لێبوردن بکات.
لای خۆیەوە قەشە بیشوی لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا وتەکانی ئەو پێچەوانە کراوەتەوەو بەهیچ شێوەیەک نەیویستووە سوکایەتی بەموسڵمانان بکات.
مەسیحییەکان لە١٠٪ هاووڵاتیانی میسر پێکدەهێننو لەساڵانی رابردوودا چەندانجار پێکدادانی خوێناویی ئایینی لەنێوان موسڵمانانو مەسیحییەکاندا روویداوە.

# ١٢٠٠ زەردەواڵە بەپیاوێکەوە دەدەن



دەستوور

لەویلایەتی تەکساسی ئەمریکا ١٢٠٠ زەردەواڵەی توڕە بەپیاوێکەوە دەدەنو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە لەمردن رزگاردەکرێت.
هەمشەهر ئۆنلاینی ئێرانی لەزاری تۆڕەکانی هەواڵی ئەمەریکاوە بڵاویکردەوە ئەو پیاوە بەنیازبووە بچێت بۆ ماڵی کوڕەکەیو لەرێگە تووشی ئەو کێشەیە بووە.
بەرپرسانی نەخۆشخانەی تەکساس رایانگەیاند کەچزووی ١٢٠٠ زەردەواڵەیان لەلوتو گوێچکەو ناودەمی ئەو پیاوە دەرهێناوەو ٦ رۆژی پێویستە بۆ ئەوەی چاکببێتەوە.

# فلیپین: پیاوێک بە ١٤٤٠٠ ساڵ زیندانی سزادەدرێت



دەستوور

دادگایەک لەفلیپین پیاوێکی خەڵکی ئەو وڵاتەی بەتۆمەتی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵەکەی بە١٤٤٠٠ ساڵ زیندانی سزادا.
رۆژنامەی قودسی عەرەبی بڵاویکردەوە ئەو پیاوە ٣٦٠ جار دەستدرێژیی سێکسیی کردووەتە سەر کچە ١٣ ساڵەکەیو دادگای فلیپین بۆ هەر رۆژێک لەدەستدرێژیکردن سزای ٤٠ ساڵ زیندانی دیاریکردووە.
لیژنەی باڵای دادوەرانی فلیپین رایگەیاند ئەو پیاوە بۆ ماوەی چەندان ساڵە لەزینداندایەو لەساڵی ٢٠٠٦ بڕیاربوو لەسێدارەبدرێت، بەڵام یاسای هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە لەفلیپین گرتییەوەو لەسێدارەنەدرا.
دوای ئەو سزا قورسە پارێزەری تاوانبارەکە داوای بەدواداچوونی زیاتری بۆ دۆسییەکە کرد، بەڵام دادگا لەبڕیارەکەی پاشگەزنەبووەوە.
لەساڵی ٢٠٠٦وە سزای لەسێدارەدان لەیاساکانی فلیپیندا لابراوە، بەڵام تاوانەکانی دزیو دەستدرێژیی سێکسی، سزای قورسیان بۆ دیاریکراوە، کەدەگاتە ٤٠ ساڵ زیندانی.

## کورەچییەکان لەپیشەکەیان بێزاربوون

# لەسلێمانی تەنیا دوانزە کورەی ئاسنگەری ماوە

مەعاز فەرحان

وەستا عوسمانی ٦٠ ساڵ، ماوەی ٤٩ ساڵە بەیانی هەموو رۆژێک کورەکەی گەرمدەکاتو بەچەکوش وەشاندنو سەرقاڵبوون بەدروستکردنی پاچو داس دروستکردنەوە ئێوارە دەکاتەوە.
وەستا عوسمان وتی "کاری کورەچییەتیم خۆشدەوێت، هەتا توانام هەبێت لەگەڵ ئەم ئیشەدا سەرقاڵدەبمو شانازیشی پێوەدەکەم".
وەستا عوسمان، کە لەناوئاگری کورەو چەکوش وەشاندندا سەروریشی سپیکردووە، دەڵێت کورەچییەتی خەریکە لەناودەچێت، چونکە نە خەڵکی دەوڵەمەندو نە حکومەت لایەک بەلای کورەچییەکاندا ناکەنەوە.
کورەچییەتی یەکێکە لەو پیشەسازییە میللیانەی دەیان ساڵە لەناو کورددا هەیەو ژمارەیەک لەخەڵک تائێستاش بژێویی ژیانی ماڵو منداڵیان بەکورەچییەتی دابیندەکەن، کورەچییەکان ئاماژە بەوە دەدەن بازاڕیان کزەو بەتەنیا خەڵکانی هەژارو گوندنشین روو لەکورەکانی ئەوان دەکەنو دەڵێن گەر وابڕوات بەتەواوەتی کورەچییەتی نامێنێت.
لەشاری سلێمانیدا کورەچییەتی یەکێک بووە لەپیشە بەناوبانگەکانو ژمارەیەکی زۆر کورە لەسلێمانیدا هەبوون، بەڵام ئێستا ژمارەی کورەکانی سلێمانی بەتەنیا دوانزە دانەن، کەکاری ئاسنگەری دەکەنو رۆژانە قەڵەمو چەکوشو نوێڵو داسو بێڵو خاکەناز بۆ جوتیارانو وەستای بیناسازی دروستدەکەن.
کورەچییەکانی سلێمانی لەبازاڕی وەسمان پاشا لەشاری سلێمانیو بەگوزەری ئاسنگەرەکاندا دابەشبوون.
وەستا عوسمان دەڵێت هەتا گوندەکان مابن، ئیشی ئەوان بەردەوامدەبێت، بەڵام گەر گوندەکان چۆڵبکرێن، بازاڕی ئەوانیش نامێنێت، وتی "بازاڕمان زۆر کزە، خەڵک نیو کاتژمێر مامەڵەدەکاتو شتەکەش ناکڕێت".
هونەر عومەر ٢٧ ساڵ، یەکێکی ترە لەکورەچییەکانو لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە کورەچییەتی دەکاتو بەیانی تا ئێوارە سەرقاڵی تیژکردنەوەی داسو تەورو خاکەنازە، هونەر وتی "هەتا بڵێیت نارەحەتە، ئیشەکەم خۆشدەوێت، بەڵام زۆرنارەحەتەو بۆ جەستە خراپە".
ئەو کورەچییە دەڵێت " ئێمە ئامێری بیناسازی وەک قەڵەمو چەکوشو نوێڵو ئامێری کشتوکاڵی وەک داسو بێڵو بێڵەکانو خاکەناز دروستدەکەین".
ئەوەشی وت بەهۆی ئەوەی ئێستا هەموو شتێک لەدەرەوەی وڵاتەوە دێتو خەریکە ئەم ئیشە لەناودەچێت، ئێستا خەڵک بێزاربووە لەم ئیشەو خەریکە کەس نامێنێت ئەو پیشەیە بکات.
بەرزان سدیقیش ١٢ ساڵە کورەچییەتی دەکات وتی "ئەم ئیشە خۆشیو ناخۆشی تێدایە، خۆشییەکەی ئەوەیە رزقێکی حەڵاڵ بەماندوبوونێکی زۆرەوە دەستماندەکەوێتو ناخۆشییەکەی ئەوەیە جارجارێک ئاگری کورەکە تاودەستێنێتو پرزی ئاگرمان بەردەکەوێت".
جاران کورە بەخەڵوز کاری پێدەکرا، بەڵام ئێستا بەکارەباو نەوتی رەش کورە گەرمدەکرێت، بەرزان سدیق وتی "ئێستا بەکارەبا ئیشدەکەینو رۆنی رەش بەکاردەهێنین، بەڵام جاران خەڵوزمان بەکاردەهێنا".



وەستا عومەر ماوەی پەنجا ساڵە سەرقاڵی کورەچییەتییەو بێزارە لەپیشەکەیو بەئاواتەوەیە رۆژێک بێت واز لەکورەچییەتی بهێنێت، وەستا عومەر لەکاتی تیژکردنی دەمی داسێکدا وتی "ئەم ئیشەم بەلاوە خۆش نییە، بەیانیان کەدێم دەرگای دوکانەکە دەکەمەوە، وادەزانم بۆ زیندانم دەبەن، چونکە هیچ حەوانەوەم نییە، چەوری بەرۆخسارمەوە نەماوەو هێزم لێبڕاوە".
ئەو وەستایەو زۆربەی کورەچییەکانی دیکە رەخنە لەحکومەت دەگرنو دەڵێن حکومەت ئێمەی لەبیرکردووە، وەستا عومەر بەنیگەرانییەوە وتی "حکومەت هیچ هاوکاری نەکردووم، ئەم ئیشە بەتەنیا بژێوی ژیانمان دابیندەکات، یەک دینار پاشەکەوتمان نییە".
"باشترە کورەچییەتی وەکو پیشەیەکو شوێنەوارێکی کوردەواری بمێنێتەوە، ئەگەر شتی باشتر لەکورەچییەتی پەیدابێت، ئاساییە گۆڕانکاری تێدا بکرێت" بەرزان وایوت.

لەمەڵپەڕی دەستوور نێت گەرماوگەرم هەواڵو گۆڕانکاریە نوێیەکان دەخوێنیتەوە
www.destur.net
ڕۆژانی هەموو دووشەممەیەک